

## بۆ چلەی شەهیدی پێشمەرگە
## عەمید دکتۆر رزگار

# شەهیدان سەروەر و سەربەرزن و ئامانجی گەل سەربەخۆیی کوردستانە

جارێکی دی بنەماڵەی سیوەیل نەوەیەکی زۆر بەئەمەك و دڵسۆزی بە ڕێبازی کوردایەتی بەخشی. بەرخۆدانە نەتەوەییەکەی ئەم بنەماڵەیە لە مێژووی دیاردا دەگەڕێتەوە بۆ دوانزە سوارەی مەریوان، کە مەحموود ئاغای شیوەکەڵ و حەمەڕەشیدئاغای نۆڕك و شەهیدە سەرکردە خۆنەویستەکان کاکە فەتاح و ئەندازیار کاکە عەبدوڵا هەڵگری پەیامی ڕەوای بیری نەتەوەیی بوون و بە کردار ئەوەیان سەلماند.
وا ئەمجارە نەوەیەکی دیکەی حەمەمین ئاغای زییە، ئەمجارە دکتۆری پێشمەرگە، یان پێشمەرگەی دکتۆر کاك ڕزگار لە کات و شوێنێکی جیاواز و بە شێوازێك کە تەنیا لە کەسێکی تامەزرۆی شەهادەت دەوەشایەوە، خۆی گەیاندە برا و هاوڕێ سەربەرزەکانی و بەمەش گەورەیی و سەربەرزی بۆ خۆی تۆمارکرد و دڵە شکاوەکەی خۆشەویستەکانی جارێکی دیکە بە سوێ هێنایەوە.
شەهیدێك دڵە پاك و ڕووە خۆشەکەی شادی هەژێنی خۆشەویستان بوو، جوامێری و خۆنەویستییەکەشی سەربەرزی نەخشاند.
شەهیدی فەرماندە عەمید دکتۆر ڕزگار هێندە عاشقی شەهادەت بوو، سنووری خەباتی لە باشووری کوردستان بەزاند و لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی ڕۆژانێك پارێزگاری لە کۆبانێ لە ڕۆژئاوای وڵاتەکەی دەکرد و ئەوانیش لە پرسەکەیدا خەم و پەژارەیان دایە پاڵ ئامادەبووانی خزمانی ڕۆژهەڵات و چین و توێژە جیاوازەکانی سەرتاسەری کوردستان. بەشداری بەرچاوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پرسەکەیدا یەکێتی و هاوخەمی هەموو کوردستانییانی دووپات کردەوە و مایەی سەبووری بوو بۆ کەسوکار و هاوڕێکانی و لە هەمان کاتدا پەیامێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ گرنگیی یەکڕیزی و یەکدەنگیی کوردستانییان لە پێناو سەربەخۆیی.
ئەو زاتە خۆنەویستە هەردەم ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی لا پەسەندتر بوو لە دکتۆری نەخۆشخانە، بۆیە لەگەڵ شەڕی داسەپاوی داعش، بۆ ئەوەی بتوانێ لە نزیکەوە فریای پێشمەرگە بریندارەکان بکەوێت، هەر لە کۆبانێ، شنگال، خازر، تا ڕۆژئاوا و خوارووی کەرکووك بە کۆڵە دەرمانەوە لە پێشەوەی میحوەرەکان هەمیشە ئامادە بوو.
شەهیدی پێشمەرگە عەمید دکتۆر رزگار، پیشە پزیشکییەکەی لە پەیامە پێشمەرگایەتییەکەی کەم نەکردبووەوە و وەك هەر پێشمەرگەیەکی لێبووردوو هەردەم بە چەکەوە لە بەرەکانی پێشەوە لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی

وێنەکە لە ڕاستەوە: شەهیدی سەرکردە کاکە فەتاح ئاغا، شەهیدی فەرمانده دکتۆر رزگار و شەهیدی سەرکردە ئەندازیار عەبدوڵڵا ئاغا



ئامادە بوو، لە یەکێك لە بەرەکان بەشداری لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی پێشمەرگەیەکی بریندار کرد، ئەمەش نموونەیەك بوو لەو چەندین جارەی کە ژیانی خۆی خستبووە مەترسییەوە، بۆ ئەوەی گیانی پێشمەرگەیەك ڕزگار بکات، فەرماندەکانی پێشمەرگە شایەتی ئازایەتی و جەربەزەیی ئەو شەهیدە دەدەن.
عەمید دکتۆر رزگار لە کاتی دەوامی ڕۆژانەی لە فەرماندەیی لەشکری کوردستان، هەرگیز مێزەکەی بە خۆی نەدەگرت و هەمیشە بە فایلی کەسانی خاوەن پێویستی کە زۆر گرنگ بوون لای، لە بەینی ژوورەکانی فەرمانگەکەی هاتوچۆی بوو، بۆ ئەوەی بە زووترین کات کارەکانیان ڕاپەڕێنێ . لە یەکێك لە سەردانەکانم بۆ لای لە فەرماندەیی، دوای ئەوەی لەگەڵ یەکێك لەو کەسانە بە فایلەوە لە ژوورەکەی چووە دەرەوە، هاوڕێیەکی بەڕێزی کە لەوکاتەدا لە ژوورەکەی ئامادە بوو، وتی: دکتۆر ڕزگار ئەگەر نەشتوانێ کارەکان بۆ کەسانێك جێبەجێ بکات، بە شێوازێك بەڕێیان دەکات، ئەو کەسە نەك هەر گلەیی نابێت، بەڵکو سوپاسگوزاریش دەبێت.
لە سۆشیال میدیا هەندێك وای لەبارەوە دەنووسن: «چۆن لە دوای تۆ جارێکی دی بچمە فەرماندەیی، یان چۆن دڵم بڕوای دێ بچمە هەولێر..».

شەهیدی پێشمەرگە عەمید دکتۆر رزگار پرسەکەی کەرنەڤاڵی ماتەمینیی کوردستانییان بوو بۆ ڕۆڵە و جوامێرێکی بەئەمەکی بیری پاکی نەتەوەیی، هاوخەمی هەموو چین و توێژ و لایەنە سیاسییەکان بوو بە جیاوازی بیروبۆچوونیانەوە، پەیامی ئاشکرای یەك پرس و یەك ئامانجی نەتەوەیی بوو بۆ لێبووردەیی و یەکڕیزی هەموو لایەك بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزەی کە شەهیدانی خۆنەویست و سەربەرز لەپێناویدا گیانی پیرۆزیان بەخشی، کە سەربەخۆیی کوردستانە.
لەم ڕۆژانەدا ڕێوڕەسمی چلەی شەهیدی فەرماندە عەمید دکتۆر ڕزگار حەمەمین ئاغا لە هەولێر بەڕێوە دەچێت. لە ڕۆژەدا یادی سەروەرییەکانی ئەو شەهیدە و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بەرز و پیرۆز ڕادەگرین و هیواخوازین یادکردنەوەی شەهیدانمان ببێتە هەوێنی یەکڕیزی و یەکبوون و یەکگرتن و یەکخستنی ناوماڵی کورد و بە جاڕدانی سەربەخۆیی و دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان بتوانین ڕۆحی بەرزەفڕیان شاد بکەین.

سالار حەمەمین ئاغا، برا و هاوڕێی شەهید.

# کودەتا فاشیلەکەی تورکیا

شەوی هەینی رابردوو گرووپێک لە ئەفسەرانی سوپای تورکیا هەوڵی کودەتایەکیان بۆ رووخاندنی حکومەتی تورکیا ئەنجامدا، لەم هەوڵەدا کە فرۆکەی هەلیکۆپتەر و تانك و چەکی قورسی تێدا بەکارهات، بووە هۆکاری ئەوەی بۆ چەند کاتژمێرێك ئاڵۆزییەکی گەورە لە تورکیا بەگشتی و لە ئەنکەرە و ئەستەنبوڵ بەتایبەتی دروست بێت. بەڵام کودەتاکە لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا شکستی پێهێنرا و جارێکی دیکە ئەردۆگان و حکومەتی تورکیا جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەوەدەست.

لە مێژووی کۆماری تورکیای نوێدا، ئەنجامدانی کودەتا یەکێك بووە لە دیاردە دیارەکانی سیستمی حوکمڕانیی تورکیا و پێش ئەم کودەتایەش چوار کودەتای دیکەی خوێناوی روویانداوە، بەڵام جیاوازیی نێوان ئەو چوار کودەتایەی پێشوو و ئەوەی چەند رۆژی رابردوو ئەوە بووە، کە کودەتاکانی پێشتر لەلایەن هەموو سوپاوە، نەك گرووپێك ئەفسەر ئەنجامدراون و لە هەمانکاتدا جەماوەریش پشتگیری کودەتاکانی سوپای کردووە و دەستێوەردانی سوپایان بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی بە پێویست زانیوە، بەڵام ئەمجارەیان ئەم کودەتایە دەستێوەردانی سوپا نەبوو لە پرۆسەی سیاسی، بەڵکو یاخیبوونی کۆمەڵێك ئەفسەر بوو کە دەیانویست تۆڵە لە ئەردۆگان و حکومەتەکەی ئاك پارتی بکەنەوە، تەنانەت ئەو بەیانەی ئەو گروپە ئەفسەرە کودەتاچییە ئامادەیان کردبوو بۆ ئەوەی سەرکەوتنی کودەتاکەیان رابگەیەنن، لەلایەن سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیاوە رەتکرایەوە کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بیخوێنێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمجارەیان سوپا بەشێك نەبووە لە کودەتاکە و بەپێچەوانەوە سوپا لەسەر ئاستی هێزی زەمینی و ئاسمانی لە ژێر فەرمانی حکومەتدا بووە و فەرمانەکانی حکومەتی جێبەجێکردووە و هەر لە رێگەی هێزی ئاسمانیشەوە ئەو هەلیکۆپتەرانە خرانە خوارەوە کە لە ئاسمانی ئەنکەرە بەدەستی کودەتاچییەکان دەسووڕانەوە و کۆشکی سەرۆکایەتی و بینایەی پەرلەمانی تورکیایان بۆردومان دەکرد.

لایەنێکی دیکە کە لەم کودەتا فاشیلەدا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە هەموو حزبە سیاسییەکانی تورکیا بەوانەشی کە ئۆپۆزسیۆنێکی سەرسەختی پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدارن، هەر هەموویان دژی کودەتاکە هەڵوێستی خۆیان پیشاندا و رایانگەیاند لەگەڵ ئەوەی ئەوان ئۆپۆزسیۆنی دژی حوکمڕانیی پارتی دادو گەشەپێدانن، بەڵام دەیانەوێت گۆڕانکاری لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە ئەنجامبدرێت، نەك بە کودەتای سەربازی، ئەمەش مانای ئەوەیە سوپا و حزبە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا، هێندە ئازار و نەهامەتی و ناسەقامگیرییان لە ئاکامی کودەتاکانی پێشووتر بینیوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی رەخنە و گازندەشیان لە سەر حوکمڕانیی ئەردۆگان و پارتی دادوگەشەپێدانیش هەیە، بەڵام نەبوونە لایەنگری کودەتای سەربازی و گەڕانەوەی تورکیا بۆ حوکمڕانی عەسکەرتاری، ئەم هەڵوێستە، هەڵوێستی هەدەپەش بوو، کە زۆر بە ئاشکرا دژی ئەو هەوڵەی کودەتا هەڵوێستی خۆی راگەیاند، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی راوەستاوە و لە ناوچە کوردییەکانی باکووریش شەڕ و پێکدادان هەیە و سوپا بارودۆخێکی نائاسایی دروست کردووە، بەڵام کوردیش هێندە ئازاری لە دەستی کودەتاکان بینیوە، بۆیە ناخوازێت جارێکی دیکە کودەتا سەرکەوتوو بێت و تورکیا بگەڕێتەوە بۆ حوکمڕانیی ژێردەستی ژەنەڕاڵەکانی سوپا.

دیارە سەرکۆنەکردنی کودەتا فاشیلەکەی چەند رۆژی رابردووی تورکیا، بەو مانایە نییە کە حوکمڕانی ئەردۆگان و پارتی دادوگەشەپێدان، حوکمڕانییەکی تا ئەو پەڕی دیموکراتی بووە و تورکیا لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی، هیچ کێشە و گرفتێکی نەبووە، بەڵکو ئەم سەرکۆنەکردنە فراوانەی کودەتای سەربازی، لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کودەتاکردن بە سەر حوکمڕانییەکی مەدەنی و گۆڕینی بۆ حوکمڕانییەکی سەربازی کارەسات و ناسەقامگیری گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆ ئێمەی کوردیش کە بەشە گەورەکەی کوردستان لە تورکیایە، هێندەی دیکە کێشەکەی دێتەدواوە، بەتایبەتی کە لە ماوەی

حوکمڕانی پارتی دادوگەشەپێدان وەرچەرخانێکی گەورە بە سەر دۆزی کورد لە تورکیا هاتووە و بۆ یەکەمجارە کورد بووە خاوەنی کوتلەیەکی پەرلەمانی کە ژمارەی ٨٠ کورسی بوو، بەڵام بەهۆی سیاسەتی هەڵەی هەدەپە و کاریگەرییەکانی پەکەکە لەسەر سیاسەتی هەدەپە لە هەڵبژاردنەوەی پێشوەختی تورکیادا بەداخەوە ئەم ڕێژەیە دابەزی بۆ ٦٠ کورسی، کە دەتوانین بڵێین کورد لەناو پرۆسەی سیاسیی تورکیا پێگەیەکی دیاری هەیە و ئەگەر بە باشی ئەو پێگەیە بقۆزنەوە، دەتوانن کاریگەریی زیاتریشیان هەبێت. بەڵام ئەگەر کودەتاچییەکان سەربکەوتنایە ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە سوپا لەگەڵ ئەوە نییە کورد بە هیچ جۆرێك بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی تورکیا بکات، لەمەش زیاتر سوپا ڕێگە نادات کوتلەیەکی کوردی لە ناو پەرلەمانی تورکیا بوونی هەبێت. بۆیە ئەگەر پارتی دادوگەشەپێدان لە سیاسەتی کرانەوە پاشەکشەی نەکردایە و هەدەپەش نەکەوتایە ژێرکاریگەری سیاسەتی پەکەکە کە لە قەندیلەوە ئاراستەیان دەکات، ئێستا ئەو شەڕ و کاولکارییە لە شارەکانی باکوور بوونی نەدەبوو، لە هەمانکاتدا دۆزی کوردیش لە تورکیا زیاتر دەچووە پێشەوە و دەبووە فاکتەرێکی گرنگیش بۆ سەقامگیری ناوخۆی تورکیا و بووژانەوەی کوردستانی تورکیاش.

لەناو ئەم سەرکۆنەکردنە فراوانەی کودەتای سەربازییەکەی تورکیا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەڵام لە هەندێك شوێن ئاهەنگ بۆ ئەنجامدانی ئەم کودەتایە گێڕا، ئەو شوێنانەش یەکەمیان دیمەشقی ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و لە باشووری کوردستانیش لە هەندێك ناوچەی ژێر دەسەڵاتی گۆڕان و یەکێتی بۆ دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاهەنگیان گێڕا.

دیارە خۆشحاڵی دیمەشق بۆ کودەتاکەی ئەنکەرە، بیانووی خۆی هەیە، لەبەر لە ساڵی ٢٠١١ـەوە کە ڕاپەڕینەکانی سووریا دەستی پێکردووە، تورکیا داوای ڕۆیشتنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دەکات، ئەم خۆشحاڵییەی ئەسەد بۆ ڕووخانی حکومەتی ئاك پارتی لە خۆشحاڵییەکەی سەدام حوسێن دەچێت بۆ دەرنەچوونەوەی جۆرج بوشی باوك لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٣، سەدام حوسێن دەرنەچوونەوەی جۆرج بوشی باوکی بە سەرکەوتن بۆ خۆی و ڕژێمەکەی لە قەڵەم دا، بەڵام ئەوەی لە سەردەمی هەردوو ئیدارەی کلینتۆن دژی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن پیادەکرا، زۆر لە سیاسەتی بوش دژی سەدام حوسێن خراپتر بوو.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردن و پێکەنینە، ئەو خۆشحاڵییەی هەندێك لە کادر و ئەندامانی گۆڕان و یەکێتی بوو لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بۆ پشتگیری ئەو کودەتایە پیشانیان دا، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر حکومەتی ئەردۆگان و ئاك پارتی بڕووخێت، کۆمەڵێك ژەنەراڵی سەربازی دەبنە حوکمڕانی تورکیا و ئەو پێوەندییەی ئێستا لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان هەیە، تێکدەچێت، بەمەش گورزێکی گەورە بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێت و پرۆسەی دەوڵەتی کوردستان شکست دەهێنێت.

بۆ بیر هێنانەوەی ئەو خەڵکانەی کە لە دژی پارتی چەپڵە بۆ کودەتاچییەکان لێدەدەن، پێیان دەڵێین: ئێستا هەرێمی کوردستان لە سایەی ڕێبەرایەتی بارزانی، لەو قۆناخە چۆتە دەرەوە کە وەك هەرێمێك لەناو عێراقدا سەیربکرێت، لە بیرتانە کە بارزانی پێشمەرگەی نارد بۆ کۆبانێ، هەڵوێستی تورکیا چی بوو؟ بێگومان ئەگەر تورکیاش ڕازی نەبوایە پێشمەرگە هەر دەچووە کۆبانێ، بەڵام کە ڕازی بوو پێشمەرگە بە ناو تورکیادا بچێتە کۆبانێ، تورکیا بۆی دەرکەوت کە هەرێمی کوردستان ئێستا دەوڵەتە، لەمەش نزیکتر ئایا ئەوانەی بەو ئەقڵییەتە دژایەتی پارتی و بارزانی دەکەن، ئاگایان لەوەیە ئەو پرۆتۆکۆڵەی هەفتەی ڕابردوو لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پینتاگۆن بە چاودێری بارزانی ئیمزا کرا، بە ڕەزامەندی بەغدا بووە؟ پرسیار ئەوەیە بۆچی بەغدا نەیتوانی ناڕەزایی دەربڕێت؟ چونکە دەیزانی ئەگەر ڕازی نەبێت، ئەمریکا لەسەر ڕەزامەندی بەغدا ڕاناوەستێت، هەروەك چۆن بانکی نێودەوڵەتیش پێشتر ئەم پەیامەی بە ڕاشکاوی بە بەغدا ڕاگەیاندبوو.



## عەلی حوسێن

بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکی گوڵاندا:

# ئامانجی سەرۆک بارزانی ئەوەیە هەموو لایەنە سیاسییەکان بەشێک بن لە پرۆسەی سەربەخۆیی

ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆڵی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا، دیوێکی دیکەی گەشی ئەو وەرچەخانە نێودەوڵەتییەیە کە وەك ئومێدێك بۆ ئایندەی کوردستان دەخوێندرێتەوە، لە هەمانکاتدا هێندەی دیکە گەشبینی بەو دەرفەتە مێژووییە دەدات کە وەك پرۆسەی سەربەخۆیی لە کوردستاندا دەستی پێکردووە. ئەم وەرچەرخانە نێودەوڵەتییە بەرامبەر بە دۆزی کورد، بەرهەمی خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانە کە توانییان وەك هێزێکی کاریگەر لە ناو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ بکەنەوە. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئەمڕۆی کوردستان و هەنگاوەکان بەرەو سەربەخۆیی و پێویستیی یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ عەلی حوسێن بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

*** لەوکاتەی کە بارودۆخی ناوچەکە لەسەر هەموو ئاستەکان بە پرۆسەیەکی وەرچەرخاندا تێدەپەڕێت، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی وەك کارەکتەرێکی سەرەکی دەبیندرێت، ئایا رۆڵی پارتی لەم هاوکێشەیەدا چۆن دەخوێننەوە؟**

- دیارە لە ١٦ی ئابی ٢٠١٦ تەمەنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێتە حەفتا ساڵ، هەربۆیە من زۆر جاری دیکەش جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش، ئەو پارتانەی هاوتەمەنی پارتین، یان ئەوەیە نەماون، یان ئەگەر مابیشن خاوەنی کورسییەك، یان دوو کورسیی پەرلەمانین، بەڵام بەپێچەوانەوە ئێستاش وەك دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان حزبی سەرەکییە لە گۆڕەپانە سیاسییەکە و خاوەنی زۆرترین کورسیی پەرلەمانی کوردستانە. بۆیە ئەگەر لەم روانگەیەوە رۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بخوێنینەوە، ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە پارتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەڵگری پەیامێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە، ئێستا ئەو پەیامەی کە پارتی لە پێناویدا دامەزراوە، میللەتەکەمان پێویستی بەو پەیامەیە. لایەنێکی دیکەی نهێنی هێزی پارتی ئەوەیە ئەو سەرکردایەتییە کاریزمایەی پارتی ئاراستە دەکات، وای لێهاتووە کە بتوانێت رێبەرایەتی گۆڕانکاریی گەورە بکات، لەم خاڵەوە ئەگەر سەیری مێژووی نەتەوەکانی دیکە بکەین، دەبینین هەموو ئەو نەتەوانەش لەسەر دەستی سەرکردایەتییەکی کاریزما، گۆڕانکاریی گەورەیان بەدیهێناوە، بۆ نموونە گەلی هیندستان بە رێبەرایەتی گاندی، هەروەها سەرکردایەتی کاریزمای وینستۆن چەرچل لە جەنگی دووەمی جیهانی وایکرد بەریتانیا لە شەڕەکەدا سەربکەوێت، تەنانەت لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێرانیش، ئایەتوڵا خومەینی توانی ئەو وەرچەرخانە گەورەیە دروست بکات، بۆیە لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری ئەو سەرکردایەتییە کاریزمایە بکەین کە پارتی ئاراستە دەکات، ئەوا ئاشکرایە جەنابی سەرۆك بارزانی درێژەپێدەری هەمان رێبازی بارزانیی نەمرە، هەروەها رێبازی بارزانی، درێژەپێدەری شۆڕشەکانی قازی محەمەد و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ عوبێدوڵای نەهری -یە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو رێبازە لە سەر دەستی پارتی درێژەی پێدراوە و بەردەوامە.

*** لەم راستەوە ئاماژەتان بە گەڕانەوە بۆ مێژوو و پێکەوەگرێدانەوەیت کرد، ئایا تەنیا بە گەڕانەوە بۆ مێژوو دەتوانین ئێستا و ئایندە بخوێنینەوە؟**

- پێش هەموو شت، ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان، شانازی بە مێژووی هەموو شۆڕشەکانی کوردستانەوە دەکەین و قەناعەتیشمان وایە، هەر میللەتێك رابردووی خۆی لەبیربکات ناتوانێت رێز لە ئێستا بگرێت، لەمەش زیاتر ناتوانێت بەرنامەیەکی گەش بۆ ئێستا و داهاتووی دابنێت، بۆیە لەم راستەوە گەڕانەوە بۆ مێژوو، یان توراسی شۆڕشگێریی شۆڕشەکانی کوردستان بەو مانایە نییە واز لە ئێستا و ئایندە دەهێنین، بەڵکو مانای وایە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ رابردوو، بۆ ئەوەیە ئێستا و رابردوو پێکەوە گرێ بدەینەوە و لەسەر ئەم بناخەیە و بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و گۆڕانکارییەکان هەنگاو هەڵبگرین و ئایندە بخوێنینەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو شۆڕشەکان کە لە کوردستان هەڵگیرساون، لە پێناوی دابینکردنی مافی کورد و کوردستانییەکان پیادە کراون و ئامانجی کۆتاییشیان دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بووە، لەوانەیە بە درێژایی قۆناخە جیاوازەکانی شۆڕشەکانی کوردستان هەلومەرجی سیاسی جیاوازی هەبووبێت، بەڵام ئامانجەکە یەکەم ئامانج بووە. هەر بۆ نموونە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، فرسەتێك بۆ کورد هاتەپێشەوە، ئەوکات شەریف پاشا کە یەکێك بووە لە خوێندەوار و رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە هەوڵیداوە ئەم داوایەی کورد بگەیەنێتە کۆمەڵەی گەلان، بەڵام شەریف پاشا ئەو سەرۆکە کاریزمایە نەبووە کە بتوانێت ئەم وەرچەرخانە دروست بکات، بەڵام ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان رێبەرایەتی دۆزی کورد دەکات، لە شەری دژی داعشدا، سەرۆکایەتی بەرەیەکی فراوانی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتری ئەو شەڕە دەکات، ئەوەش وایکردووە کورد و کوردستان بکاتە فاکتەرێکی گرنگی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە و نێودەوڵەتیش، بوونی کورد و کوردستانیش بەم فاکتەرە گرنگە، مانای ئەوەیە لەم بارودۆخە بەرژەوەندییەکی هاوبەش دروست بووە، کە هەم لە بەرژەوەندی دۆزی رەوای گەلەکەمانە، هەمیش لە بەرژەوەندی ناوچەکە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و تەواوی جیهانی ئازادە، بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری پێگەی هەرێمی کوردستان

**خەڵکی کوردستان زۆر هۆشیارە و تێدەگات و رێگەنادات یەکڕیزی نیومالی کورد تێکبچێت و ئەم پیلانەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفاش وەک پیلانەکانی پێشوویان بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە**

**لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش، ئەو پارتانەی هاوتەمەنی پارتین، یان ئەوەیە نەماون، یان ئەگەر مابیشن خاوەنی کورسییەک، یان دوو کورسیی پەرلەمانین**

**وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، شانازی بە مێژووی هەموو شۆڕشەکانی کوردستانەوە دەکەین و قەناعەتیشمان وایە، هەر میللەتێک رابردووی خۆی لەبیربکات ناتوانێت رێز لە ئێستا بگرێت، لەمەش زیاتر ناتوانێت بەرنامەیەکی گەش بۆ ئێستا و داهاتووی دابنێت**

**گەڕانەوە بۆ مێژوو، یان تۆراسی شۆڕشگێڕیی شۆڕشەکانی کوردستان بەو مانایە نییە واز لە ئێستا و ئایندە دەهێنین، بەڵکو مانای وایە کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ رابردوو، بۆ ئەوەیە ئێستا و رابردوو پێکەوە گرێ بدەینەوە و لەسەر ئەم بناخەیە و بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و گۆڕانکارییەکان هەنگاو هەڵبگرین و ئایندە بخوێنینەوە**

**سەرۆک مسعود بارزانی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان رێبەرایەتی دۆزی کورد دەکات، لە شەری دژی داعشدا، سەرۆکایەتی بەرەیەکی فراوانی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتری ئەو شەڕە دەکات، ئەوەش وایکردووە کورد و کوردستان بکاتە فاکتەرێکی گرنگی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە و نێودەوڵەتیش**

**کۆنگرێسی ئەمریکا سوپاسی ئەو دەوڵەتانەی کردووە کە لە شەڕی دژی داعش و لە حەوانەی پەنابەران و پێشوازیکردنیان رۆڵی گرنگیان گێڕاوە، لەو سوپاسنامەیەدا ئاماژە بە سێ دەوڵەت کراوە کە یەکێکیان هەرێمی کوردستانە**

بکەین، کە هەتا ئێستا نەبۆتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، بەڵام سەرکردایەتی کاریزمای سەرۆک بارزانی، دیفاکتۆیەکی دروستکردووە کە ئەم هەرێمە نەك وەك دەوڵەت، بەڵکو وەك دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەکە بخوێندرێتەوە، هەر لەم ماوەیەدا من خۆم لە پەیجی کۆنگریسی ئەمریکا خوێندمەوە، کۆنگرێسی ئەمریکا سوپاسی ئەو دەوڵەتانەی کردووە کە لە شەڕی دژی داعش و لە حەوانەی پەنابەران و پێشوازیکردنیان رۆڵی گرنگیان گێڕاوە، لەو سوپاسنامەیەدا ئاماژە بە سێ دەوڵەت کراوە کە یەکێکیان هەرێمی کوردستانە، بێگومان ئەمە راستییەکمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئێستا سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و رۆڵی هەرێمی کوردستان لە شەڕی داعش و بوونی ئەم هەرێمە بە نەوایەکی ئارام بۆ پەنابەر و ئاوارەکانی دەستی داعش، ئەمە مانای ئەوەیە مانەوەی ئەم هەرێمە و بوونی ئەم هەرێمە بە کیانێکی سەربەخۆ راستە ئەمە لە بەرژەوەندی کورد و کوردستانە، بەڵام لە هەمانکاتدا لە بەرژەوەندی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و تەواوی جیهانی ئازاددایە. بوونی ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشەش لە نێوان دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان و بەرژەوەندی هاوپەیمان و جیهانی ئازاد لە شەڕی دژی تیرۆردا بۆتە هۆکاری ئەوەی دەرفەتێکی مێژوویی زۆر گرنگ بۆ کورد هاتووەتەپێشەوە، دەبێت ئێمەش وەك کورد و کوردستانی لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتییەدا بین و ئەو دەرفەتە مێژووییە لەدەست نەدەین.

*** ئەگەر هەر لەسەر ئەو وەرچەرخانە گەورەیە قسە بکەین، دیارە لەچەند رۆژی رابردوو بە چاودێریی سەرۆك بارزانی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پێنتاگۆن ئیمزا کرا، سەبارەت بەم رێککەوتنە چی دەڵێن؟**

- ئەم پرۆتۆکۆڵ و رێککەوتنەی نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی دژی داعش کە ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات، لەم هاوپەیمانییەشدا بۆ تێکشکاندنی داعش، هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە، هێزێکی کاریگەرە لەسەر زەوی کە توانیویەتی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت و پاشەکشەیان پێبکات، ئەمەش بایەخێکی گرنگی لای هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و جیهانی ئازاد هەیە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام ئەو دیفاکتۆیەی کە هەرێمی کوردستان دروستیکردووە، وایکردووە بەغداش رازی بێت کە پرۆتۆکۆڵی لەم شێوەیە لەگەڵ کوردستان ئیمزا بکرێت و زامنی هاوکارییەکان بۆ هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان بکرێت، لە هەمانکاتدا ئەم پرۆتۆکۆڵە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پرۆژەی سەرۆك بارزانی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەگرێت و هاریکاریش دەبن بۆ ئەوەی لەسەر ئاکامی ریفراندۆمەکە لەگەڵ بەغدا وتووێژ بکرێت و بە ئاشتی پرۆسەی سەربەخۆیی ئەنجامبدرێت. دیارە پرۆژەی سەربەخۆیی کە ئاوات و ئامانجی هەموو خەڵکی کوردستانە، پرۆژەی کەسێك، یان لایەنێك نییە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا شانازییە بۆ پارتی و بارزانی کە ئەو رێککەوتن و دەستکەوتانە بوونە بەشێك لە مێژووی نەتەوەکەمان، وەك رێککەوتنامەی مێژوویی ئادار لە نێوان کوردستان و بەغدا، رێککەوتنی ئابووری لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، یان ئەو پرۆتۆکۆڵ و رێککەوتنەی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا کە هەموویان لەسەر دەستی بارزانیی باوك و سەرۆك مسعود بارزانی بۆ نەتەوەکەمان بەدەست هاتوون.

*** بەڵام وێڕای ئەم خوێندنەوە گەشبینانەتان بۆ ئەم بارودۆخە کۆمەڵێك کۆسپ و ئاستەنگیش بوونی هەیە، لەوانە بەشێك لە دەوڵەتانی دەوروبەر بە ئاشکرا دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانن، هەروەها لە ناوخۆی کوردستانیشدا، جۆرێك لە پەرتەوازەیی سیاسی هەیە، ئایا ئەمانە نابنە هۆکاری ئەوەی ئەم پرۆسەیە رابوەستێت؟**

- ئەگەر لە چوارچێوەیەکی فراواندا بارودۆخەکە بخوێنینەوە، راستە لەسەر ئاستی دەوروبەر هەوڵێکی جددی هەیە بۆ دژایەتیکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆش جۆرێك لە پەرتەوازەیی هەیە، راستە بوونی ئەم هۆکارانە ئاستەنگ بۆ پرۆژەی سەربەخۆیی دروست دەکەن و لەوانەیە هەندێك پرۆسەکە خاوبکەنەوە، بەڵام کاریگەرییەکەی بەو ئاستە نییە کە پرۆسەکە رابگرێت، خۆزگە ئەمانە بوونیان نەبوایە، لەبەر ئەوەی پرۆسەکە خێراتر دەچووە پێشێ، بەڵام ئەم هۆکارانەش ناتوانن ئەو پرۆسەی سەربەخۆییە رابگرن کە سەرۆك مسعود بارزانی رێبەرایەتی دەکات. سەرۆك بارزانی لە رێبەرایەتیکردنی بۆ ئەم پرۆسەیە ئامانجی ئەوەیە ئەم پرۆسەیە، پرۆسەی تەواوی خەڵکی کوردستان

و هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوە چەندین جارە داوا لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەکات بۆ زەمینەسازکردن و ئامادەباشی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی هەموویان کۆببنەوە و ببنە بەشێك لەم پرۆسەیە و بڕیار بدەن بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لە راپرسییەکی فراواندا چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەڵام لایەنێکی سیاسی خۆی نەیەوێت ببێتە بەشێك لە پرۆسەی سەربەخۆیی و شان نەداتە بەر ئەم بەرپرسیاریەتییە، ئەوا بێگومان پرۆژەکە لەسەر ئەو لایەنە راناگیرێت و بەردەوام دەبێت. سەبارەت بە دەوڵەتانی ئیقلیمیش کە دەیانەوێت وای پیشانبدەن دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان مەترسی لە سەر سەقامگیری و ئاسایشی ئەوان دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ئەوانیش بەشێك لە کوردستانیان داگیرکردووە، بەڵام ئەزموونی ٢٥ساڵی رابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی سەلماندووە، کە هەرێمی کوردستان نەك مەترسی نییە بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیری وڵاتانی دراوسێی، بەڵکو هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستبوونی پێوەندیی هاوبەش و رێزگرتنی دراوسێیەتییەکی باش و ئێمەش تەفەهومی تایبەتمەندی کوردی پارچەکانی دیکە دەکەین بەردەوام رامان وابووە بەشێوەی ئاشتی و دیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر بکەن

*** زۆر جار کە باس لەو دەرفەتە مێژووییەی ئێستا دەکرێت، زۆر لەو خەڵکانەی کە بەشێك نەبوون لە شەڕی دژی داعش، تەنیا وەك دەرفەتێکی نێودەوڵەتی باسی دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییەی دروستکردووە، مقاوەمەت و خۆڕاگری و خوێنی پێشمەرگە شەهید و بریندارەکانمانە. وەك دەزانین جیا لەوەی بەپرسی لقی دووی پارتیت، لە هەمانکاتدا یەکێك بوویت لەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بوویت، ئایا ئەو وەرچەرخانە و دروستبوونی ئەم دەرفەتە مێژووییە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- جێگەی شانازییە کە لە یەکەم رۆژی هێرشی داعش بۆسەر کوردستان لە بەرەکانی شەڕی دژی داعش لە دەوروبەری هەولێر بووین لەگەڵ زۆربەی کادر و فەرماندە سەربازییە دڵسۆز و بە ئەزموونەکان، بۆیە هەموو جیهان دەزانێت کە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دژی داعش دا، خۆیشی راستەوخۆ سەرپەرشتی هەموو بەرەکانی شەڕی دەکرد و وەك پێشمەرگەیەکیش لەناو بەرەکانی شەڕدا لەگەڵ پێشمەرگە بوو، ئەوەش بارودۆخێکی تازەی ورە و خۆڕاگری و مقاوەمەتی لەناو گەلی کوردستاندا دروستکرد، تەنانەت وایکرد ئەو سەرکردە سەربازییانەش کە لە ئەرکی سەربازیشدا نەبوون، بەوانەوەش کە تەمەنیان لە سەرووی ٧٠ ساڵ بوو، هەموو خۆبەخشانە و بە چەکی خۆیانەوە بگەڕێنەوە ریزی پێشمەرگایەتی و بەرگری لەخاکی کوردستان بکەن، لەمەش زیاتر خەڵکی سڤیلی کوردستان بەبێ ئەوەی داوایان لێکرابێت هەرهەموویان و هەریەکەیان بە جۆرێك بوونە پاڵپشتی پێشمەرگە، لەو خۆبەخشانەش کە بە چەکی خۆیان هاتنە بەرەکانی شەڕ، هەندێکیان شەهیدبوون و ژمارەیەکیشیان لە شەڕەکاندا برینداربوون. لەلایەکی دیکەوە ئەو شەڕەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لە ژێر رێبەرایەتی سەرۆك مسعود بارزانی دەیکرد، بەهەموو پێوانەیەك شەڕێکی نابەرابەر بوو، تیرۆریستانی داعش چەك و کەلوپەلی سەربازی پێنج فیرقەی سەربازی عێراقی کە هەموویان چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی بوون، کەوتبووە دەستیان، لە بەرامبەردا پێشمەرگە نەك هەر چەك و تەقەمەنی پێویستی لە دوای ٢٠٠٣ بۆ دابین نەکرابوو، بەڵکو ئەو چەکەی پێیبوو، چەکێکی کۆن بوو، لە هەمانکاتدا تەقەمەنیشی وەك پێویست نەبوو، بەڵام سەرکردایەتی سەرۆك مسعود بارزانی و سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆی بۆ شەڕەکان وایکرد هەموو شتێك بگۆڕێت، من خۆم لە بەرەکانی شەڕ بووم، ئەو شەوانەی کە هێرش دەکرایە سەرمان جەنابی سەرۆك خۆی بە شەخسی بە تەلەفۆن پێوەندی پێوەدەکرین، شەوی وا هەبووە دوو سێ جار قسەی لەگەڵ کادرە سەربازییەکان کردووە و هەوڵیداوە پێداویستی شەڕەکە دابین بکات. تەنانەت ئەگەر پێویستمان بە هێز بووبێت، بە هانامانەوە بێت، پاسەوانە تایبەتەکانی خۆی بۆ فریاکەوتنمان رەوانە کردووە، دیارە ئەم قسانەی من بەو مانایە نییە لە رۆڵی هاوکارییەکانی دەوڵەتانی هەرێمایەتی و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کەم بکەمەوە، بە راستی ئەو هاوکارییانە بۆ پێشمەرگە جێگەی تەقدیرە و کاریگەریی زۆر گەورەی لەسەر مقاوەمەتی پێشمەرگە هەبووە، بەڵام قسەی من لێرەدا لە سەر هەفتەی یەکەمی شەڕەکەیە کە هێشتا هاوپەیمانان و دەوڵەتانی هەرێمایەتی هاوکاری پێویستیان نەگەیاندبووە پێشمەرگە و پێشمەرگە ناچار بوو تەنیا بە چەکی خۆی بەرگری بکات، هەر بەو چەکانەی

**چەندین جارە سەرۆک بارزانی داوا لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەکات بۆ زەمینەسازکردن و ئامادەباشی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی هەموویان کۆببنەوە و ببنە بەشێک لەم پرۆسەیە و بڕیار بدەن بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لە راپرسییەکی فراواندا چارەنووسی خۆی دیاری بکات**

**لایەنێکی سیاسی خۆی نەیەوێت ببێتە بەشێک لە پرۆسەی سەربەخۆیی و شان نەداتە بەر ئەم بەرپرسیاریەتییە، ئەوا بێگومان پرۆژەکە لەسەر ئەو لایەنە راناگیرێت و بەردەوام دەبێت**

**هەموو جیهان دەزانێت کە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ جەنابی سەرۆک بارزانی بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دژی داعش دا، خۆیشی راستەوخۆ سەرپەرشتی هەموو بەرەکانی شەڕی دەکرد و وەک پێشمەرگەیەکیش لەناو بەرەکانی شەڕدا لەگەڵ پێشمەرگە بوو، ئەوەش بارودۆخێکی تازەی ورە و خۆڕاگری و مقاوەمەتی لەناو گەلی کوردستاندا دروستکرد**

لە بەردەستی پێشمەرگەش بوون، توانرا هەولێر لە مەترسی داعش بپارێزرێت، بەڵام کە هاوکاری پێشمەرگەش کرا، نەك هەر توانرا هێرشەکانی داعش رابگیرێت، بەڵکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی داعش تێکبشکێنێت و رووبەرێکی گەورەی خاکی کوردستان لە تیرۆریستانی داعش پاك بکاتەوە، بۆیە بە سەربەرزییەوە دەڵێم، ئەوەی داعشی لە جێگەی خۆی راگرت و هەولێری پاراست مقاوەمەت و خۆڕاگریی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بوو لە ژێر سەرکردایەتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی-دا.

*** دیارە پێش ئەوەی سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی مان و نەمان دژی تیرۆریستانی داعش بدات، خەڵك بۆچوونی بەو جۆرە بوو کە ئەو گیانی مقاوەمەت و خۆڕاگری و قوربانیدانە کەم بۆتەوە، بەتایبەتیش لای لاوەکانی کوردستان، بەڵام دوای بڕیارەکە شتێکی دیکەمان بینی، چۆن ئەم بڕیارەی سەرۆك بارزانی، ئەو گیانی مقاوەمەتەی زیندوو کردەوە و یەکڕیزی نەك هەر لە باشووری کوردستان، بەڵکو جیاوازی لە نێوان پارچەکانی کوردستانیشدا نەهێشت؟**

- دیارە هەموو سەرۆکێك کە بڕیاری شەڕ دەدات، پێشتر ئامادەباشی بۆ دەکات، یان داوادەکات گەلەکەی بچنە ریزی سوپا، بەڵام ئەگەر سەرنج لە بڕیارەکەی سەرۆك بارزانی بدەین، دەبینین بڕیارەکەی پێش ئەوەی بۆ هیچ کەسێك بێت، بڕیارەکەی بۆ خۆی بوو، واتە خۆی کۆشکی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و بووەوە بە پێشمەرگەیەکی ئاسایی لەناو بەرەکانی شەڕ و راستەوخۆ سەرکردایەتی شەرەکەی دەکرد و گەلەکەشی دوای سەرۆکی خۆی کەوت، لەلایەکی دیکەوەش راستە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بووە هۆکاری ئەوەی کوردستان بپارێزرێت، بەڵام لەلایەکی دیکەش بووە هۆی سەرکەوتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعشدا، پێویستە ئەو راستییە بگوترێت و مێژووش ئەو شاهیدییە دەدات، پێش ئەوەی پێشمەرگە پێشڕەوییەکانی داعش رابگرێت، هیچ هێزێك نەیتوانیبوو لە هیچ بەرەیەکی شەڕدا، هێرشی تیرۆریستانی داعش رابگرێت، بۆیە کاتێك دەڵێن پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی بەتاڵ کردەوە، بێگومان بە کردەوە پێشمەرگە لەناو بەرەکانی شەڕدا ئەو ئەفسانەیەی بەتاڵ کردەوە، ئەم سەرکەوتنانە و دروستبوونی ئەو یەکڕیزییە و نەمانی جیاوازی لە ناو پارچەکانی کوردستاندا، هەموو لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە سەرۆك بارزانی خۆی پێش گەلەکەی کەوت بۆ بەرگری لە کوردستان، بێگومان ئەمەش ئەو کاریزمایەیە کە هەموو گەلانی جیهان لە قۆناخە چارەنووسسازەکاندا لە دەوری سەرۆکی کاریزمای خۆیان کۆدەبنەوە.

*** هەر لە میانەی شەڕی پێشمەرگە دژی داعش، جارێکی دیکە مێژوو خۆی دووبارە کردەوە، وەك چۆن بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی لە ساڵی ١٩٤٥ چوون بۆ هاریکاری کۆماری کوردستان، ئەمجارەش سەرۆك مسعود بارزانی پێشمەرگەی نارد بۆ هاوکاری کۆبانێ و لە کەوتن رزگاری بوو، ئایا چۆن ئەو زەمینەیە دروست بوو بۆ ئەوەی پێشمەرگە بە هانای کۆبانێوە بچێت؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی لەو روانگەیەوە سەیری کێشەی کورد دەکات کە یەك کێشەیە و بەڵام هەلومەرجی سیاسی و دابەشکردن وایکردووە هەر پارچەیەك شێوازێکی تایبەتی خەبات پێڕەو بکات، بەڵام ئەمە رێگری لەوە ناکات ئەگەر لە پارچەیەکی کوردستان کەوتە مەترسییەوە ئێمە بەهانایانەوە نەچین. دیارە لەوەتەی ئەو بارودۆخە لە رۆژئاوای کوردستان هاتۆتەئاراوە، خەمی سەرەکیی جەنابی سەرۆك بارزانی ئەوە بووە کە لایەنە ساسییەکانی رۆژئاوا یەکگرتوو بن و بە یەکڕیزی بەرامبەر ئەو هەڕەشانە رابوەستن کە رووبەڕووی ئەو پارچەیە دەبنەوە، بۆ ئەمەش دووجار بە هەوڵی بەڕێزیان رێککەوتنی هەولێر و رێککەوتنی دهۆك لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوا ئیمزا کراوە، هەربۆیە کاتێك سەرۆك بارزانی هەستی کرد، کۆبانێ لە بەردەم هەڕەشەیەکی جددیدایە و تەنانەت سەرۆکی دەوڵەتی تورکیا رایگەیاند کۆبانێ دەکەوێت، جیا لەوەی بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوا رێککەوتنی دهۆك ئیمزاکرا، لە هەمانکاتدا نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد کە بڕیار بدات هێزی پێشمەرگە بچێت بۆ کۆبانێ، سەبارەت بەم پرسە ئێوە ئاماژەتان بە خۆدووبارەکردنەوەی مێژوو کرد، وەك ئەوەی چۆن بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی چوون بەهانای کۆماری کوردستانەوە لە مهاباد، ئەمجارەش سەرۆك مسعود بارزانی پێشمەرگەی نارد بۆ کۆبانێ بۆ ئەوەی بەهانای رۆژئاواوە بچێت، راستە ئەم دوو رووداوە لە رووکاردا لەیەك دەچن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاوازییان هەیە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی لە نێوان شاری مهاباد و باشووری کوردستان سنووری هاوبەش هەبوو، ئەوا جەنابی بارزانیی

**ئەگەر یەکێتی و گۆڕان رایدەگەیەنن بوونەتەوە بە یەک حزب، ئەوا ئێمە دەستخۆشییان لێدەکەین و با بێن، وەک یەک حزب پێشوازییان دەکەین، بەڵام دوو حزبن، بۆیە ئێمە بە جیا دوو رێککەوتنی جیاوازمان لەگەڵ هەردوو حزبەکە هەیە، نە ئەوان دەبێت تێکەڵی بکەن، نە ئێمەش ئامادەین تێکەڵی بکەین**

**ئەو شەوانەی کە هێرش دەکرایە سەرمان جەنابی سەرۆک خۆی بە شەخسی بە تەلەفۆن پێوەندی پێوەدەکرین، شەوی وا هەبووە دوو سێ جار قسەی لەگەڵ کادرە سەربازییەکان کردووە و هەوڵیداوە پێداویستی شەڕەکە دابین بکات. تەنانەت ئەگەر پێویستمان بە هێز بوویێت، بە هانامانەوە بێت، پاسەوانە تایبەتەکانی خۆی بۆ فریاکەوتنمان رەوانە کردووە**

**ئەوەی داعشی لە جێگەی خۆی راگرت و هەولێری پاراست مقاوەمەت و خۆڕاگریی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بوو لە ژێر سەرکردایەتی راستەوخۆی سەرۆک بارزانی-دا**

نەمر و هەڤاڵەکانی خۆیان راستەوخۆ چوون، بەڵام لە نێوان کۆبانێ و هەرێمی کوردستان سنووری هاوبەش نەبوو، پێویست بوو پێشمەرگە سنووری وڵاتی تورکیا ببڕێت و لە تورکیاوە بە فەرمی بە هانای کۆبانێوە بچێت، هەربۆیە چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ شەرعییەتێکی نێودەوڵەتی پێدرا و بە فەرمی پێشمەرگە چووە ناو خاکی تورکیا و لە ناو تورکیا بینیمان چۆن براکانمان لە باکوور پێشوازییان لە پێشمەرگە کرد و پاشانیش چۆن بە فەرمی چوونە ناو کۆبانێ بۆ هاوکاری براکانیان و دوورخستنەوەی مەترسی لە کەوتنی کۆبانێ بە دەستی تیرۆریستانی داعش، ئەمەش وەرچەرخانێکی هێجگار گەورە بوو لە پێگەی کورد و کوردستان لە دیدی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش و هەروەها لە سەر ئاستی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، بەمەش رزگارکردنی کۆبانێ بووە داستانێکی گەورەی شەڕی جیهان دژی تیرۆریستانی داعش و هەموو جیهان شانازی بەم سەرکەوتنەی کوردستانەوە کرد، ئەمەش بۆ کورد و کوردستان جێگەی شانازییە.

*** ئەم وەرچەرخانەی لە میانەی شەڕی داعش دروست بوو، بۆ کورد دەستکەوتێکی زۆر گەورە بوو، بەتایبەتی دروستبوونی یەکڕیزی لە نێوماڵی کورد و نەمانی جیاوازی لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا، وایکرد جەنابی سەرۆك بارزانی بە سەرۆکایەتی شاندێکی هاوبەش لە ٢٠١٥ سەردانی کۆشکی سپی بکات و راشکاوانە باسی پرۆسەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکا بکات، ئەو بەو نییەتە گەڕایەوە کە حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ژوورێکی عەمەلیات دروست بکەن بۆ ئەوەی ئامادەباشی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی بکرێت، بەڵام لە بری دروستکردنی ژووری عەمەلیات، نێوماڵی کورد درزی تێکەوت. پرسیار ئەوەیە بۆچی بارودۆخەکە پێچەوانە بووەوە؟**

- دیارە هەموو خەڵکی کوردستان زۆر دڵخۆش بوون بەو یەکڕیزییەی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی هەموو کوردستان دروست بوو بوو، بەتایبەتیش لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم بەشە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرێت، بێگومان هەر لەسەر ئەم بنەمایە و بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی ببێتە پرۆسەی هەموو لایەنەکان بە سەرۆکایەتی شاندێکی هاوبەش چووە ئەمریکا و نەك هەر لە کۆشکی سپی، بەڵکو لەگەڵ پێنتاگۆن و ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەش راشکاوانە باسی پرۆسەی سەربەخۆیی و هەنگاوەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کرد، بۆیە سەرۆك بارزانی بەو نییەتە لەگەڵ شاندە هاوبەشەکە لە ئەمریکا گەڕایەوە، کە ئەو ئاکامە سەرکەوتووەی سەردانەکەی لەگەڵ حزبەکانی کوردستان باس بکات و ژوورێکی عەمەلیات دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەموو حزبەکان ئامادەباشی بکەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی، خۆتان دەزانن بڕیار بوو لە نیوەی دووەمی مانگی ئایاری ٢٠١٥ ئەو ژوورە دەست بەکاربێت و حزبەکانیش خۆیان بەمە رازی بوون، بەڵام زۆر بەداخەوە لە بری ئەوەی ئەو حزبانە بەرنامە بۆ ژووری عەمەلیات و سەربەخۆیی کوردستان دابنێن، هەستان بەرنامەیەکی دیکەیان جێبەجێکرد کە ئەویش هەمووارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوو لەناو پەرلەماندا، ئەم بەرنامەیەش لە بنەڕەتدا بۆ تێکدانی پرۆسەی سەربەخۆیی بوو، لەبەر ئەوەی پرسەکە یەکەمین جار پێوەندی بە مانەوە، یان درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەبوو، بەڵکو پێوەندی بەوەوە هەبوو چۆن سەرۆك مسعود بارزانی کە بۆتەوە بە پێشمەرگە و چۆتەوە ناو هێزی پێشمەرگە و بەرگری لە کوردستان دەکات، ئەوان بەو بەرنامەیەی ئامادەیان کردبوو، داوایان دەکرد سەرۆك بارزانی پێشمەرگە نەبێت، ئەگینا مەسەلەی پرسی سەرۆکایەتی لای جەنابی سەرۆك بارزانی پرسێکی لاوەکی بوو، پێش ئەوەی بچێت بۆ ئەمریکاش، جەنابی سەرۆك رای وابوو بە هەموو حزبەکانی کوردستانی رابگەیەنین، ئەم پرسە لە نێوخۆتان چارەسەر بکەن، ئەوجا چ خۆتان وەك حزبەکان لە سەر کەسێکی دیکە رێکدەکەون بۆ ئەوەی جەنابی سەرۆك دەور و تەسلیمی لەگەڵ بکات، یان بارودۆخەکە تا هەڵبژاردنی داهاتوو وەك خۆی دەهێڵنەوە، یان هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمە لای سەرۆك بەلادا خرابوو، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان و شەخسی نەوشیروان مستەفا کە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەیان دەکرد، ویستیان لە رێگەی پەرلەمانەوە کودەتا بەسەر پێشمەرگایەتیی سەرۆك بارزانی بکەن، بۆ ئەوەی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەمێنێتەوە، لە رۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دیارە توانییان بە رێگەی زۆرینەیەکی زۆر سادە، خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بکرێت، بەڵام لەماوەی ٢٣ی حوزەیران تا ١٩ی ئابی ٢٠١٥، نەك هەر حزب و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان

**پێویستە ئەو راستییە بگوترێت و مێژووش ئەو شاهیدییە دەدات، پێش ئەوەی پێشمەرگە پێشڕەوییەکانی داعش رابگرێت، هیچ هێزێک نەیتوانیبوو لە هیچ بەرەیەکی شەڕدا، هێرشی تیرۆریستانی داعش رابگرێت**

**لەوەتەی ئەو بارودۆخە لە رۆژئاوای کوردستان هاتۆتەئاراوە، خەمی سەرەکیی جەنابی سەرۆک بارزانی ئەوە بووە کە لایەنە ساسییەکانی رۆژئاوا یەکگرتوو بن و بە یەکڕیزی بەرامبەر ئەو هەڕەشانە رابوەستن کە رووبەڕووی ئەو پارچەیە دەبنەوە**

**بزووتنەوەی گۆڕان و شەخسی نەوشیروان مستەفا کە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەیان دەکرد، ویستیان لە رێگەی پەرلەمانەوە کودەتا بەسەر پێشمەرگایەتیی سەرۆک بارزانی بکەن، بۆ ئەوەی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەمێنێتەوە**

**رۆژی ١٩ی ئاب پێداگیرییان کرد کە کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت، بەڵام وەک هەموو بینیمان ئاستی بەرپرسیاریەتی حزبەکانی کوردستان و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان لە هۆشیاری و خوێندنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەی بەرزترە، بۆیە نەیانتوانی نیسابی یاسایی بۆ ئەو دانیشتنە دروست بکەن**

**هەموو کەسێک ئەو راستییە باش دەزانێت کە لای جەنابی سەرۆک بارزانی هیچ پۆستێک لە پێشمەرگایەتی گەورەتر نییە، ئەو خۆی سەرۆک بوو، کۆشکی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە گەڕایەوە**

**ئومێدەوارم سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی نەبنە تەرەف لە کێشەی نێوان گۆڕان و پارتیدا، ئەگەر خوانەخواستنە ببنە تەرەف، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و لەوانەیە ئاکامی خراپتری بەدوادا بێت. بۆیە ئومێدی من ئەوەیە یەکێتی بەشێک بێت لە چارەسەری کێشەی نێوان ئێمە و گۆڕان، نەک خۆی ببێتە بەشێک لە کێشەکە**

گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەمە کودەتایە بۆ تێکدانی بارودۆخی کوردستان، بەڵکو دۆستان و هاوپەیمانانیش گەیشتنە ئەو قەناعەتە و کەوتنە بەینەوە بۆ ئەوەی ئەم فیتنەیە لە کوردستان دووربخەنەوە، بەڵام وێڕای ڕێککەوتنی لایەنەکان بە میانگیری ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان، بزووتنەوەی گۆڕان سوور بوو لەسەر ئەوەی لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ کودەتاکەی تەواوبکات، بەداخەوە بزووتنەوەی گۆڕان لە تکا و رجای پارتی تێنەگەیشت، کاتێك دەیبینی شاندی پارتی سوورە لەسەر ئەوەی بە ڕێککەوتنی سیاسی و سازانی نیشتمانی ئەم پرسە یەکلایی بکرێتەوە، وایان بیردەکردەوە، ئەم تکا و رجایەی پارتی، پاڕانەوەیە و دەیانەوێ تەنازول بۆ ئەوان بکەن، بۆیە بەم ئەقڵییەتەوە رۆژی ١٩ی ئاب پێداگیرییان کرد کە کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت، بەڵام وەك بینیمان ئاستی بەرپرسیاریەتی حزبەکانی کوردستان و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان لە هۆشیاری و خوێندنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەی بەرزترە، بۆیە نەیانتوانی نیسابی یاسایی بۆ ئەو دانیشتنە دروست بکەن، دوای ئەوەی پەرلەمانیش نەیتوانی کۆببێتەوە، جارێکی دیکە بۆ ئەوەی یەکڕیزی نێومالّی کورد تێکنەچێت، پارتی ئامادەباشی پیشاندا کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان درێژەی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەم پرسە بە سیاسی و بە سازانی نیشتمانی چارەسەر بکرێت، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان پەنای بۆ ڕێگەیەکی دیکە برد، کە ئەویش دروستکردنی فیتنە و ئاژاوە بوو لە کوردستان، بۆیە پارتی ناچار بوو، بڕیار بدات سنوورێك بۆ ئەو ئاژاوە و فیتنەیە دابنێت، مەبەستەکەش ئەوە بوو دۆخەکە لەوە زیاتر تێکنەچێت.

*** ئایا مەبەستت ئەوەیە ئەم پرسە پێوەندی بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی نییە؟**

- لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا لە مێژووی هیچ میللەت و وڵاتێکدا بووە، کە لە شەڕێکی ئاوا گەورەی وەك شەڕی تیرۆریستانی داعشدا بێت، سەرۆکی وڵاتەکەش سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان بێت، بە بێ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێت، یان بەدیلێك دیاری بکرێت، بە سەرۆکی ئەو وڵاتە بگوترێت دەبێت واز لە سەرۆکایەتی بهێنێت؟ گریمان جەنابی سەرۆك بەوە رازی بوو، بەڵام ئایا مێژووی میللەتەکەمان ناڵێت سەرۆك مسعود بارزانی لەو کاتە گرنگەی شەڕدا لە بەرپرسیاریەتی رایکرد و میللەتی خۆی جێهێشت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە هەموو کەسێك ئەو راستییە باش دەزانێت کە لای جەنابی سەرۆك بارزانی هیچ پۆستێك لە پێشمەرگایەتی گەورەتر نییە، ئەو خۆی سەرۆك بوو، کۆشکی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بۆیە ئەم پۆستە پێوەندی بە شێوازی سەرۆکایەتی ئەم وڵاتەوە هەیە و دوور و نزیك پێوەندی بە سەرۆك بارزانی-یەوە نییە، بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش، هەر چەند مانگێك پێش ئێستا جەنابی سەرۆك بارزانی لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کوردستان کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا داوای لێکردن، خۆیان کەسێك دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی دەور و تەسلیمی لەگەڵ بکات، یان هەڵبژاردن بکەن، یان لێگەڕێن تا هەڵبژاردنی داهاتوو ئەم قۆناخە تێپەڕێنین، دیارە ئێوە خۆتان گوێتان لە بەرپرسانی حزبەکانی کوردستان بووە، نە لەو کۆبوونەوەیە بەدیلیان بۆ سەرۆك بارزانی هەبووە، نە بیستووشمانە ڕێگەیەك پەسەند بکەن و بڵێن ئەمە کاندیدی ئێمەیە و فەرموو با هەڵبژاردن بکەین، لایەنێکی دیکە پێداگرتنی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئەوەی دەبێت سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێرێت و سەرۆك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان نەبێت، هەمووی لە پێناوی ئەوەیە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە گەلی کورستان بسێنێتەوە و بیکاتە سەفقەی سیاسیی نێوان حزبە سیاسییەکان و سەرۆکی کاریزما بوونی نەمێنێت و کەس لەم وڵاتە نەتوانێت بڕیاری چارەنووسساز بدات، ئەمەش هەوڵێکە بۆ شکاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و هەوڵێکە بۆ لەباربردنی سەربەخۆیی و دروستکردنی ناسەقامگیری سیاسی و پەکخستنی پرۆسەی بڕیاردروستکردن لەم قۆناخە هەستیار و ناسکەی کوردستاندا.

*** بەڵام ئێستاش هەوڵەکانی نەوشیروان و گۆڕان بەردەوامە، ئەمجارە بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی بانگەشە بۆ گۆڕینی هاوکێشەی هێز دەکات و هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە یەکێتی بکاتە تەرەف لە کێشەی خۆی لەگەڵ پارتی، ئایا ئەمەی بۆ دەچێتەسەر؟**

- من ئومێدەوارم سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی نەبنە تەرەف لە کێشەی نێوان گۆڕان و پارتیدا، ئەگەر خوانەخواستنە ببنە تەرەف، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و لەوانەیە ئاکامی خراپتری بەدوادا بێت. بۆیە ئومێدی من ئەوەیە یەکێتی بەشێك بێت

لە چارەسەری کێشەی نێوان ئێمە و گۆڕان، نەك خۆی ببێتە بەشێك لە کێشەکە، لێرەدا دەمەوێت ئەوە بە راشکاوی بڵێم، نەوشیروان و گۆڕان پێشتر بۆ ئەوەی خۆی جێگەی مام جەلال بگرێتەوە و گۆڕان جێگەی یەکێتی بگرێتەوە، زۆر هەوڵیاندا لەگەڵ پارتی رێککەوتنێکی هاوشێوە ئیمزا بکەن، بەڵام پارتی ئەمەی رەتکردەوە، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەی پارتی رێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ یەکێتی هەبوو، لە هەمانکاتدا لاوازبوونی یەکێتی بە زیان نەك هەر بۆ پێوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی، بەڵکو بە لاوازی بۆ پرۆسەی سیاسی لە کوردستان سەیردەکرد، بۆیە ئێمە گلەییمان لە سەرکردایەتی یەکێتی هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەتا ئێستا رێککەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵ یەکێتی هەیە، دەبوو پێش ئەوەی رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ گۆڕان ئیمزا بکەن، راوێژیان لەگەڵ پارتی بکردایە بۆ ئەوەی تێبگەیشتیانەیە ئەوان لەسەر چ بنەمایەك ئەو رێککەوتنە ئیمزا دەکەن، سەبارەت بەوەشی کە دەپرسن ئایا نەوشیروان ئەمەی بۆ دەچێتەسەر؟ من لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: ئەم پیاوە ئەگەر سیاسەتیشی کردبێت هەوڵینەداوە سوود لە ئەزموونی سیاسەت وەربگرێت، ئەو چۆن لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ لەسەر زۆرینەیەکی زۆر سادە پیلانەکەی دارشتبوو، بەڵام لە ماوەی کەمتر لە دوومانگ ئەو هاوکێشەیە گۆڕانکاری بەسەردا هات و پیلانەکەی شکستی خوارد، ئێستاش لەسەر ئەوە پیلانێکی نوێ بەرێوەدەبات، گوایە ئەگەر فراکسیۆنەکانی گۆڕان و یەکێتی یەکبگرن و یەك دوو کورسییان لە پارتی زیاتر دەبێت، بەڵام بەمە هاوکێشەی هێز ناگۆڕێت و هەموو خەڵکی کوردستان و دۆستەکانیشمان دەزانن بە چ تاکتیك ئەو چەند کورسییە زیاد بووە، بۆیە ئێستا کە ناخی گۆڕان و نەوشیروان بۆ خەڵك و دۆستەکانیشمان ئاشکرا بووە، ئەوا هاوکێشەیەکی تازە دروست دەبێت، لەم هاوکێشە تازەیەدا هەم گورزێکی باش لە خۆی دەدات، هەم زیانیش لە یەکێتی دەدات، من نموونەیەك باس دەکەم، لە میانەی سەردانی شاندی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان بۆ بەغدا، یەك لە دیپلۆماتەکانی بیانی دەڵێت، تەنیا ئەوە لە هاتنی ئەو شاندە هاوبەشە دەخوێندرایەوە، وەك ئەوەی هاتبن پێمان بڵێن کورد لەناو خۆیدا یەکگرتوو نییە، بۆیە ئەگەر ئامانجی نەوشیروان مستەفا و گۆڕان لە رێککەوتنەکەیان ئەوە بێت پەرتەوازەیی لە نێو ریزی کوردستان دروست بکەن، ئەوا من دڵنیام خەڵکی کوردستان زۆر هۆشیارە و تێدەگات و رێگەنادات یەکریزی نێومالی کورد تێکبچێت و ئەم پیلانەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفاش وەك پیلانەکانی پێشوویان بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە.

*** بەڵام باس لەوە دەکرێت هەندێك هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی دەروازەیەك بۆ ئەم چەقبەستوویيە بکەنەوە، ئایا ئێوە وەك پارتی ئامادەن پێشوازی لە شاندی هاوبەشتی گۆڕان و یەکێتی بکەن؟**


- بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بەم قسانە چەواشە نەبن، جارێ پێش هەموو شت، کێشەی نێوان گۆڕان و پارتی لەسەر پەرلەمان و حکومەتە، راشکاوانەتر لەسەر چۆنیەتی بەشداربوونەوەی گۆڕانە لەناو حکومەت و پەرلەمان، ئاشکرایە کە پارتی وتووێژ و دانوستانەکانی بۆ بەشداری حزبەکان لە کابینەی هەشتەم دەست پێکرد، بە رێککەوتنی دووقۆڵی نێوان پارتی ئەو لایەنە بووە، لەگەڵ گۆڕانیش پارتی رێککەوتنی دووقۆڵی کردووە، ئەو رێککەوتنە بۆ هەردوولامان تەوقێك نەبووە کە هیچمان نەتوانین لێی دەربچین، پێشتریش چەندجار لەلایەن گۆڕانەوە گوێمان لەوە بووە ئەوان لە حکومەت دەکشێنەوە، بۆیە چ ئەوان ئەو رێککەوتنە هەڵبوەشێنەوە، چ وەك ئێستا ئێمە هەڵمانوەشاندۆتەوە، پێوەندی بە هیچ لایەنێکی دیکەوە نییە، دەبێت پارتی و گۆڕان کۆببنەوە جارێکی دیکە رێکبکەونەوە، بۆیە لەم روانگەیەوە ئێمە لەگەڵ شاندی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان کۆنابینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کێشەی نێوان گۆڕان و پارتی لە چوارچێوەی رێککەوتنێکی دوولایەنەدایە، بۆیە ئێمە ئامادەین لەگەڵ گۆڕان بەجیا کۆببینەوە، ئەوجا ئەوەتا دەگەینە رێککەوتنێکی دیکە، یان ئەوەیە گۆڕان وەك ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە تا هەڵبژاردنی داهاتوو، سەبارەت بە یەکێتیش ئێمە وەك پارتی لەگەڵ یەکێتی کۆبوونەوەمان هەبووە و تەنانەت دوای ئیمزاکردنی رێککەوتنەکەشیان، کۆبوونەوەمان کردووە. بۆیە ئەگەر یەکێتی و گۆڕان رایدەگەیەنن بوونەتەوە بە یەك حزب، ئەوا ئێمە دەستخۆشییان لێدەکەین و با بێن، وەك یەك حزب پێشوازییان دەکەین، بەڵام دوو حزبن، بۆیە ئێمە بە جیا دوو رێککەوتنی جیاوازمان لەگەڵ هەردوو حزبەکە هەیە، نە ئەوان دەبێت تێکەڵی بکەن، نە ئێمەش ئامادەین تێکەڵی بکەین.

گلەییمان لە سەرکردایەتی یەکێتی هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەتا ئێستا رێککەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵ یەکێتی هەیە، دەبوو پێش ئەوەی رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ گۆڕان ئیمزا بکەن، راوێژیان لەگەڵ پارتی بکردایە بۆ ئەوەی تێبگەیشتیانەیە ئەوان لەسەر چ بنەمایەک ئەو رێککەوتنە ئیمزا دەکەن

ئێستا کە ناخی گۆڕان و نەوشیروان بۆ خەڵک و دۆستەکانیشمان ئاشکرا بووە، ئەوا هاوکێشەیەکی تازە دروست دەبێت، لەم هاوکێشە تازەیەدا هەم گورزێکی باش لە خۆی دەدات، هەم زیانیش لە یەکێتی دەدات

**خەڵکی سڤیلی کوردستان بەبێ ئەوەی داوایان لێکرابێت هەرهەموویان و هەریەکەیان بە جۆرێک بوونە پاڵپشتی پێشمەرگە، لەو خۆبەخشانەش کە بە چەکی خۆیان هاتنە بەرەکانی شەڕ، هەندێکیان شەهیدبوون و ژمارەیەکیشیان لە شەڕەکاندا بریندابوون**

# پرۆژەی دەوڵەتی کوردی، بە زوخاوی هەناوی هیچ کەسێک هەڵناوەشێتەوە



ئومێد خۆشناو

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بیرۆکەی دەوڵەت و خودی دەوڵەت لە دیدی هزرمەندانەوە بەپێی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و سەردەمانێك چەمکی جڵەوی دەسەڵات و سەپاندنی حوکمی تاکەکەسی دەگەیاند و عەیامێکیش دەوڵەتی ئایدیایی بوو، ماوەیەکی دیکەش دەوڵەت لەسەر بنەمای چینایەتی وەستایەوە، تاوەکو دەگاتە دەوڵەتی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەوە. لە هەموو ئەو سیستەمانەشدا دەوڵەت بریتی بووە لە رژێمێکی سیاسی، کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی خۆی لە رێگەی باڵادەستی هێز و هزر و ئابووری دەچەسپاند بۆ ئەوەی لەو رێگایانەوە بەرگری لە مانەوەی خۆیان بکەن و بەرگێکی یاساییش بۆ خۆیان لەبەر بکەن .کوردیش وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بەردەوام لە ژێر هەژموونی گەمەی سیاسیدا بووە و بە درێژایی مێژوو لە ناسنامەی دەوڵەتبوون مەحرووم کراوە، بێگومان ئەوەش لە هۆکاری خودی و بابەتی دەرناچی، کە زۆرێك لە ئەکادیمیست و مێژوونووسان لێکۆڵینەوەی شیکارییان لەبارەوە کردووە و وەکو تێزی زانستی توێژینەوەی لەبارەوە کراوە. بۆیە قسەی ئێمە لێرەدا رووماڵێکی گشتی دەبێ لە بارەی دەوڵەتبوونەوە.

بێگومان رۆژگارێك چەمکی دەوڵەتی کوردی وەك خەونێکی خۆش لە ئەندێشەی هەر تاکێکی کورد خۆی حەشاردابوو، بەڵام هەنووکە دەوڵەتی کوردی یەکێکە لەو ئەگەرانەی دەستبەرداربوون لێی دەچێتە خانەی مەحاڵەوە، چونکە هەم خەڵکەکە هۆشیار بۆتەوە، هەمیش ناوچەکە دوای ١٠٠ سال تێپەڕبوون بەسەر رێککەوتنی سایکس پیکۆ گۆڕانکاریی نەوعی بەسەردا هاتووە. بەو مانایەی دەوڵەتی کوردی لە خەونی بەدیهاتنیەوە بۆتە واقعێکی نزیك، لەپاش رووداوەکانی ئەم دواییەش بەتایبەتی لە پاش هاتنی تیرۆریستانی داعش بۆ ناوچەکە و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئێستاکە تا ئاستێکی باش گەلی کوردی نزیك کردۆتەوە لە بەدەستهێنانی دەوڵەتی کوردی، لە حاڵێکدا ئەگەر سەرکردایەتیی سیاسی بە لۆژیك و حیکمەتەوە بەرخورد لەگەڵ دۆخ و هەلومەرجەکەدا بکەن و لە فەرمایشتە نەتەوایەتییەکانی سەرۆك بارزانی دەرنەچن، کە بە ستراتیژی پەیڕەوکراوی خۆی و لە رێگەی پێوەندیی بەرفراوانی دیپلۆماسییەوە پێنگاوێکی ئەرێنی ناوە، بۆیە ئەمە سەرکەوتنی سەرۆك بارزانی نیشان دەدات، کە توانیویەتی لەم ماوەیەدا لە کەمپێنی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، لە رۆژەڤی راگەیاندنەوە، بیکاتە بابەتی سیاسیی گەرم و گوڕی دانوستاندنەکان لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق، رۆژهەڵات و جیهان. هەر لەم رووییەشەوە ئەو وەرچەرخانە گەورەی لە دید و بۆچوونی زوربەی رەخنەگەرانی کورد لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت لە پێناو گوتاری یەکدەنگی کورد سەبارەت بە بڕیاری سازدانی ریفراندۆم وەکو دەرئەنجامێك بۆ زامنکردنی بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین و خواستی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، دیارە زەمینەخۆشکەری ئەمەش سەرەچاوەکەی ستراتیژی دارێژراوی سەرۆك بارزانی-یە، کە بووەتە هۆی هاندانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە یەکلاییکردنی پشتگیری پرۆژەی دەوڵەتی کوردی. هەر خودی سەرۆك بارزانی لە هەموو ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی ئەنجامی داون، بەردەوام ئاماژەی بەوە کردووە، کە پیلانی سایکس پیکۆ، تەنیا بەوە لەناودەچێت، کاتێك کورد دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێت. تەنانەت لەسەر ئاستی ناوخۆش سەرۆك بارزانی بەردەوام هەڕەشەی ئەوەی کردووە، ئەگەر گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا سەرکەوتوو نەبن، سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان رادەگەیەندرێت، کە دیارە سەرکەوتووش نەبووە و سەرکەوتووش نابێ. بۆیە جێگەی خۆیەتی بگوترێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆیی و لە ئاستی دەرەوەشدا بە دەیان دەستکەوتی باڵای بۆ هەرێمی کوردستان مسۆگەر کردووە، کە تەعبیئەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی رەنگە گرنگترینیان بێت، لەولاشەوە میدیا

بینراو و نووسراو و ئەلیکترۆنییە بەناوبانگەکانی جیهانی بە راشکاوی باس لەوە دەکەن کە ئەزموونی کورد لە باشووری کوردستان «موعجیزە» ئاسایە، کە توانیویەتی کۆنترۆڵی کاروباری ناوچە کوردییەکانی عێراق بکات. هەروەك پێشکەوتنەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ی هەرێم وەك چیرۆکێکی سەرکەوتن هەژمار دەکەن، بە بەراورد بە ناوچە وێرانبووەکانی دیکەی عێراق. هەروەها جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە هۆی رق و کینەی ئایینییەوە وێران بووە، کورد خاڵێکی دەگمەنی رووناك پیشان داوە و چیرۆکی سەرکەوتنەکەیان پشتیوانی و هاوسۆزیی رۆژئاوای بەدەستهێناوە. بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەوە، بەهاری عەرەبی، سەرەتای رابوونی کورد بوو، رابوونێك کە تێکچوونی نوێ دروست دەکات لە سنووربەندییەکانی جاراندا.

رایان کرۆکەر، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە هەریەکە لە عێراق و سووریا دەڵێت: «رووداوەکانی عێراق و سووریا و تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو کاریان لە پێگەی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کرد، بەجۆرێك بوونەتە پاڵنەرێکی نوێ بۆ سەربەخۆیی کوردان بە جۆرێك لە جۆرەکان». کرۆکەر هەروەها دەڵێت: «سەربەخۆیی کورد رەنگە پارچەبوونێکی هەمیشەیی لە عێراق و سووریا بهێنێتە گۆڕێ و ببێتە رەهەندێکی دیکەی نائارامی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست». بەڵام هەر لە سەروەختی ئەم دۆخە نوێیەدا کە زۆرینەی خەڵکی ئەم نیشتمانەی بە وادەی گشتپرسی و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی شاگەشکە کردووە، سەرباری قەیرانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەروەها قەیرانگەلێکی تریش لە دەرگای ژیان و خۆشنوودیی ئەم خەڵکە دەدەن. بە رادەیەك ئەگەر تا دوێنێ قەیرانەکان سنووردار بووبن، ئەوا ئەمرۆ چاوەڕوان دەکرێ، بە هۆی قەیرانە بەئەنقەست دروستکراوەکانی ئەمڕۆی ناوماڵی کوردی، سنوورەکان تێپەڕێنن، ئەوانەی بنەماکانی زانستە سیاسییەکانیان خوێندووە، مێژووی هزری سیاسییان خوێندۆتەوە.. باشتر لە مەترسیی ئەم دۆخەی ناوماڵی کوردی تێدەگەن، چونکە بمانەوێ، یان نا، دابەشبوونە سیاسییەکانی ناوخۆمان لەمپەر دەخەنە بەردەم گەلی کورد لە هەریەکە لە شەڕی داعش لەلایەك و سەربەخۆیی کوردستان لەلایەکی دیکەوە. ئەمە لە بری ئەوەی ئێستا لە هەموو کات زیاتر دەبوایە تەبا و یەکگرتوو بین، بەڵام بەداخەوە بە هۆی سەرکێشییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، زۆر بەپێچەوانە کەوتۆتەوە و لە جیاتی دەست خستنە ناو دەستی یەکترییەوە، ئەوان بە ئیعازی دەرەکی سەردانی پیاوە شکستخواردووەکەی بەغدا دەکەن، کە گەلەکەی بە لینگە پێڵاو بە دوای کەوتبوون، هەر ئەویش قوتی هاووڵاتییانی کوردستانی بڕی و کێشەی درێژخایەنی بۆ خولقاندن، دیارە ئەو گەڕانەوە و خۆخزاندنە ناو ماڵی مالیکی، بێجگە لە خزمەتکردن بە دوژمنانی کورد و کوردستان هیچ خزمەتێك بە دۆزی رەوای نەتەوەکەمان ناگەیەنێت، تەنانەت لە دوای ئەو سەردانە بازاڕی بە هەرێم کردنی کەرکووك و سلێمانی و دابڕاندنیان لە هەرێمی کوردستان کە خەونێکی نەزۆکە بەلای کوردەوە، گەرم و گوڕ بووە، ئیدی ئەوە مەعلوومە بەلای هەر چاودێرێکی سیاسییەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان، دوای ئەوەی دەرکەوت کە دروشمەکانی هەڵبژاردنی وەکو بڵقی سەر ئاوی لێهات و راستگۆ نەبوو لەگەڵ دەنگدەرانی بە جۆریك لە جۆرەکان لە پرۆسەی سیاسیدا کەنارگیر کرا، بەڵام لە گەمەیەکی دیکەی سیاسی و بە هۆی تەندروستیی ناجێگیر و دوورکەوتنەوەی مام جەلال لە گۆڕەپانی سیاسیدا، کە وەکو داینەمۆی کەنارگیرکردنی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان هەژمار دەکرێ، هەروەها بە سوودوەرگرتن لەو فرەباڵییەی ناو یەکێتی، دیسانەوە بە رێنمایی هەندێك لە وڵاتانی ئیقلیمی بۆ خزمەتکردنی ئەجێندایەکی سیاسیی دیاریکراو، نەوشیروان مستەفا خۆی خزاندەوە ناو ئەو یەکێتییەی کە هەر خۆی بە حزبی خیانەتکاری دەدایە قەلەم! کەچی ئێستاکە خەریکە بە تەواوەتی دەبێتە دەمڕاستی ناو یەکێتی نیشتمانی، وەك دیاریشە هەر لە سەرەتاوە بە دژایەتیکردنی پرۆژەی دەوڵەتی کوردی هاتنەوە ناوە گۆڕەپانەکەوە. نەوشیروان مستەفا لەو ماوە کەمەدا بۆی دەرکەوت ئەو ئامانجانەی خەونی پێوە دەبینێ، تەنیا بەم هێزە مەیسەر نابێت. واتە بزووتنەوەی گۆڕان لە پاش کاڵبوونەوەی میسداقییەتی جەماوەری خۆی ئیدی ئەو شوێنگەیەی نییە، کە کۆی خەونە نەگریسە سیاسییەکانی نەوشیروان دەستەبەر بکات، بۆیە نەخشەڕێگەی تاکتیکی و ئیحتیواکردنەوەی یەکێتی گرتەبەر و کەوتەوە هەڵکۆڵینی هەناوی ئەو یەکێتییەی کە تا دوێنێ نەفرەتی لێدەکرد.

کەواتە زۆر واردە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە هۆی حەزی هەیمەنەت و دەسەڵاتی پاوانخوازی نەوشیروان مستەفاوە شەرخێکی گەورە بکەوێتە ناو سەرکردەکانی یەکێتییەوە کە هەندێکیان هەر لە ئێستاوە درکیان بە پەراوێزخستنیان کردووە، بەتایبەتی کاتێك دەبینن کە نەوشیروان مستەفا هەتا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ، قینی شاخی لە بیر نەکردووە و شارچییەتیش بەشێکی دانەبڕاوە لە ستراتیژی کاری سیاسیی ئەم زاتە. پێشبینی ئەوەش دەکرێ کە لە ماوەی داهاتوودا سیاسەتمەدار و عاقڵمەندانی ناو یەکێتی و تەنانەت بزووتنەوەی گۆڕانیش گەر ئەم جووڵە سیاسییەی نەوشیروان بە رێچکە و ئاقاری خۆیدا نەڕوات و عەقڵییەتی ناتەبا و دژ بە یەك بەردەوام بێت، ئەوان رۆڵی کاریگەریی خۆیان بگێڕن بۆ پاراستنی یەکڕیزیی نێوماڵی کوردی لە ئاست سیاسەتکردنی تەشەنوج ئامێزی نەوشیروان مستەفا، قسەی یەکلاییکەرەوەی خۆیان بکەن، وەك چۆن لە ماوەی رابردوودا بینیمان کادیرانی پێشکەوتووی مەکۆکانی گۆڕان بە لێشاو دەستیان بە گواستنەوەی خەباتی کوردایەتی خۆیان بۆ ریزی حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی کرد.

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆیی و لە ئاستی دەرەوەش بە دەیان دەستکەوتی باڵای بۆ هەرێمی کوردستان مسۆگەر کردووە، کە تەعبیئەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی رەنگە گرنگترینیان بێت**

**بێگومان رۆژگارێک چەمکی دەوڵەتی کوردی وەک خەونێکی خۆش لە ئەندێشەی هەر تاکێکی کورد خۆی حەشاردابوو، بەڵام هەنووکە دەوڵەتی کوردی یەکێکە لەو ئەگەرانەی دەستبەرداربوون لێی دەچێتە خانەی مەحاڵەوە**

**لە ئێستادا هەم خەڵکەکە هۆشیار بۆتەوە، هەمیش ناوچەکە دوای ١٠٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر رێککەوتنی سایکس پیکۆ گۆڕانکاری نەوعی بەسەردا هاتووە. بەو مانایەی دەوڵەتی کوردی لە خەونی بەدیهاتنیەوە بۆتە واقعێکی نزیک**

## بەیان سامی عەبدولڕەحمان

### نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پێنتاگۆن دانپێدانانێکی گەورەیە بە قارەمانیەتی پێشمەرگە و هەنگاوێکی گەورەیە بۆ ئایندەی کوردستان

**ڕێککەوتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پێنتاگۆن، وەرچەرخانێکی گەورەیە بۆ هێزی پێشمەرگە کە لەلایەن ئەمەریکاوە وەك سوپای کوردستان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێشمەرگە ئەو هێزە کاریگەرەیە کە لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش پشتی پێدەبەسترێت. بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی ئەم ڕێککەوتنە و پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و واشنتۆن، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** وەك بینیمان بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا، یەکەمین پرۆتۆکۆڵی لێکتێگەیشتن لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان و وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئیمزا کرا. ئایا وەك نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا چۆن سەیری بایەخی ئەم ڕێککەوتنە دەکەن و ئایا پێشتر ئەمەریکا ڕێککەوتنی هاوشێوەی لەگەڵ هیچ لایەنێك کردووە، ئەگەر بە فەرمی خاوەنی سەروەریی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبووبێت؟**

- ڕاستە ئەوە بۆ یەکەم جارە کە ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە واژۆ بکرێت لە نێوان وەزارەتێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتێکی حکومەتی ئەمەریکا، ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەمەریکا ڕێککەوتنێکی هاوشێوەی لەگەڵ هیچ هەرێمێکی دیکەدا واژۆ نەکردووە، ڕەنگە هەبێت، بەڵام ئێمە ئاگاداری نین. هەروەها دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە هەندێ لە ڕاگەیاندنەکان باس لەوە دەکەن ئەم ڕێککەوتنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام دراوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە بەغدا ئاگادار بووە و ئەمەریکاش هیچ کارێك ئەنجام نادات، ئەگەر بەغدا ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕێت. لەم ڕوانگەیەوە گرنگە بۆ ئەمەریکا کە ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێمەدا هەبێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی گەورەیە بۆ کورد و بۆ پێشمەرگە و بۆ ئایندەی کوردستان.

*** پێش ئەم لێکتێگەیشتنە جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری پێشمەرگە بەوەکالەت سەردانی ئەمەریکایان کرد و لەگەڵ بەرپرسان و بانکی نێودەوڵەتی و ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەیان کردووە، بەپێی ئەوەی لە هەموو ئەو دیدارانەدا ئامادە بوویت، ئایا تاچەند ئەو سەردانەی وەزیری پێشمەرگە بەوەکالەت، بناخەی ئەم لێکتێگەیشتنەی دروستکردووە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە سەردانێکی زۆر گرنگ بوو، کە بەڕێز فەلاح مستەفا-ش بەشدار بوو، بەڵام پێش سەردانی ئەم شاندە و لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا شاندێکی دیکە سەردانی ئەمەریکایان کرد



کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان د. فوئاد حوسێن و کاك فەلاح مستەفا. کە بۆ یەکەمجار بوو شاندێك بە روون و ئاشکرایی باس لە دۆخی خراپی دارایی کوردستان بکات. هەروەها بۆ یەکەمجار بوو ئەمەریکییەکان لەوە تێگەیشتن کە رەوشی خراپی دارایی کاریگەری نەك هەر تەنیا لەسەر ئاوارەکان و خەڵکی کوردستان دەبێت، بەڵکو کاریگەری سلبیشی لەسەر پێشمەرگەش دەبێت. ئێمە بە ئەمەریکییەکانمان راگەیاند کە راستە مووچەی پێشمەرگە وەك خۆی ماوەتەوە و پاشەکەوت لە مووچەی فەرمانبەرانی دیکە کراوە، بەڵام ئەوەی زۆر لە دڵمان گرانە ئەوەیە مووچەی پێشمەرگە دوادەکەوت و ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئەوا زیاتریش دوادەکەوێت. کەواتە ئەو سەردانەی مانگی یەك زۆر زۆر گرنگ بوو. هەروەها دوای گەڕانەوەی د. فوئاد حوسێن و کاك فەلاح مستەفا ئێمە وەك نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم بەردەوام بووین لەسەر گەیاندنی ئەو پەیامە و کەموکوڕییەکانمان بۆ دەستنیشان کردن و زانیاری وردمان پێدان لە بارەی ژمارەی پێشمەرگە و بڕی مووچەکانیان. هەروەها لە هەولێریش، هەردوو هەفتە جارێك کۆبوونەوەیەکی گەورە هەیە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانان- ئەمەریکا و بەریتانیا و وڵاتانی دیکە-، کە هەر هەمان پەیام لەو کۆبوونەوانەشدا دەگەیەندرا. دواتر لە مانگی نیساندا بەڕێزان قوباد تاڵەبانی و کەریم شنگالی و فەلاح مستەفا هاتنە ئەمەریکا و ئەو پەیامەیان دووبارە کردەوە و باسیان لەوە کرد کە دۆخە داراییەکە زۆر خراپە و سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی حکومەت پاکێجی چاکسازی راگەیاندووە و مووچەی فەرمانبەرانمان پاشەکەوت کردووە و خەرجییەکانمان کەم کردۆتەوە، بەڵام هەر پێڕاناگەین، بەتایبەتی کە بەغدا رێگری کرد لە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووك کە بڕەکە زیاتر لە ١٠٠ هەزار بەرمیل بوو رۆژانە و ئەو داهاتەشمان لە دەستچوو و بارودۆخە داراییەکە ئەوەندەی دیکە خراپتر بوو. سەرباری ئەوەش هێشتا هەر ئاوارە روویان لە هەرێمی کوردستان دەکرد. لەبەر ئەوە سەردانی مانگی نیسان زۆر گرنگ بوو. هەر لە کاتی

**ئەو خاتوونەی رێککەوتنەکەی لەگەڵ کاك کەریم شنگالی واژۆ کرد (ئەلیسا سلۆتکین) پێی وتین لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونیخ کە لە مانگی شوباتدا بەڕێوەچوو، سەرۆك بارزانی هەندێ کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ئەنجامدا و پەیامەکەی بە تەواوەتی گەیاند و لە راستییەکان تێگەیشتن**

**ئێمە بە ئەمەریکییەکانمان راگەیاند کە راستە مووچەی پێشمەرگە وەک خۆی ماوەتەوە و پاشەکەوت لە مووچەی فەرمانبەرانی دیکە کراوە، بەڵام ئەوەی زۆر لە دڵمان گرانە ئەوەیە مووچەی پێشمەرگە دوادەکەوێت و ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئەوا زیاتریش دوادەکەوێت**

**عەبادی دەزانێت ئەگەر بیانەوێت موسڵ رزگار بکەن، ئەوا دەبێت جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رازی بێت و پێشمەرگەش بەشدار بێت. لەبەر ئەوە پێموانییە بتوانن لەم قۆناغەدا کێشە دروست بکەن**

ئەو سەردانەدا بوو کە وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە بەغداوە رایگەیاند کە ئەوان بڕە پارەیەك بۆ پێشمەرگە دابین دەکەن. هەروەها من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە میانەی سەردانەکەی مانگی نیسان و لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا، ئەو خاتوونەی کە رێککەوتنەکەی لەگەڵ کاك کەریم شنگالی واژۆ کرد، واتە خاتوو (ئەلیسا سلۆتکین) پێی راگەیاندین کە ئەوان ئاگادارن دۆخی دارایی کوردستان خراپە و لەوە تێگەیشتوون کە ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر پێشمەرگە و شەڕی داعش و پێی وتین پەیامەکەتان گەیشت، ئێمەش پرسیارمان لێکرد کە چۆن پەیامی ئێمە گەیشتووە، لە وەڵامدا وتی سەردانی مانگی یەك زۆر گرنگ بوو، هەروەها کۆنفرانسی ئاسایشی میونیخ کە لە مانگی شوباتدا بەڕێوەچوو، زۆر گرنگ بوو کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش، مسعود بارزانی بەشدار بوو تێیدا، کە زۆر سەرکردەی جیهانی بەشداری لەو کۆنفرانسەدا دەکەن، لەوێدا جەنابی سەرۆك بارزانی هەندێ کۆبوونەوەی ئەنجامدا لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا، ئەو خانمەش بەشدار بوو لەو کۆبونەوانەدا، ئەو خانمە پێی ووتین ئەوە یەکەمجار بوو —مەبەستی بوو لە میانەی کۆبونەوەکەیاندا لەگەڵ جەنابی سەرۆك- کە تێگەیشتم رەوشەکە جیدییە. دواتریش کە شاندەکەی مانگی نیسان هات و ئێمەش خۆمان لەوێ بووین، پەیامەکە بە تەواوەتی گەیشت و ئەوان لە راستیەکە تێگەیشتن.

*** دیارە پێشتر لە ناو کۆنگرێسی ئەمەریکا ئەو پێشنیارە هەبوو کە ئیدارەی ئەمەریکا لێکتێگەیشتنێکی لەم شێوەیە لەگەڵ کوردستان بکات و راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات، بەڵام لەناو ئیدارەی ئەمەریکی رایەکی دیکە هەبوو کە پێویستە لە رێگەی بەغداوە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکرێت، بەڵام ئێستا بینیمان ئیدارەی ئەمریکی رایەکەی خۆی گۆڕیوە، ئایا ئەم وەرچەرخانە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئەمەریکا هەڵوێستی خۆی نەگۆڕیوە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، هەندێ لە راگەیاندنەکان بە هەڵە تێگەیشتوون و وا لێکدانەوەی بۆ دەکەن کە ئەو هاوکارییە راستەوخۆ دێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە راستیدا ئەو هاوکارییە راستەوخۆ دەستەبەر ناکرێت بۆ کوردستان. چونکە هەموو هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ ئێمە، ئیدی چەك بێت، یان هاوکاری دارایی، یاخود یارمەتی بێت بۆ ئاوارەکان، دەبێت رەزامەندی بەغدای لەگەڵدا بێت و لەم رووەوە هیچ گۆڕانکارییەك رووی نەداوە. ئێمە زۆر داوامان کردبوو و ئەوەمان روون کردەوە کە بەغدا ئاستەنگ و بەربەستمان بۆ دروست دەکات و کێشەمان بۆ دەخوڵقێنێت، کە بەراستیش لە سەرەتادا هەروا بوو، چونکە لە سەرەتای شەڕی داعش و هاتنی ئاوارەکاندا ئێمە ئاگادار بووین کە فڕۆکە هەبوو لە بەغدا هەڵگری هاوکاری و چەك بوو و یارمەتی پێبوو بۆ ئاوارەکان، بەڵام بەغدا مۆڵەتی پێنەدەدا بێتە هەولێر یان سلێمانی. ئێمە ئەو نموونانەمان بۆ ئەمەریکا خستەڕوو، ئەمەریکییەکانیش بەڵێنی ئەوەیان پێداین کە چیدی نەهێڵن بەغدا کێشە دروست بکات. بە راستیش ئەم بەڵێنە جێبەجێکراوە، چونکە لەو کاتەوە ئێمە کێشەیەکی ئەوتۆمان لەگەڵ بەغدا نەبووە لەو رووەوە کە هەڵبستێت بە دواخستنی گەیشتنی هاوکاریان، یان رێگری لێکردنیان.

*** ئایا عێراق کێشە بۆ ئەم رێککەوتنە دروست ناکات؟**

- نەخێر، چونکە بەغداش ئاگادارە و سەرۆك وەزیران، عەبادی دەزانێت ئەگەر بیانەوێت موسڵ رزگار بکەن، ئەوا دەبێت جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رازی بێت و پێشمەرگەش بەشدار بێت. لەبەر ئەوە پێموانییە بتوانن لەم قۆناغەدا کێشە دروست بکەن. رەنگە ٥ یان ١٠ ساڵی دیکە دۆخێکی دیکە دروست بێت، بەڵام لە ئێستادا ئەمەریکا بە وردی چاودێری بارودۆخەکە دەکات و رێگانادەن بەغدا کێشە دروست بکات.

*** دیارە ئەمەریکا پێش ئەم لێکتێگەیشتنەش، مەشق و راهێنانی بە چەند لیوایەکی سەربازیی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە و چەك و پێداویستی بۆ دابین کردوون، ئایا وەك نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، چۆن سەیری ئەو لیوایانە دەکەیت کە ئەمەریکا مەشق و راهێنانی پێکردوون و چەك و پێداویستی بۆ دابینکردوون؟**

- پێموایە ئەو مەشق و راهێنانەی دەستیان پێکردووە، کە بڕیار دوو لیوای کوردستان و چەند لیوایەکی عێراقی بن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەرەسەندنێکی مێژووییە، چونکە ئەوە بۆ یەکەمجارە پێشمەرگە لەلایەن وڵاتێکی وەك ئەمەریکاوە بە فەرمی مەشق و راهێنانی پێبکرێت. ئەوەندەی من تێگەیشتبم سەربازێکی ئەمەریکی چ کەرستە و تفاقێکی بۆ دابین کرابێت، بۆ پێشمەرگەش دەستەبەر دەکرێت، ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی مێژووییە و شایانی پێشمەرگەیە کە لە سەرتاسەری مێژووی کوردستاندا هەمیشە چاونەترس و ئازا بووە، ئێستاش ئازایانە شەڕ دەکات و لە جیهاندا ناوبانگی هەیە. واتە یەکەمجارە سوپای ئەمەریکا، کە بەهێزترین سوپای جیهانە مەشق و راهێنان بە پێشمەرگە بکات، خۆ ئەگەر ئەمەش سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە لە ئایندەدا دووبارە بکرێتەوە، بۆیە دەبێت بە

شێوەیەك كاری لەسەر بكەین كە زۆر زۆر سەركەوتوو بێت.

*** بەڵام ئایا ئەم هاوكارییە سەربازییە دوای كۆتاییهاتنی شەڕی داعشیش بەردەوام دەبێت؟**

- ئێستا هەموو تەركیزی ئەمەریكا و ئیدارەی ئۆباما لەسەر شەڕی داعشە. ئیدارەی ئۆباما تەنیا و تەنیا جەخت لەسەر شەڕی داعش دەكاتەوە و دەستێوەردان لە هیچ شتێكی دیكە ناكات. لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین دوای شەڕی داعش ئەمەریكا بەو شێوازەی ئێستا بەردەوام دەبێت. واتە ئەگەر شەڕی داعش تەواوبێت، ئەوا ئەمەریكییەكان پێداچوونەوە دەكەن، كە ئایا پێوەندیەكانیان لەگەڵ عێراق و لەگەڵ كوردستان لەسەر چ ئاستێك دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە ئێستادا ئەوان لەگەڵمانن و پشتیوانیمان دەكەن، دەمەوێت ئەوەش بۆ خەڵكی كوردستان پشتڕاست بكەمەوە كە ئێستا و لەم قۆناغەدا ئەمریكییەكان لەگەڵماندان.

*** بەپێی ئەم لێكتێگەیشتنە، ئەمەریكا مەبلەغێك پارەی بۆ مووچەی پێشمەرگە دابین كردووە، ئایا چەند هەزار پێشمەرگە لەم یارمەتییە مووچە وەردەگرن و ئایا مووچەكانیان هەر مووچە كۆنەكان دەبێت، یان وەك سوپای عێراق مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت؟ هەروەها تاچەند ئەم هاوكارییە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی ئەركی سەرشانی وەزارەتی پێشمەرگە سووكتر ببێت؟**

- دەمەوێت یەك روونكردنەوە لەسەر ئەم خاڵە بكەم، ئەمە مووچە نییە كە ئەمەریكا دابینی دەكات. ئەمە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن ستایپێند stipend، كە بڕە پارەیەكی تەرخانكراوی كاتییە، لە بەرامبەردا مووچە "salary" یان "wages" شتێكی بەردەوام و هەمیشەییە، واتە، ئەمە هاوكارییەكی ماددیە و بۆ ماوەیەكی كاتییە و بۆ كارێكی تایبەتە. هەروەها لە یاداشتەكەشدا ئەوە روون نەكراوەتەوە كە چەند هەزار پێشمەرگە لەو هاوكارییەكی ماددیە سوودمەند دەبن، كە دواتر وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی بەرگری ئەمەریكا بە وردی لەسەری رێكدەكەون. بەڵام ئەم هاوكارییە بە شێوەیەكی گشتی دەبێتە هۆی سووككردنی ئەركی سەرشانی حكومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە.

*** دیارە لە ماوەی چەند رۆژی رابردوو وەزیری بەرگری ئەمەریكا تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆكی هەرێمی كوردستان گفتوگۆی كردووە، ئایا ئەم تەلەفۆنە تاچەند پێوەندی بە پرۆسەی ئازادكردنەوەی موسڵ هەبووە و ئایا پێشمەرگە چۆن بەشداری پرۆسەی ئازادكردنەوەی موسڵ دەبێت؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسێكە پەیوەستە بە وەزارەتی پێشمەرگەوە، بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە كە پێشمەرگە بەشدار دەبێت لە شەڕی موسڵ، هەروەها ئەمەریكا و سەرۆك وەزیرانی عێراق، دەزانن كە بە بێ بەشداری پێشمەرگە ئەو شەڕە سەركەوتوو نابێت.

*** زۆر جار گوێمان لەوە دەبێت، پرۆسەی ئازادكردنەوەی موسڵ تەنیا سەربازی نییە، بەڵكو پێویستی بە رێككەوتنی سیاسیش هەیە لەسەر ئیدارەی شارەكە دوای نەمانی داعش، تاچەند پرسی دوای ئازادكردنەوەی موسڵ رێككەوتنی لەسەر كراوە؟**


- بەڕاستی ئەوە مەسەلەكەیە كە جەنابی سەرۆك زۆر تەئكیدی لەسەر دەكاتەوە، لەو كۆبوونەوانەدا كە من بەشدارم و لەوانەشدا كە بەشدار نیم و راپۆرتم پێدەگات لەسەر ناوەرۆكی ئەو بابەتانەی گفتوگۆیان لەسەر كراوە، بەڕێز سەرۆك بارزانی زۆر جەخت لەسەر ئەم پرسە دەكاتەوە و رایدەگەیەنێت كە گرنگتر لە شەڕی ئازادكردنی موسڵ، بوونی رێككەوتنی سیاسییە، واتە زۆر پێداگیری لەسەر ئەوە دەكات كە هەموو لایەنەكان لەسەر حوكمڕانیكردنی موسڵ و نەینەوا رێكبكەون. كە حەتمەن دەبێت رەزامەندی هەموو پێكهاتەكان بە عەرەبە سوننەكان و توركمان و مەسیحی و ئێزیدی و شەبەك و كوردی لەسەر بێت، لە راستیدا ئەم گفتوگۆیانە لە سەرەتادایە و پێویست بوو زووتر كارمان لەسەر ئەم پرسە بكردایە، ئێمە ئامادەین، بەڵام خۆ دەبێت بەرامبەرەكانیشمان ئامادەبن، ئێمە ناڵێین ئەوان نایانەوێت گفتوگۆ بكەن، بەڵام ئەوان سەرقاڵی دەیان كێشە و گرفتن، بڕواننە بەغدا بزانن چی لە پەرلەمان و سەرشەقام دەگوزەرێت. ئەوەی پێوەندی بە ئەمەریكیەكانەوە هەبێت، ئەوا ئەوانیش هاوڕان لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی كە دەبێت پێش رزگاركردنەوەی موسڵ رێككەوتنێك هەبێت.

*** دوا پەیامت چییە؟**

دەمەوێت بڵێم راستە دەستگاكان و حكومەتەكان لە دیپلۆماسیدا زۆر گرنگن، بەڵام پێوەندیی كەسایەتیش كاریگەری ئەرێنیی خۆی هەیە. بۆ نموونە، زۆر ژەنەڕاڵی ئەمەریكی پێوەندییەكی باشیان لەگەڵ كاك كەریم شەنگالی هەیە، زۆر كەسایەتی سیاسی دۆستایەتییەكی درێژخایەنیان لەگەڵ كاك قوباد تاڵەبانی هەیە كە نوێنەرێكی سەركەوتووی حكومەتی هەرێمی كوردستان بووە لە ئەمەریكا و ئێستاش وەك جێگری سەرۆك وەزیران رۆڵێكی پڕبایەخی هەیە لەو بوارەدا. هەمان شت راستە سەبارەت بە دكتۆر فوئاد حوسێن و كاك فلاح مستەفا، كە ساڵانێكی درێژە چەندین جار سەردانی واشنتۆنیان كردووە و لەگەڵ بەرپرسانی ئەوێ پێوەندییەكی باشیان دروست كردووە.

**بۆ یەكەمجارە پێشمەرگە لەلایەن وڵاتێكی وەك ئەمەریكاوە بە فەرمی مەشق و راهێنانی پێبكرێت. ئەوەندەی من تێگەیشتبم سەربازێكی ئەمەریكی چ كەرەستە و تفاقێكی بۆ دابین كرابێت، بۆ پێشمەرگەش دەستەبەر دەكرێت، ئەمەش بەرەوپێشچوونێكی مێژووییە و شایانی پێشمەرگەیە كە لە سەرتاسەری مێژووی كوردستاندا هەمیشە چاونەترس و ئازا بووە، ئێستاش ئازایانە شەڕ دەكات و لە جیهاندا ناوبانگی هەیە**

**ئەگەر شەڕی داعش تەواوبێت، ئەوا ئەمەریكییەكان پێداچوونەوە دەكەن، كە ئایا پێوەندیەكانیان لەگەڵ عێراق و لەگەڵ كوردستان لەسەر چ ئاستێك دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە ئێستادا ئەوان لەگەڵمانن و پشتیوانیمان دەكەن**



جەبار یاوەر

ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# ئیمزاکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتن لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا مانایەکی گەورەی بۆ ئێستا و داهاتوومان هەیە

## تەرخانکردنی ٤١٥ ملیۆن دۆلار بۆ هێزی پێشمەرگە کاریگەری لەسەر سووککردنی ئەرکی سەرشانی وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت

## بەڕێوەبردنی موسڵ لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی شارەکە قورستر و گرنگترە

پرۆتۆکۆڵی ڕێککەوتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە چەندین بڕگەی یارمەتی دارایی و چەك و تەقەمەنی و پێداویستی جەنگی و هاوکاری ئاسمانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لەخۆ دەگرێت، گرنگییەکی تایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، هاوکات بە وەرچەرخانێکی مێژوویی دادەنرێت، بەتایبەتی لە جەنگی هێزەکانی پێشمەرگە دژ بە داعش و ئایندەی ئەم هێزانە وەکو هێزێکی نێونەتەوەیی کە هاوپەیمانەکان نەك تەنیا بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ پێویستیانە، بەڵکو بۆ ئایندەی شەڕی دژە تیرۆر ئومێدێکی زۆریان پێی بەستووە. جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە لە میانەی ئەم دیمانەیەی گوڵاندا باس لە وردەکارییەکانی ئەم ڕێککەوتنە و خۆئامادەکارییەکان بۆ پرۆسەی رزگارکردنەوەی سەنتەری شاری موسڵ و چەندین پرسی گرنگی هەنووکەیی دەکات.



*** وەك بینیمان بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا، یەکەمین پرۆتۆکۆڵی لێکتێگەیشتن لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان و وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئیمزا کرا، ئایا وەك فەرماندەیەکی سەربازی چۆن سەیری بایەخی ئەم ڕێککەوتنە پرۆتۆکۆڵییە دەکەن و ئایا پشتر ئەمەریکا ڕێککەوتنی هاوشێوەی لەگەڵ هیچ لایەنێك کردووە، ئەگەر بە فەرمی خاوەن سەروەریی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبوویێت؟**

- یاداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە لەلایەن وەزیری پێشمەرگە و یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەو وڵاتەوە واژوو کرا، جگە لەوەی ڕووداوێکی زۆر گرنگە، ناوەڕۆکەکەشی بۆ هەرێمی کوردستان جێگای بایەخە، چونکە ئەمە بۆ یەکەمجارە وڵاتێکی زلهێزی وەکو ئەمەریکا کە سەرپەرشتی زیاتر لە ٦٠ دەوڵەت دەکات لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش، یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە واژوو بکات لە بارەی بەردەوامیدان لە هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەم هاوکاریکردنەش چەندین بواری سەربازی و دارایی و لۆجیستی و مەشق و ڕاهێنان لە بەکارهێنان و پێدانی چەکی سووك و قورس و تەقەمەنی لەخۆدەگرێت، ئەمە جگە لەوەی لەو یاداشتەی لێکتێگەیشتنەدا باس لە هاوکاری ئاسمانی ئەمەریکا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کراوە و وەکو هێزێکی شەڕکەر و قارەمان و بەتوانا وەسف کراوە، لەڕووی هاوکاری داراییشەوە یاداشتنامەکە سوودێکی گەورەی بۆ هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتی لە پێشکەشکردنی ٤١٥ ملیۆن دۆلار بۆ هاوکاریکردنی پێدانی بەشێکی مووچەی پێشمەرگە بۆ ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بتوانێت بەو بڕە پارەیەی کە ئەمەریکا دابینی دەکات لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینی دەکات، مانگانە مووچەی پێشمەرگە بدات و لەم قەیرانە سەختەدا بۆ پێدانی مووچە بە هێزەکانی پێشمەرگە هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات.

**دەبێت ئێمە لە ئێستاوە ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان و ئیدارەدانی پارێزگای موسڵ بکەین، نەک دوای ئازادکردنەکە لەگەڵ عێراقدا بۆ خاڵی سفر بگەڕێینەوە**

**ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٥ـەوە دەستمان بە پرۆسەی ئازادکردنی ناوچەیەکی زۆر فراوانی دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی ئەم پارێزگایە کردووە، وەکو ئازادکردنی شنگال و زومار و رەبیعە و مەخمور و گوێڕ و خازر کە نزیکەی ٤٠٪ی پارێزگای موسڵ پێکدەهێنن و ناوچەیەکی تەواو کوردستانین**

**لەمەودوا کۆبوونەوەکان چڕتر دەبێتەوە لە نێوان فەرماندەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراق و فەرماندەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ئەوەی پلانی پرۆسەی ئازادکردنی سەنتەری شاری موسڵ دەست پێ بکات**

*** دیارە پێشتر لە ناو کۆنگرێسی ئەمەریکا ئەو پێشنیارە هەبوو کە ئیدارەی ئەمەریکا لێکتێگەیشتنێکی لەم شێوەیە لەگەڵ کوردستان بکات و راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات، بەڵام لەناو ئیدارەی ئەمریکی رایەکی دیکە هەبوو کە پێویستە لە رێگەی بەغداوە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکرێت، بەڵام ئێستا بینیمان ئیدارەی ئەمریکی رایەکەی خۆی گۆڕیوە، ئایا ئەم وەرچەرخانە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- بەو پێیەی عێراق وڵاتێکی فیدڕاڵییە و تا ئێستا هەرێمی کوردستان سەر بەو دەوڵەتەیە، هەربۆیە ئاساییە تا ئەو کاتەی هەرێمین وڵاتان لە چوارچێوەی حکومەتە فیدڕاڵییەکەدا مامەڵەمان لەگەڵ بکەن، یاسای نێودەوڵەتیش هەر وایە هاوپەیمانیەتییەکان و رێککەوتنەکان راستەوخۆ لەگەڵ هەرێم و پارێزگا و ناوچەکاندا واژوو ناکرێت، بەڵکو بەپێی بڕگەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان وڵاتان بە شێوازێکی یاسایی هاوپەیمانێتی و رێککەوتن لەگەڵ یەکتر دەکەن، هەرێمی کوردستانیش لە بەغدا سەرۆك کۆمار و وەزیر و پەرلەمانتارانی هەیە، لەبەر ئەوە ئاساییە ئەمەریکا ئەگەر ئاگاداری حکومەتی فیدڕاڵی بکات، بێت لەگەڵ ئێمە رێککەوتنێکی وا گرنك واژوو بکات، ئەوە بوو ئەو شاندەی کە هاتە کوردستان پێشتر لە بەغدا لەگەڵ عەبادی سەرۆك وەزیران و خالید عوبەیدی وەزیری بەرگری کۆبوونەتەوە و ئەم بابەتەیان باس کردووە، لەبەر ئەوە ئاساییە ئەگەر ئەمەریکا ئاگاداری حکومەتی فیدڕاڵی بکات و لەگەڵدا کوردستان رێککەوتنێکی وا گرنگ واژوو بکات و وەرچەرخانێك دروست بێت و ئیدارەی ئەمەریکاش تا ڕادەیەکی زۆر ڕاکەی خۆی گۆڕیوە، ئەوەتا بۆ واژووکردنی رێککەوتنێکی وا گرنگ، ئەمەریکا کە گەورەترین زلهێزی دنیایە یاریدەدەری وەزیری بەرگری خۆی بە رەسمی بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت و لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە یاداشتنامە واژوو دەکات، ئەمەش واتاو مانایەکی گەورە دەبەخشێت بۆ ئێستا و داهاتوومان.

*** دیارە ئەمەریکا پێش ئەم لێکتێگەیشتنەش، مەشق و راهێنانی بە چەند لیوایەکی سەربازی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە و چەك و پێداویستی بۆ دابین کردوون، ئایا وەك ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە، چۆن سەیری ئەو لیوایانە دەکەیت کە ئەمەریکا مەشق و راهێنانی پێکردوون و چەك و پێداویستی بۆ دابینکردوون؟**

- حکومەتی ئەمەریکا پرۆسەیەکی مەشقی هەمەلایەنەی سەربازی بۆ دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق هەیە، لەمەش بەشێکی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کردووە، ئەوەتا ناوەندی مەشقی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوپەیمانان (KTCC) دروست بووە، کە هاوکاتە لەگەڵ هاوکارییە ئاسمانییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بە فڕۆکە جەنگییەکان بۆ هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە، کە لە کاتی هێرش و بەرگریشدا ئەم فڕۆکانە رۆڵی کاریگەریان گێڕاوە و بە توندی پێگەی چەکدارانی تیرۆریستی داعشیان بۆردومان کردووە، لەلایەکی ترەوە هەموو هاوکارییەکی ئەمەریکا کە بۆ عێراق دابینکراوە، بەشێکی بە رێژە بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، بۆ نموونە ئەمەریکا چەند لیوایەکی بۆ سوپای عێراق چەکدار و ئامادە کردووە، لەم چوارچێوەیەشدا دوو لیوای پیادە کە هەر لیوای سێ فەوجی هەیە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ئامادە دەکات و مەشقیان پێ دەکات و چەك و تەقەمەنی سووك و قورس و کەلوپەلی سەربازی بە هاوشێوەی لیوایەکی ئەمەریکی بۆ تەرخان دەکات. لەم هەفتەیەدا دووەمین فەوجی دوو لیواکە ئامادە دەبێت و تەنیا یەك فەوجیان لە دوو لیواکە دەمێنێت، هەڵبەتە تەشکیلەی ئەم دوو لیوایە لەگەڵ تەشکیلەی لیواکانی دیکەی هێزی پێشمەرگە جیاوازە، لیواکان کە ئەمەریکا بۆ هێزی پێشمەرگە ئامادەی دەکات، پێی دەڵێن لیوای (سیانی) واتا سێ فەوج لەگەڵ چەند سرییەکی پشتیوانی لەخۆدەگرێت، لەمانگی ئایندەش فەوجی سێیەمی ئەم دوو لیوایە دەچنە مەشق و چەکدار دەکرێن و دواتر رەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکرێن.

*** بەپێی ئەم لێکتێگەیشتنە، ئەمەریکا مەبلەغێك پارەی بۆ مووچەی پێشمەرگە دابینکردووە، ئایا چەند پێشمەرگە لەم یارمەتییە مووچە وەردەگرن و ئایا مووچەکانیان هەر مووچە کۆنەکان دەبێت، یان وەك سوپای عێراق مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟ هەروەها تاچەند ئەم هاوکارییە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانی وەزارەتی پێشمەرگە سووکتر ببێت؟**

- ئەو مەبلەغەی کە ئەمەریکا بەپێی ئەم یاداشتی لێکتێگەیشتنە بۆ هێزی پێشمەرگەی تەرخان کردووە (٤١٥ ملیۆن دۆلار)ـە کە وەکو هاوکاری بۆ دابینکردنی مووچەی مانگانە دەدرێت بە بەشێك لە هێزی پێشمەرگە بە هەمان بڕ و سیستەمی وەزارەتی پێشمەرگە، واتا ئەمە مووچەیەکی

زیادە نییە، بەڵکو ئەمەریکا بۆ ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە لەم قەیرانە سەختەی داراییدا بتوانێت مانگانە مووچەی پێشمەرگە بدات، هاوکاری هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر سووککردنی ئەرکی سەرشانی وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لە پێدانی مووچە.

*** دیارە لە ماوەی چەند رۆژی رابردوو وەزیری بەرگری ئەمەریکا تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی کردووە، ئایا ئەم پێوەندییە تەلەفۆنیە تاچەند پێوەندی بە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ هەبووە؟ ئایا پێشمەرگە چۆن بەشداری پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ دەبێت؟**

- پێوەندییە تەلەفۆنیەکەی وەزیری بەرگری ئەمەریکا لەگەڵ بارزانی و هەموو ئەو کۆبوونەوانەی لەم ماوەیەدا ئەنجامدراوە لە بارەی هەلومەرجی عێراق بەگشتی و پرۆسەی شەڕی داعشەوەیە، بەتایبەتی پرۆسەی ئازادکردنی سەنتەری شاری موسڵ لە دەستی تیرۆریستانی داعش،کە ئومێدمان زۆرە تا سەری ئەمساڵ شارەکە رزگار بکرێت، لەمەودواش کۆبوونەوەکان چڕتر دەبێتەوە لەنێوان فەرماندەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراق و فەرماندەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ئەوەی پلانی پرۆسەی ئازادکردنی سەنتەری شاری موسڵ دەست پێ بکات، تەنانەت گفتوگۆکان ئایندەی سیاسی و ئیداری بەڕێوەبردنی ئەو پارێزگایەش لە دوای داعش لەخۆدەگرێت. دە خولەك پێش ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە بەندە لە کۆبوونەوەیەك بووم کە باڵیۆزی ئەمەریکا جان ماك ڤاڵم و ژمارەیەك لە گەورە فەرماندە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە و سیاسەتمەدارەکانیان ئامادە بوون و گفتوگۆ لەسەر پرۆسە سەربازی و سیاسی ئازادکردنی موسڵ کرا، ئەم جموجوڵە زۆرەش بۆ ئەوەیە لێکتێگەیشتنێك لە نێوان کوتلە سیاسییەکان دەربارەی ئایندەی موسڵ هەبێت. هەڵبەتە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٥ـەوە دەستمان بە پرۆسەی ئازادکردنی ناوچەیەکی زۆر فراوانی دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی ئەم پارێزگایە کردووە، وەکو ئازادکردنی شنگال و زومار و رەبیعە و مەخموور و گوێر و خازر کە نزیکەی ٤٠٪ی پارێزگای موسڵ پێکدەهێنن و ناوچەیەکی تەواو کوردستانین، بە درێژایی ئەم ماوەیە سوپای عێراق سەرقاڵی ئازادکرنی ناوچەکانی دیالە و سەلاحەدین و رومادی بووە و نەپەرژاوەتە سەر پرۆسەی ئازادکردنی پارێزگای نەینەوا، تەنیا لەم دوو مانگەی دواییدا دوو فرقەی سەربازی هێناوە کە یەکێکیان فرقەی ١٥یە لە مەخموور و ئەوی دیکە فرقەی ٩یە لە رێگەی بێجی یەوە بەرەو سەربازگەی گەیارە هاتووە و توانیویانە سەربازگەی گەیارە و ژمارەیەکی زۆری گوندەکان ئازاد بکەن و بەشێوەیەکی باش بچنە پێشەوە کە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی ناو شاری موسڵ گرنگە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگترە لە پرۆسە سەربازییەکەی ئازادکردنی موسڵ کە هەرێمی کوردستان بە بەردەوام جەختی لێدەکاتەوە، ئەوەیە ئێمە لە عێراق هەڵێکی سیاسی برەخسێنین کە کوتلە سیاسییەکان ئاشتەواییان هەبێت بۆ بەر لە رزگارکردنی موسڵ، چونکە ئێمە نامانەوێت کە موسڵ رزگار کرا، هەمان کێشە سیاسی و ئیدارییەکانی ئەم پارێزگایە بگەڕێتەوە، دەبێت ئێمە لە ئێستاوە رێککەوتن لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان و ئیدارەدانی پارێزگای موسڵ بکەین، نەك دوای ئازادکردنەکە لەگەڵ عێراقدا بۆ خاڵی سفر بگەڕێینەوە.

*** زۆر جار گوێمان لەوە دەبێت، پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ تەنیا سەربازی نییە، بەڵکو پێویستی بە رێککەوتنی سیاسیش هەیە لەسەر ئیدارەی شارەکە دوای داعش، ئایا ئێوە وەك لەشکری پێشمەرگە و سوپای عێراق تاچەند لەسەر پرسی دوای ئازادکردنەوەی موسڵ رێککەوتنتان کردووە؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا پرۆسەی سەربازی ئازادکردنی موسڵ باش دەچێتە پێشەوە و قورس نییە و تا کۆتایی ئەمساڵ ئومێد هەیە شارەکە ئازاد بکرێت، بەڵام ئەوەی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە پێش ئازادکردنەوەی شارەکە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق رێکبکەون لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو پارێزگایە، کە لە رووی پێکهاتەوە عەرەب و کورد و تورکمانی سوننە و شیعەی تێدایە و لە رووی ئایینیشەوە موسڵمان و مەسیحی و کوردی ئێزیدی و شەبەك و کاکەیی تێدایە، واتا لە رووی نەتەوەیی و ئایینی و تائیفیشەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، ئەمانە هەمووی نەتەوە و ئایین و تائیفەی جیان و دەبێت لە نێوانیاندا گونجاوی هەبێت بۆ ئەوەی کە پرۆسە سەربازییەکە سەرکەوت، پرۆسە سیاسییەکەش لەگەڵ پرۆسە ئیدارییەکە ئامادەبێت، تاوەکو بتوانرێت لە ئایندەدا بە گونجاوترین شێواز موسڵ ئیدارە بکرێت.

**ئەمەریکا چەند لیوایەکی بۆ سوپای عێراق چەکدار و ئامادە کردووە، لەم چوارچێوەیەشدا دوو لیوای پیادە کە هەر لیوای سێ فەوجی هەیە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ئامادە دەکات و مەشقیان پێ دەکات و چەك و تەقەمەنی سووك و قورس و کەلوپەلی سەربازی بە هاوشێوەی لیوایەکی ئەمەریکی بۆ تەرخان دەکات**

**بۆ یەکەمجارە وڵاتێکی زلهێزی وەکو ئەمەریکا کە سەرپەرشتی زیاتر لە ٦٠ دەوڵەت دەکات لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش، یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە واژوو بکات**



مایکل نایتس گەورە توێژەری ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیک، شارەزا و تایبەتمەندی کاروبارە سەربازی و ئەمنییەکانی عێراق و ئێران و وڵاتانی کەنداوە، بڕوانامەی لە بەشی دیراساتی جەنگی لە کۆلێژی شاهانە لە لەندەن بەدەست هێناوە و وەك رۆژنامەنووس کاری کردووە، لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاش کاری کردووە و چەندین توێژینەوەی دوور و درێژی ئەنجامداوە لەسەر ئەو وانانەی کە دەکرێت فێری بین لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی کە ئەمەریکا لە ساڵانی نەوەتەکاندا لە عێراق ئەنجامی داون. بۆ تاوتوێکردنی گرنگیی ئەو ڕێککەوتنە سەربازییەی کە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بەرگری ئەمەریکادا ئەنجام درا، هەروەها بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئاڵۆزی ئێستای عێراق و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران لەم وڵاتەدا، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

**مایکل نایتس**

تایبەتمەند لە بواری ئەمنی و سەربازی بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتنە سەربازییەکە ئاماژەیە بە دۆستایەتی درێژخایەنی نێوان سوپای ئەمەریکا و پێشمەرگە

## ئەم ڕێککەوتنە لایەنێکی ڕەمزی و گرنگی هەیە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا چەند ڕێز لە پێشمەرگە دەگرێت

*** هەروەك ئاگادارن بە ئامادەبوونی سەرۆكی هەرێمی کوردستان، مسعود بارزانی، ڕێککەوتنێکی سەربازی لە نێوان وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا و وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆکرا، ئەم ڕێککەوتنە وەك هەنگاوێکی بێ پێشینە، یان مێژوویی وەسفکراوە، ئایا چ لێکدانەوەیەکتان بۆ گرنگیی ئەم ڕێککەوتنە هەیە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم ڕێککەوتنە دوو لایەنی هەیە، لایەنی یەکەمیان گرنگییەکی ڕەمزی هەیە، بە مانای ئەوەی ئەمەریکا ئەوەی خستەڕوو کە چەند تەقدیری پێشمەرگە دەکات و چەند ڕێزی لێدەگرێت، هەروەها ئاماژەیە بە دۆستایەتی درێژخایەنی نێوان سوپای ئەمەریکا و پێشمەرگە. ئەمە لایەنە ڕەمزییەی ڕێککەوتنەکە گرنگە، لەبەر ئەوەی هەندێ جار سەرۆك مسعود بارزانی و سەرکردەکانی دیکەی کورد بێزار دەبوون لەوەی کە ئەمەریکا بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ پێشمەرگە دەکرد وەك ئەوەی جۆرێك بن لە میلیشیا، یان وەك ئەوەی هێزێکی چەکداری پیشەگەر نەبن. کەواتە ئەمەریکا ئاماژەیەکی بەهێزی نارد کە پێشمەرگە ڕێزلێگیراون و هێزێکی چەکداری بەتوانان. هەروەها ڕێککەوتنەکە لایەنی عەمەلیشی هەیە، بە واتای ئەوەی ئەمەریکا سەرگەرمی ئەنجامدانی کارێکی نوێیە لەگەڵ پێشمەرگەدا، لەبەر ئەوە پێویست بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی ڕەسمی

**کاتێک دەڵێن ئێران هاوکاری ئابووری عێراق دەکات، لە ڕاستیدا ئەو هاوکارییە ئابوورییە بریتییە لە فرۆشتنی غاز بە عێراق بە دوو هێندەی نرخە جیهانییەکەی، ئەوان ئەم جۆرە دۆستەن. لەبەر ئەوە لە ڕوانگەی منەوە دەستڕۆیشتویی ئێران هێندە بەهێز نییە، یاخود بەلای کەمەوە بەرەو بەهێزبوون ناچێت**

**هەڵەیە ئەگەر حکومەتە شیعەکەی بەغدا سوننەکان دووربخاتەوە و میلیشیا شیعەکان کۆنترۆڵ نەکات، هەروەها هەڵەیە ئەگەر هەرێمی کوردستان دەسەلات دابەش نەکات لە شوێنەکانی وەک کەرکوک و دوزخورماتوو، چونکە ئەو کاتە توندوتیژی بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت. ئەو کاتە تەنانەت ناتوانین بارودۆخێکی باشتر لەو بارودۆخەش بخوڵقێنین کە ساڵی ٢٠١٠ لە ئارادا بوو**

دەکات، کارە نوێیەکە ئەوەیە کە بۆ ماوەیەك ئەمەریکا هەندێ لە مووچەی پێشمەرگە دابین دەکات بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ و لە ماوەی ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنەدا، کە نزیکەی ٤١٥ ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە بۆ ئەمە مەبەستە. واتە ئێمە باسی نزیکەی ٦٠ ملیۆن دۆلار مانگانە دەکەین کە لە شێوەی مووچە و پشتیوانیدا بۆ پێشمەرگە دەستەبەر دەکرێت بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی ڕزگاکردنی موسڵ. ئەوەش ئاشکرایە کە ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە لەم ساتەوەختەدا ئەم ڕێککەوتنە واژۆکراوە، چونکە لە ئێستادا ئەو ئۆپەراسیۆنە بە ڕەوتێکی خێراتر بەڕێوەدەچێت و ئەمەش پێویستی بە ڕێککەوتنە بۆ بەشداریکردنی کورد تێیدا، لە نێویاندا بەشداری پێشمەرگە لە گۆڕەپانی شەڕدا، هەروەها ئەمە ڕێککەوتن لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق سوپا لەو ناوچانەدا جێگیر بکات کە لە ژێردەستی کورددان، بە هەمان شێوە بە مانای بەکارهێنانی بنکەی ئاسمانی هەولێر دێت وەك هێڵی دەستەبەرکردنی هاوکاری بۆ ئەو هێزانەی عێراق کە لە دەوروبەری موسڵ شەڕدەکەن، لەگەڵ دەستەبەرکردنی هاوکاری کورد بۆ سەقامگیرکردنەوەی بارودۆخی موسڵ لە دوای ڕۆیشتنی داعش. کەواتە ئەمە ئەو هۆکارانەیە کە وایانکرد ئەم ڕێککەوتنە لەم کاتەدا واژۆ بکرێت.

*** ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە پەرەسەندنێکی ستراتیژییە لە شەڕی دژ بە داعش و لە بەدیهێنانی ئامانجە ڕاگەیەنراوەکەی ئیدارەی ئۆبامادا بۆ لاوازکردنی و لە کۆتاییدا تێکشکاندنی داعش؟**

- بەڵێ، ئەوە ڕاستە، بێگومان خۆی لە خۆیدا وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەم ڕێککەوتنە بەرەنجامی سەرکەوتنەکانی پێشووی پێشمەرگەیە و هەروەها پێداویستی بەشداری پێشمەرگەیە بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە بەشێك لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە دژی داعش.

*** ئەمە بۆ یەکەمجارە کە ئیدارەی ئۆباما ڕێککەوتنێك، یان یاداشتێکی سەربازی لەگەڵ قەوارەیەکدا واژۆ دەکات کە خاوەنی سەروەریی دەوڵەت و سەربەخۆییەکی تەواو نییە، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم هەنگاوەی ئیدارەی ئەمەریکا چییە؟**

- ئەمەریکا دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بەغدا ئەم ڕێککەوتنەی واژۆ کردووە، واتە ئەمەریکا سەربەخۆ و بە بێ بەغدا ئەم کارەی نەکردووە، بەڵکو گفتوگۆیەکی ورد لە نێوان وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا و وەزارەتی بەرگری عێراق کراوە لە بەغدا، کە تێیدا لایەنی ئەمەریکی ئەوەی بۆ سوپای عێراقی ڕوون کردۆتەوە کە دەیانەوێت چی بکەن، سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادی و وەزیری بەرگری خالید عوبەیدی پشتیوان بوون بۆ ئەوەی ئەمەریکا هاوکاری دارایی پێشمەرگە بکات، ئەوان دەزانن لە ئێستادا کوردستان دووچاری دۆخێکی دارایی خراپ بۆتەوە و دەزانن کوردستان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە شەڕی ڕزگارکردنی موسڵدا، لەبەر ئەوە بەرهەڵستی دەستەبەرکردنی ئەم هاوکارییە داراییەی ئەمەریکایان نەکردووە. کەواتە ڕاستە ئەمە ڕێککەوتنی نێوان ئەمەریکا و قەوارەیەکدا بووە کە دەوڵەت نییە، بەڵام ئەم کارە لەگەڵ حکومەتی بەغدا ڕێکخراوە، خۆ ئەگەر حکومەتی عێراقی لە بەغدا نارازی بووایە، ئەوا ئەمەریکا ئەم کارەی نەدەکرد.

*** لە ماوەی ڕابردوودا کۆنگرێسی ئەمەریکا چەندین جار داوای لە ئیدارەی ئەمەریکا کردووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات، بەڵام ئیدارەی ئەمەریکا پێداگیری کردووە لەسەر ئەوەی دەبێت لە ڕێی بەغداوە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکرێت، ئایا هیچ ئاڵوگۆڕێك لەم ڕووەوە ڕوویداوە؟**

- نەخێر، گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئەمەریکادا ڕووی نەداوە، هەروەها دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکەش هەمان هەڵوێستیان هەیە، لێرەدا ئێمە باسی سندوقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی دەکەین، کە هەردووکیان بەرنامەیەکی گەورەی هاوکارییان هەیە بۆ حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و بۆ هەرێمی کوردستان. ئیدارەی ئەمەریکا و سوپای ئەمەریکا و سندوقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی هەموویان هەمان هەڵوێستی بنەڕەتییان هەیە، ئەویش ئەوەیە تاوەکو ڕەزامەندی بەغدا بە دەست نەهێنن ئەوا ڕوو ناکەنە کوردستان، بەڵام بەغداش هاوکار بووە، هۆکاری هاوکاریکردنی بەغداش ئەوەیە کە ئەمەریکا و سندوقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی ئەو ئاماژەیەیان بە بەغدا داوە کە ڕازی نابن بەغدا کوردستان لە هاوکاری سەربازی، یان ئابووری بێبەش بکات، بە دەربڕینێکی دیکە، ڕاستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەگەڵ بەغدا دەکات، بەڵام ئەو ئاماژەیەش بە بەغدا دەدەن کە دەبێت بەغداش پشکی هەرێمی کوردستان بدات. هەر لەبەر ئەمەشە کە بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ شتەکان دەگۆڕێن. پرسیارەکە بۆ خوێنەرانتان ئەوەیە، ئەگەر بەغدا بە ئەمەریکا بڵێت نەخێر بۆ هاوکاریکردنی سەربازی بۆ پێشمەرگە، یان ئەگەر بەغدا بە بانکی جیهانی بڵێت نەخێر بۆ هاوکاری ئابووری بۆ پێشمەرگە، ئایا چەند

دەخایەنێت کە ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتیانە دەستبدەنە مامەڵەیەکەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا؟ بە بۆچوونی من ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانە زۆر بە پەلە دەست بە دامەزراندنی پێوەندی ڕاستەوخۆ دەکەن لەگەڵ هەرێمی کوردستان. کەواتە بەغدا ئەو ڕاستییە دەزانێت کە ئەگەر دەیەوێت لە پرۆسەی گفتوگۆکاندا بمێنێتەوە و ئەگەر دەیەوێت ڕاوێژی پێبکرێت بۆ ئەو هاوکارییە سەربازی و ئابوورییانەی بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکرێت، ئەوا دەبێت ڕەزامەندی خۆی پیشان بدات، ئەوەش بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ دەگۆڕێت.

*** لە بەیاننامەی سەرۆکایەتی هەرێمدا جەخت لەسەر پلانی دوای ڕزگارکردنی موسڵ لە داعش کرابۆوە، چونکە سەقامگیرکردنەوەی بارودۆخەکە و ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی گرووپی هاوشێوەی داعش لە داهاتوودا پێویستی بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنی سیاسی هەیە بۆ ئیدارەدانی دۆخی دوای داعش، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هیچ ڕێککەوتنێك، یان هیچ گفتوگۆیەکی لەم چەشنە لە ئارادایە؟**

- پێموایە ئەو پرسەی کە یەکەمجار بیری لێدەکرێتەوە لە پێوەندی بە دۆخی موسڵی دوای داعشەوە، ئەوەیە چۆن ئیدارەی ئەو شارە دەکرێت. لێرەدا ئێمە خۆشبەختین لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگامان هەیە، واتە بونیادێکی حوکمڕانیمان هەیە بۆ شارەکە لە دوای نەمانی داعشەوە. بە باوەڕی من بەشێکی زۆری گفتوگۆکان بۆ ئەوە تەرخان دەکرێت کە چۆن ئەنجومەنی پارێزگا هەڵسووڕێت و کێ دەبێتە پارێزگار و چەند بە خێرایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجام دەدرێت، ئەمە لایەنێکی مەسەلەکە. لایەنێکی دیکەی ئەم پرسە پەیوەستە بە ئاسایشەوە، چ لایەنێك بەشداری لە پێکهێنانی هێزە ئەمنییەکاندا دەکات، ئەوەش پەیوەستە بە دامەزراندنی هێزی پۆلیسەوە. لایەنێکی دیکەی ئەم مەسەلەیە پێوەندی بە ئاوەدانکردنەوەوە هەیە، واتە چۆن پارێزگار و سەرکردە سەرەکییەکانی دیکەی موسڵ کار بکەن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەکان. هەموو ئەوانەش پەیوەستن بە بەدیهێنانی دادپەروەرییەوە، بە دانانی دادگاکان و دادگاییکردنی ئەو کەسە مەحەلییانەی کە هاوکارییان لەگەڵ داعشدا کردووە، واتە دادپەروەرییەکی ڕەسمی بەدی بهێنرێت لە بری هێرشی تۆڵەسەندنەوە، کەواتە ئەمانە ئەو مەسەلە گرنگانەن کە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت. ئەمەش بەندە بە گەڕاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ موسڵ، بە دڵنیاییەوە کوتلەیەکی کوردی گرنگ هەیە لە نێو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوادا، کە لەوێدا کوردستان ڕۆڵی خۆی دەبینێت، کە ئاشکرایە دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئەوانی دیکە کۆك بن لەگەڵ پارێزگادا. واتە گرنگ ئەوەیە هەوڵی ئەوە بدەن درێژە بە پێوەندیەکی باش و سەرکەوتو بدەن لە نێو ئەنجومەنی پارێزگادا بۆ ئەوەی ڕۆژی دوای نەمانی داعش لە موسڵ بە تەواوەتی دەست بە کار بکات و بە باشی هەڵسووڕێت. لە پێوەندی بە سەقامگیرکردنەوەی دۆخەکە لە دوای داعشەوە چەند وانەیەك لە ئەزموونی ڕوومادی و تکریت- ـەوە فێربووین کە چۆن سەرکردە مەحەلییەکان پێویستە پێکەوە کاربکەن، نەك دژی یەکتر بوەستنەوە، لە ڕوومادی وانەیەکی قورسمان لەبەردەستدایە کە چۆن پارێزگار و سەرۆکی کوتلەی سوننەی-ئیسلامی دژی یەکتر کاردەکەن، کە ئەمە حاڵەتێکە خوازیاری دووبارەبونەوەی نین لە موسڵ.

*** یەکێك لە لێکدانەوەکان بۆ ئەم ڕێککەوتنە ئەوەیە کە ئەمە دانپێدانان و نرخاندنی قارەمانێتی و قوربانیدانەکانی پێشمەرگەیە لە بەرەکانی شەڕدا، کەوابێت ئایا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە پێشمەرگە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنەوەی موسڵدا دەبێت؟**

- ئەوە یەکلابۆتەوە کە پێشمەرگە ڕۆڵی دەبێت لە شەڕی ڕزگارکردنەوەی شارەکەدا، ئەمەش مەسەلەیەکە کە ماوەیەکە ئامادەسازی بۆ کراوە، وەك مەشقپێکردن و پڕچەککردنی دوو لیوای پێشمەرگە لە لایەن ئەمەریکاوە، ئەوەش کارێکی پێویست بوو، کە ڕەنگە پێشمەرگە نەچنە نێو خودی شاری موسڵ و ڕەنگە لە قۆڵی ڕۆژهەڵاتەوە، لە ناوچەی بەعشیقەوە هێرش بکەن، بەڵام لە هەر قوڵێکەوە هێرش بکەن، ئەوا ڕۆڵێکی گرنگ لە شەڕی موسڵدا دەبینن.

*** ئاشکرایە بەم دواییە ڕێژەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و تەقینەوە خۆکوژییەکان ڕوویان لە هەڵکشان کردوە لە عێراقدا، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی مەدەنی کرانە ئامانج و خوێناویتریان تەقینەوەکانی بەغدا بوون، ئایا تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە چییە بۆ ئاڵۆزبوونی زیاتری ڕەوشە ئەمنییەکە لەم وڵاتەدا و ئایا ئامانج لەم شەڕەی کە دژ بە داعش بەڕێوەدەچێت، ئەوە نییە جارێکی دیکە ئەم وڵاتە سەقامگیر بێتەوە؟ یان ئایا گریمانەی ئەوە ناکرێت لەگەڵ پاشەکشەی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیەدا بارودۆخی ئەمنی بەرەو خراپبوون دەچێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە بێینەسەر باسی ئەم شەڕەی دژ بە داعشە کە بەرپا کراوە، ئەوا دەتوانین

**ئەوە یەکلابۆتەوە کە پێشمەرگە ڕۆڵی دەبێت لە شەڕی ڕزگارکردنەوەی موسڵ، ئەمەش مەسەلەیەکە کە ماوەیەکە ئامادەسازی بۆ کراوە، وەک مەشقپێکردن و پڕچەککردنی دوو لیوای پێشمەرگە لە لایەن ئەمەریکاوە**

**ئێران هەندێ چەکی نارد و هاوکاری هاوپەیمانەکانی کرد بۆ چەکدارکردنی حەشدی شەعبی، بەڵام لە ڕاستیدا دەستکەوتێکی زۆریان بەدەست نەهێنا دوای ئەوە. ئەمە لە کاتێکدا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕۆژ بە ڕۆژ پشتیوانی زیاتری دەستەبەر دەکرد بۆ عێراق و کاتێک لە فەرماندەکانی ئۆپەراسیۆنە ئەمنییەکانی عێراق دەڕوانیت، ئەوا هەموو ئەو ژەنەڕاڵانەی کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لە تکریت و ڕومادی و و فەلوجە و هیت و بێجی و گەیارە، هەموویان فەرماندەگەلێکن کە لەلایەن ئەمەریکاوە مەشقیان پێکراوە و پشتیوانی کراون**

بڵێین ئامانج لەم شەڕە سەقامگیرکردنی عێراق نییە، یان بۆ ئەوە نییە ئاشتی باڵ بە سەر عێراقدا بکێشێتەوە، بەڵکو ئامانجەکە گەڕاندنەوەی عێراقە بۆ ئەو دۆخەی لە ساڵی ٢٠١٣دا لە ئارادا بوو، واتە پێش ئەوەی داعش بچێتە نێو ئەو شارانەوە. کەواتە ئەو ڕۆژەی موسڵ ڕزگار دەکرێت، ئەوا عێراق دەگەڕێتەوە بۆ دۆخە ئەمنییەکەی ساڵی ٢٠١٣، ئەمەش ڕەوشێکی باش نابێت، لەبەر ئەوە دەبێت هەنگاوی دیکە هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی دۆخە ئەمنییەکە هاوشێوەی دۆخی ئەمنی ساڵی ٢٠١٠ی لێبکرێت، کە هەلومەرجێکی باشتر بوو، چونکە ئومێدی سەقامگیربوونی وڵاتەکەی لێدەکرا. چونکە لەو کاتەدا، کار و کردەوە تیرۆریستییەکان لە ئاستێکی نزمدا بوون و ئومێد بە وەبەرهێنان دەکرا لە وڵاتەکە، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خەڵك لەسەر شەقامەکان، هەر کاتێك ڕەوشەکەمان گەڕاندنەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە لە ساڵی ٢٠١٠دا لە ئارادابوو، ئەوا پێویستە بیر لە هەنگاوی داهاتوو بکرێتەوە، ئایا عێراقی دوای ٢٠١٠ دەبووە چ وڵاتێك لە پێوەندی بە چەسپاندنی سەقامگیرییەوە. کە ئێستا ئێمە دوورین لە بەدەستهێنانی ئەو ڕەوشەوە. کەواتە ئەگەر حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بڕیار بدەن، ئەوا دەتوانن بە خێرایی بگەڕێنەوە بۆ ئەو دۆخەی لە ساڵی ٢٠١٠دا لە ئارادا بوو و ئەو کاتەش دەتوانن هەنگاو بۆ بەدیهێنانی سەقامگیرییەکی ڕاستەقینە هەڵبگرن. لەبەر ئەوە پێموایە هەڵەیە ئەگەر حکومەتە شیعەکەی بەغدا سوننەکان دووربخاتەوە و میلیشیا شیعەکان کۆنترۆڵ نەکات، هەروەها هەڵەیە ئەگەر هەرێمی کوردستان دەسەڵات دابەش نەکات لە شوێنەکانی وەك کەرکوك و دوزخورماتوو، چونکە ئەو کاتە توندوتیژی بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت. ئەو کاتە تەنانەت ناتوانین بارودۆخێکی باشتر لەو بارودۆخەش بخوڵقێنین کە ساڵی ٢٠١٠ لە ئارادا بوو.

*** شیکردنەوە و تێڕوانینی ئێوە چییە بۆ زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا و بەکارهێنانی میلیشیاکان لە لایەن ئێرانەوە بۆ برەودان بە هێزی خۆی لەم وڵاتەدا؟**

- من پێموانییە دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا لە زیادبووندابێت، ڕاستە لە ساڵی ٢٠٠٣وە هەمیشە کاریگەری ئێران لە عێراقدا کاریگەرییەکی جددی بووە، هەروەها پێموایە کاتێك حەشدی شەعبی لە ساڵی ٢٠١٤دا پێکهێنرا، ئەوا ئەمە ساتەوەختێك بوو کە دەکرا دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری ئێران زۆر زۆر بەهێز بێت، بەڵام هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هێزێکی سەربازی گەورەی هێنایە عێراقەوە و ئەوە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بوو کە بووە هۆی هێنانەدی سەرکەوتن لە تکریت و ڕومادی و هیت و فەللوجە و بێجی و گەیارە و لە داهاتووشدا لە موسڵ و تەلەعفەر بەدی دەهێنرێت، واتە ئەوە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بوو کە هۆکاری بەدەستهێنانی ئەم سەرکەوتنانە بوو، نەك ئێران. ئێران هەندێ چەکی نارد و هاوکاری هاوپەیمانەکانی کرد بۆ چەکدارکردنی حەشدی شەعبی، بەڵام لە ڕاستیدا دەستکەوتێکی زۆریان بەدەست نەهێنا دوای ئەوە. ئەمە لە کاتێکدا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕۆژ بە ڕۆژ پشتیوانی زیاتری دەستەبەر دەکرد بۆ عێراق و کاتێك لە فەرماندەکانی ئۆپەراسیۆنە ئەمنییەکانی عێراق دەڕوانیت، ئەوا هەموو ئەو ژەنەڕاڵانەی کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لە تکریت و ڕومادی و و فەلوجە و هیت و بێجی و گەیارە، هەموویان فەرماندەگەلێکن کە لەلایەن ئەمەریکاوە مەشقیان پێکراوە و پشتیوانی کراون و لە ساڵی ٢٠٠٣وە لەگەڵ حکومەتی عێراق و ئەمەریکا کاریان کردووە، لەبەر ئەوە پێموایە دەستڕۆیشتوویی ئێران بە جێگیری ماوەتەوە و تاوەکو ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوام بن لە هاوکاریکردنی عێراق، نەك هەر تەنیا هاوکاری سەربازی، بەڵکو ئەو بەرنامە گەورەیەی هاوکاری کە لە لایەن سندوقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانییەوە جێبەجێ دەکرێت بە بڕی ١٨ ملیار دۆلار، ئەوا سنوورێك بۆ دەستڕۆیشتویی ئێران دادەنرێت. لە ئێستاشدا هەر کاتێك ئێران مومارەسەی دەستڕۆیشتوویی بکات لە عێراقدا، ئەوا ڕووبەڕووی پەرچەکردارێکی سلبی دەبێتەوە. چونکە ئێران ناتوانێت ئەدایەکی باشتری لە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هەبێت. کەواتە ئایا ئێران چۆن کاریگەر دەبێت لەسەر سیاسەتی عێراق؟ لە ڕێی کەسانێکی وەك موقتەدا سەدر، یان قاسم سلێمانی کە سەردانی هادی ئەلعامری دەکات، بەڵام هەموو ئەمانە وەك دەستێوەردان دەردەکەون، نەك وەك هاوکاری. بەڵام کاتێك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەموو ڕۆژێکی بۆردومانی داعش دەکات و ١٨ ملیار دۆلار دەداتە عێراق، ئایا ئێران چی دەکات لە بەرامبەردا و پارسەنگ بەوە؟ هیچ شتێك. بەڵام ئەی مانای چییە کاتێك دەڵێن ئێران هاوکاری ئابووری عێراق دەکات، لە ڕاستیدا ئەو هاوکارییە ئابوورییە بریتییە لە فرۆشتنی غاز بە عێراق بە دوو هێندەی نرخە جیهانییەکەی، ئەوان ئەم جۆرە دۆستەن. لەبەر ئەوە لە ڕوانگەی منەوە دەستڕۆیشتویی ئێران هێندە بەهێز نییە، یاخود بەلای کەمەوە بەرەو بەهێزبوون ناچێت.

**ئەمەریکا و سندوقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی ئەو ئاماژەیەیان بە بەغدا داوە کە ڕازی نابن بەغدا کوردستان لە هاوکاری سەربازی، یان ئابووری بێبەش بکات، بە دەربڕینێکی دیکە، ڕاستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەگەڵ بەغدا دەکات، بەڵام ئەو ئاماژەیەش بە بەغدا دەدەن کە دەبێت بەغداش پشکی هەرێمی کوردستان بدات**

**سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی و وەزیری بەرگری خالید عوبەیدی پشتیوان بوون بۆ ئەوەی ئەمەریکا هاوکاری دارایی پێشمەرگە بکات، ئەوان دەزانن لە ئێستادا کوردستان دووچاری دۆخێکی دارایی خراپ بۆتەوە و دەزانن کوردستان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە شەڕی ڕزگارکردنی موسڵدا**

# جیابوونەوە لە عێراق به پێوانەی سوود و زیان



ئازا حەسیب قەرەداخی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئێرلەندا و سکوتلەندا و باسك و کەتەلۆنیا و کیوبیك دەیانەوێ لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسپانیا و کەنەدا جیاببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزرێنن. هەریەك لەوان زیاتر لە یەك سەدەیە لەم پێناوەدا تێدەکۆشن و قوربانی زۆریان داوە.

ئەو بەریتانیایەی کە ئێرلەندا و سکوتلەندا دەیانەوێ لێی جیاببنەوە، دەوڵەتێکی سەرمایەداریی پیشەسازیی پێشکەوتووە. دەوڵەتێکی دیموکراتی خودان شکۆ و پایەدار و دەستڕۆیشتووی نێودەوڵەتییە. ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی (جی حەوت)ـە کە ڕێکخراوی حەوت دەوڵەتە پیشەسازییە هەرە دەوڵەمەندەکەی جیهانە. ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییە. ڕابەری وڵاتانی کۆمنوێلسە. ئەمە بۆ وڵاتانی فەرەنسا و ئیسپانیا و کەنەداش بە کەمێك زیاد، یان کەمێك کەمتر دروست و ڕاستە. واتە ئەو هەرێمانەی ناوم بردوون، خەبات دەکەن بۆ جیابوونەوە لە وڵاتانی دیموکراسیی پێشکەوتووی سیاسی و ئابووری خودان پێگە و ئیعتیباری نێودەڵەتی.

ئێمەی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش وەك ئەوان دەمانەوێ هەرێمەکەمان لە عێراق جیابێتەوە و سەربەخۆ بێ و دەوڵەت دامەزرێنین. ئەوان لە وڵاتانی دیموکراتی خاوەن ئابووریی تۆکمە جیادەبنەوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ لە دەوڵەتێکی تائیفی فاشیلی پاشکەوتووی قەرزار و خاوەن ئابووریی داڕوخاو کە چوارەمین دەوڵەتی هەرە گەندەڵە لە جیهاندا جیابینەوە. ئێمە دەمانەوێ لە دەوڵەتی ئەنفال و کیمیارێژ و تەعریب و تەبعیس و شەڕی تائیفی جیابینەوە. ئەوان دەیانەوێ لە دەوڵەتانی خودان شکۆ و سەروەری و دەستڕۆیشتووی نێودەوڵەتی جیاببنەوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ لە دەوڵەتێك جیابینەوە کە سەروەریی نەماوە و بۆتە کانتۆنی میلیشیا چەکدارەکان و گوێ لە مستی ئێران.

ئەوان لە دەوڵەتانێك جیادەبنەوە کە ئەگەری زەرەرکردنیان لە ئەنجامی جیابوونەوەکە زۆر زۆرە. بەڵام جیابوونەوەی ئێمە سەد لە سەد لە قازانجمانە و جگە لە کوێت و کێشە و مێژوویەکی تاڵ و پڕ نەهامەتی و ئێستایەکی پڕ لە خوێنی شەڕی تایفەکان و زوڵم و غەدری فاشی و شۆڤێنی زیاتر لەدەست نادەین.

ئەوان لە بەریتانیای عوزما جیا دەبنەوە، ئێمە لە عێراقی لەتوپەت بوو.

ئەوان لە فەرەنسا، لانکەی ئازادی و دیموکراسی و جوانی جیا دەبنەوە، ئێمە لە عێراقی سەرکوت و کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر و پیسترین وڵاتی دنیا جیا دەبینەوە.

ئەوان لە کەنەدای پڕ خێر و خاوەن زۆرترین سامان جیا دەبنەوە، ئێمە لە عێراقی شکستخواردووی هەژار جیادەبینەوە کە جگە لە ئەنفال و کیمیا و جەنگ شتێکی تری نەداوە بە کوردستان.

لە ئێرلەندا و باسك و کیوبیك و کەتەلۆنیا خەڵکانێك هەن دژی جیابوونەوەن، چونکە پێیانوایە هەرێمەکانیان هەژارن و مانەوەیان لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووە دەوڵەمەندەکان باشترە و بە هۆی بەهێزیی ئەوانەوە ئەمانیش بەهێز دەبن. لای ئێمەیش خەڵکانێك هەن دژی جیابوونەوەی کوردستانن لە عێراق، بەڵام عێراق نە بەریتانیایە نە فەرەنسا، نە ئیسپانیا و نە کەنەدایە تا پێیانوابێ بە جیابوونەوەمان زەرەر دەکەین.

کە ئەوان بە جیابوونەوە لەو وڵاتە گەشەکردووە دیموکراتانە سوودمەند بن، ئەدی ئێمە بۆچی بە جیابوونەوەمان لە عێراقی نەخۆش و فاشیل و تایفەگەری زەرەرمەند دەبین؟!

# سیاسەتکردن بۆ بەهرەدارانی سیاسییە نەک بۆ نمایشکارانی بەردەم میدیاکان



ڕێباز عوسمان

مرۆڤی ژێر خاوەنی بەهرەیەکە و ئەو بەهرەیە دەیگەیەنێتە هەموو هەوڵ و ئامانجەکانی، ئینجا ئەگەر ئەو مرۆڤە خاوەنی بەهرەی سیاسی بێت و سیاسەتمەدار بێت، ئەوا ئەو نیشتمان و گەلە سەربەرز دەبن و بەرەو لوتکە هەنگاوەکانیان دەنێن. لەبەر ئەوەی سیاسەتمەداری خاوەن بەهرە هەمیشە بە شێوەی دیراسەکراو و پلان بۆ داڕێژراو و نەخشەڕێژ هەنگاو دەنێت، بۆیە هیچ کات جێی مەترسی نییە ئەگەر ئەو سیاسەتمەدارە هەر هەنگاوێك بنێت و لە لایەن میللەتەوە پشتگیری بکرێت. لە ئێستادا ئەو بەهرەمەندە سیاسییە لە کوردستان ڕێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە توانیویەتی بە سیاسەتی حەکیمانە و ژیرانە کوردستان بگەینێت بە جیهان و کوردستان بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە پرۆتۆکۆل لەگەڵ گەورەترین وڵاتی زلهێزی جیهاندا واژوو بکات، ئەویش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری پێشمەرگەی سەربەرز و بۆ سەروەری زیاتری کوردستان. هەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش نییە کە پشتگیری لە کوردستان و پێشمەرگەی کوردستان دەکات، بەڵکو چەندین وڵاتی زۆر بەهێزی دیکەی وەك ئیسرائیل، ڕووسیا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، تورکیا، سعودیە و زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەموو ئەو وڵاتانەی لەگەڵ سەربەخۆیی کورد و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانن، لەگەڵ ئەوەن پێشمەرگە ببێتە سوپایەکی بەهێز، چونکە پێشمەرگەیە کە شەڕی هەموو جیهان لە دژی تیرۆر دەکات. بۆیە زۆر لە دەوڵەتی گەورەی جیهان پشتگیری لەو لێدوانەی ڕێزدار (مسرور بارزانی ) دەکەن کە چیتر کوردستان نابێت بەشێك بێت لە عێراق و دەبێت عێراق ببێت بە سێ هەرێم و کورد لەگەڵ وڵاتێك نامێنێت کە خەڵکەکەی لەسەر ناسنامە دەکوژرێت، ئەو ڕاشکاوییە سیاسییەش بووە تەوەری گفتوگۆ و باسی میدیا جیهانییەکان، کە بێگومان هیچ کام لەم دەستکەوتانە، دەستکەوتی خۆڕایی نین، بەڵکو سیاسەتمەداری بەهرەمەند گەیاندوویەتە ئەم ڕۆژە.

بەڕاستی ئەم دەستکەوتانەی جەنابی سەرۆك بارزانی، نە کەم دەبێتەوە و نە بەراورد دەکرێت لەگەڵ قسەی چەند نمایشکارێکی بەردەم میدیاکان کە هەموو خەم و ئاواتیان تێکدانی ئەم دەستکەوتانە و ئاژاوەنانەوەیە لە کوردستاندا و دەیانەوێ خەڵکی کوردستان بکەن بە گژی یەکدا و خەڵکی شارێك لەگەڵ شارێکی دیکە یەکیان نەوێت و دوو کەس لە ناو یەك شوێنی کارکردن یەکیان قبووڵ نەبێت، دروستبوونی هەموو ئەمانە دەرئەنجامی دروستبوونی کۆمەڵێك هەرزەکار و نمایشکار بوو لە بەردەم میدیاکانی کوردستان لە کومەڵێك لایەنی دژ بە کورستان و دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە حزبەکانی ڕکابەر و میدیا بە ناو سێبەرەکان کە ڕۆژانە کۆمەڵێك سیناریۆی درۆی دژ بە دۆزی کورد و دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەکەن و کۆمەڵێك نمایشی سەیر لە بەردەم میدیاکانی سپۆنسەریان نمایش دەکەن.

بۆیە کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکەوە و لە یەك کاتدا ناویان دەهێنین، چونکە پارتی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەتا ئەم چرکەساتە تەنیا حزب بووە کە هەمیشە سوور بووە لەسەر پێشخستنی دۆزی کورد و سوور بووە لەسەر سەربەخۆیی کوردستان و سەروەری خاکەکەی. بۆیە ناحەزان و رکابەرەکانی کە هەڵگری ئایدیای زۆر جیاوازن کە ئایدیای دژایەتی پارتی و کورد و کوردستانە، هەمیشە لە هەوڵی ئاژاوەنانەوە و نمایشی ساختە و بوختانن، بۆیە دەڵێم سیاسەتکردن بۆ بەهرەدارانی سیاسییە، نەك بۆ نمایشکارانی بەردەم میدیاکان.

# کە سیکۆلاریزم دەبێت بە ئایدیۆلۆژیا بیابانی رۆح دەخاتەوە

سەدەی پازدە سەدەی ڕێنسانس بوو لە ئەوروپادا، ئەو سەدەیەی بوو بە هۆی دەرکەوتنی گۆڕانێکی فیکری و لەوێشەوە بیرۆکەی سیکۆلاریزم و دنیاگەری هاتەئاراوە. کەواتە سیکۆلاریزم لە سەرەتاوە بۆ ئەوە دەرکەوت کە خەڵک بەرەو دنیا بهێنێتەوە و، لە دەستی قیامەتخوازانی کڵێسایان وەربگرێتەوە، کە بایەخیان بە دنیای خەڵك نەدەدا و ژیانیان پشتگوێ خستبوو.

سیکۆلاریزم بۆ ئەوە هات کە کڵێسای جیهانی لە دەوڵەتی نەتەوەیی جیابکاتەوە و، کڵێسای نیشتمانی و دەوڵەتی نەتەوەیی پێکەوە کۆبکاتەوە، هەردووکیشیان لە دەستی هەژموونی کڵێسای جیهانیی رۆما رزگاربکات، کە لە دوورەوە و بێ ئاگاداری لە بارودۆخی وڵاتان، یەك فەتوا و یەك مەزهەب و یەك بیرکردنەوەی بە سەر هەموو پەیڕەوکارانیدا دەسەپاند. بەڵام دواتر هەڵەی زۆرێك لە سیکۆلاریستەکان لەوێوە دەستی پێکرد کە دروشمی (جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کڵێسا)یان گۆڕی بۆ (جیاکردنەوەی دین لە کۆمەڵگە)، بەمەش لە جیاتی بێلایەنیی لەنێوان پەیڕەوکارانی ئایینەکاندا، بوونە بانگەشەکار بۆ ئیلحاد و بێدینی، بەمەش شەڕێکی ئایدیۆلۆژیی بێ پاساویان بەرپاکرد، کە ئەنجامێکی تاڵی دەیان ساڵەی لێکەوتەوە کە تائێستاش بەردەوامە، چونکە کە سیکۆلاریزم رۆچوو لە دنیاگەریی بێسنووردا و وەڵامی پرسیارە نەمرەکان و داواکانی رۆحی مرۆڤی پێنەبوو، ئەوسا هەر ئەوەی پێکرا کە مرۆڤ لە دەست پیاوانی کەنیسە رزگاربکات، بەڵام دواجار بۆ زانینی ئاینەدە و داوارۆژیان تەسلیمی بەخت و بورج و کەلوەکانیان بکات!!

بۆیە بیرمەندی فەرەنسی (رۆجێی دۆبێرێی) لە کتێبی (ئەو رووناکییانەی کە مرۆڤ کوێردەکەن) دەڵێت: «عەلمانییەتێکی وشك و رووکەشمان ناوێت کە ئایین بە رەهایی ئایین دووربخاتەوە بە بیانووی ئەوەی تاریکییە، لە هەمان کاتیشدا فەندەمێنتاڵییەکی توندڕەویشمان ناوێت کە ئەوانی دی کافر بکات و سەریان ببڕێت.»

هەروەها لە زیاتر لە لاپەڕەیەکدا دەڵێت: «پرۆسەیەکی هەڵخەڵەتێنەر و گومڕاکار دژی بیرۆکەکانی سەردەمی رۆشنگەرییەوە دەکرێت هەر لە ژێر ناوی بیرۆکەکانی هەمان سەردەمدا . دروشمگەلێکی گەورە بەرزدەکرێنەوە لە ژێر ناوی زانست و ئازادیی و دادپەروەریی . دروشم و خۆدانە پاڵ بیرۆکەکانی سەردەمی رۆشنگەریی بەس نین بۆ بردنەوەی جەنگەکانی ئەم سەردەمە، بەڵکو پێویستە بەم سەردەمەی ئێستا ئاشنا بین، چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بە سەر زەمان و سەردەمی خۆیدا باز بدات. بیرۆکەکانی سەردەمی رۆشنگەری هەموو بەڵێنەکانی نەهێنایەدی، بەڵکو بە ناوی ئازادیی تاکەوە بیرۆکەی خۆشگوزەرانیی تاك زاڵ بوو بە سەر خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەدا.»


(د. کۆڵن تێرنەر)یش کە لە پێرمەنگهام لەدایك بووە لە ساڵی (١٩٥٥) و لە ساڵی (١٩٧٥) موسڵمان بووە، لە زانکۆی مانچستەر مامۆستا بووە، لە بەرواری (١٩٩١/٣/١٦) لە ئەستانبوڵ لە سیمینارێکدا وتی: «مرۆڤی رۆژئاوایی کە ناتوانێت ئەو بیرۆکەیە هەرس بکات کە ئەرك و وەزیفەی ئەو دەرخستن و دانەوەی سیفاتە خوداییەکانە بە ناوی دانەرو خالیقەوە و بەپێی ویست و رەزامەندیی ئەو، لە جیاتی ئەمە دەبینین دێت ئەو سیفاتە ئیلاهییانە بە جۆرێك دەردەخات کە دەیکاتە موڵکی خۆی و بەجۆرێکیش مامەڵە لەگەڵ هەموو ژیانیدا دەکات، کە هەوڵ دەدات هەمووی بخاتە چوارچێوەی موڵکدارێتییەکەوە کە بە خەیاڵی خۆی بە هی خۆی دەزانێت. لە ژیانیشیدا بە گەڕانی بە دوای ناکۆتاییدا دەکەوێتە ململانێیەکی توند و زۆرجاریش کوشندەوە، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.. مرۆڤی رۆژئاوایی کە هەوڵی هەڵاتن دەدات لە بیرۆکە خەمبار و خەمهێنەرەکان لە بارەی چارەنووسی کۆتایی خۆیەوە، دەبینین لە هەوڵی کپکردن و خامۆشکردنی ئەو تواناو ئامادەباشییانەدایە کە خوای گەورە پێی بەخشیون بۆ ناسین و خۆشویستنی خالیقی خۆی و بۆ گەیشتن بەو راستییەی کە مرۆڤ بە تەنیا هیچ نییە...

عەقیدەی خۆپەرستیی کورتی هێنا لە بەدیهێنانی بەڵێنەکانیدا و، عەقیدەی سێ کوچکەیی دنیاییش کە بریتین لە (پێشکەوتنی بێ سنوور، ئازادیی بێ سنوور، کامەرانیی بێ سنوور) بووە بە شتێکی بێ مانا وەك عەقیدەی سێ کوچکەیی کەنیسە کە چەند سەدەیەکە وەلانراون .. بیرۆکەی (مرۆڤایەتیی دنیاگەر)یش رۆژئاوای کردۆتە بیابانی رۆح.»



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

# سوننەی مالیکی



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاتێ بەراوردێك لە نێوان حزبی بەعس، کە زیاتر لە سێ دەیە حوکمڕانیی عێراقی کرد، لەگەڵ حزبی دەعوە-دا دەکەین، کە لەوەتەی ٢٠٠٥ـەوە حوکمڕانی ئەو وڵاتە دەکات، دەبینین کە هەردووکیان وڵاتیان بەرەو کارەسات بردووە. حزبی بەعس رژێمێکی ستەمکاری سیاسی بوو کە خۆی لە خودی شەخسیی سەدام حوسێندا دەبینییەوە، هەموو چەشنەکانی ئازادی و دیموکراسی و فرەیی و مافی مرۆڤی پێشێل کردبوو، باشترین بەڵگەش گۆڕە بەکۆمەڵەکانە، بەڵام حزبی دەعوە کە کۆنترین حزبی ئایینی عێراقییە و لە ساڵی ١٩٥٧ بە ئامادەبوونی محەمەد باقر ئەلسەدرو محەمەد مەهدی ئەلحەکیم و مورتەزا ئەلعەسکەری دامەزرا، ئەم حزبە بەو شێوەیە هات کە هەڵگری پەیامێکی ئایینی جیهانییە لەشێوەی پەیامەکەی ئیخوان موسلمین لە میسر، ئەگەر ئیخوان نوێنەرایەتیی ئیسلامی سیاسیی سوننە بکات، ئەوا حزبی دەعوە نوێنەرایەتیی ئیسلامی سیاسی شیعە دەکات، لە دامەزراندنییەوە کاری بۆ پرسە ئایینی و مەزهەبییەکان و تەنانەت بنیادنانی نیشتمان و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و فرەیی و دەوڵەتی مەدەنی دەکرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەو حزبە بوو بە حزبێکی ستەمکاری ئایینی و ئایدیۆلۆژی، یەکەم سەرۆك وەزیرانیشی لە عێراق ئیبراهیم جەعفەری بوو لە ساڵی ٢٠٠٥، دواتر لە ٢٠٠٦ نوری مالیکی بوو بە سەرۆك وەزیران، ئەو لەگەڵ جەعفەریدا لە رووی فیکرییەوە جیاواز بوو، بەڵام وا دیارە ئەو سیاسەتە لەگەڵ بیروبۆچوونی حزبی دەعوە و کۆماری ئیسلامیدا ناگونجێت، ئەو حزبە پێوەندیی لەگەڵ ئێراندا هەیە، سەرانی دەعوە لە ساڵی ١٩٨١ لە ماڵی خومەینی لەگەڵیدا کۆببوونەوە، ئەو کاتە باقر ئەلسەدر تیۆری حکومەتی مەرجەعی خستبووەڕوو کە هاوشانی حکومەتی ولایەتی فەقیهی ئێرانییە، بۆیە لە سەرەتادا هەنگاوەکانی مالیکی بە پێچەوانەی بنەماکانی حزبی دەعوە بوون، دواتر و لەناکاودا مالیکی گۆڕا، دەستی کرد بە دژایەتیکردنی سوننە و پاکتاوکردن و پەراوێزخستنیان، لەسەردەمی ئەودا ئاشووب و کاولکاری و دواکەوتن و نەهامەتی رووی لە وڵات کرد، لێرەدا زاراوەی (سوننەی مالکی) هاتەئاراوە، بۆیە دەبینین مالیکی لە یەك کاتدا پەنای بۆ دوو شێواز برد، شێوازی تۆقاندن و تیرۆر بۆ ئەوانەی دژی پڕۆژە ئیسلامییە مەزهەبییەکەی دەوەستانەوە، ئەوەش وای کرد زۆر لە سوننەکان عێراق جێ بهێڵن، بۆ نموونەش تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار کە مالیکی بە تیرۆریست تاوانباری کرد، هەروەها خەڵکی دیکەی سوننە کە دواتر لەلایەن دادگای عێراقەوە حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو.

شێوازی دووەم بریتی بوو لە کڕینی خەڵك و بەدیهێنانی داخوازییەکانیان، بۆیە دەبینین زۆر لە سەرانی سوننە و سیاسەتمەدارانیان پەنایان بۆ مالیکی برد و پۆستیان لە دەوڵەت وەرگرت، مالیکیش پارەو دەستکەوت و زەوی و خانووبەرەی بەسەریاندا رژاند، سوننە بوونە سێ گرووپ، یەکەمیان پێوەندییان بە ئەلقاعیدە و دواتریش

داعشەوە کرد بۆ وەستانەوە دژ بە شیعەگەرایی، زیاتریش سەرانی پێشووی بەعس و پەڕگیرەکانی سیاسیی سوننە بوون لە جیهان و تەنانەت لە کوردستانیش، بەتایبەتیش ئەوانەی لەسەر دەستی هەندێ مەلای کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان بە سەرۆکایەتی عەلی باپیر پەروەردەکراوون، بەم شێوەیە پارێزگا سوننەنشینەکانی رۆژئاوا کەوتنە دەست داعش، هەندێکیشیان دواتر زۆر بە ئاسانی رزگارکران کە هۆکارەکەی دیار نییە، گرووپی دووەم ئەوانەن کە لە دەرەوەی عێراق دەژین زۆربەشیان لە ئوردنن و پشتیوانیی لە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی ناکەن، بەڵکو لایەنگری عێراقی عەرەبی و قەومچین، ئەوانە دژی پرۆژەی ئێرانن و بە پرۆژەی فارسی سەفەوی ناوی دەبەن، گرووپی سێیەم کە ناونیشانی وتارەکەیە (سوننەی مالیکی)ن ئەوانە هیچ بەهایەکیان لە عەقڵییەتی کۆمەڵەی سوننەدا نییە، لە سەروویانەوە حزبی ئیسلامی (لقی ئیخوان لە عێراق) چونکە لە زۆر شتدا لەگەڵ شیعەدا کۆکن، ئەو گرووپە هەلپەرستن و تا ئێستاش هەر داکۆکی لە مالیکی دەکەن.

پێموایە ئەو چینە واتا سوننەی مالیکی تائێستا سوورن لەسەر هەڵوێستی داکۆکیکردن لە مالیکی بەڵام نەك بەوەی لە دەسەڵات بمێنێتەوە، ئەوان قەرزاری ئەون، دۆسێیان لای ئەو هەیەو ناتوانن هەڵسوکەوت بکەن، مالیکی تاکە بریکاری خامەنەئییە لە عێراق، بۆیە دەبینین موقتەدا سەدر ناو بەناو هێرشی دەکاتە سەر چونکە مالیکی خاوەن سامان و دەسەڵات و جەماوەرە، هەر ئەویش بوو موسڵی رادەستی داعش کرد و عێراقی مایەپووچ کرد، ململانێی نێوانیان تا دێ زیاد دەکات، ئەگەر لە ترسی داعش نەبێت ئەوا پارێزگاکانی باشوور دەبنە گۆماوی خوێنی ئەو ململانێیە، پرسیارەکە ئەوەیە چارەنووسی سوننە دوای داعش بە کوێ دەگات؟

بێگومان رێکخراوی داعش بەرەو ئاوابوونە نەك لەناوچوون، شاری موسڵیش رزگار دەکرێت، بەڵام کێشەی سەرەکیی ئەوەیە کە شیعە لە گۆڕەپانی شەڕدا سەرکەوتن، کەچی لە راستیدا دۆڕان، چونکە بە گیانێکی نیشتمانپەروەریی شەڕی داعشیان نەکرد، بەڵکو بە گیانی تایفەگەری و مەزهەبییەوە، ئەوان لە فەلوجەو دیالە مزگەوت دەتەقێننەوەو جنێو بە سەحابەکان و زانایانی سوننە دەدەن وماڵی خەڵك تاڵان دەکەن، هاوکات ئاڵای تایفەگەری لەجیاتی عێراقی بەرزدەکەنەوە، پێموایە کە ئەمە کۆتایی چینی سیاسیی سوننەیە لە عێراق بەتایبەتیش سوننەی مالیکی، شیعەش دەزانن کە ئەوانە نوێنەرایەتیی سوننە ناکەن و لیستی (ئەلموتتەحیدون)ی ئوسامە نجێفی تەحەددای مالکی دەکات، لێرەدا دەپرسین، ئایا شیعە جارێکی دیکە دەتوانن دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراسی بنیاد بنێنەوە؟ دیارە ئەوان شکستیان هێناوە و ناشتوانن ئەمە بکەن، مەگەر پیاوانی ئایینیی قەدەغەبکەن لە دەستوەردان لە کاروباری دەوڵەت و سیاسەت، سوننە راستەقینەکان لەو قەناعەتەدان کە ئەستەمە بگەڕێنەوە نێو پرۆسەی سیاسی، کاتێ کە عێراقبە بڕوای ئەوان لەلایەن ئێرانەوە داگیرکرابێت، بۆیە ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە هەرێمێکی تایبەتی لە شێوەی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن، خەریکە ئەوان لەسەر ئەمە رێکدەکەون، بەڵام سوننەی مالیکی و هەندێ توندڕەوەیی ئیسلامی سیاسی و بەعسییەکان خەون بە گەڕانەوەی رژێمی بەعسەوە دەبینن، بۆیە پێویستە ئەوان مەرجەعییەکی ئایینی و سیاسی بۆ خۆیان دەست نیشان بکەن، تاکو بتوانن لاوەکانیان لە ریز تیرۆریستانی داعش دووربخەنەوە، دیارە ئەمەش بە خاوەن دەسەڵات و هێز دەکرێت چ لە ناوەوە یان لە دەرەوە وەك دەوڵەتانی کەنداو بەتایبەتیش عەرەبستانی سعودیە، چەند ناوێکیش هاتۆتە ئاراوە دیارترینیان خەمیس خەنجەرە، کە دەوڵەمەند و بەهێزو سەرسەخت و یاخییەو لایەنگرانی مالیکی بە خەنجەر لە جەستەی عێراق ناوزەدیان کردووە، دیارە خەمیس ئەو کەسایەتییە بەهێزەیە کە بەخۆی دێتە نێو سیاسەتەوە، شیعەکانیش پێیان وایە چاکترە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، دیارە رزگارکردنی شاری فەلوجەش بەو ئاسانییە، هەر وەك هەندێ شرۆڤەکاران پێیان وایە رێکەوتنی سیاسی بووە لەنێوان خەنجەرو شیعە، بەڵام سەبارەت بە موسڵ نازانرێت چی روودەدات، ئایا دیسان رێکەوتنێکی سیاسی دێتەئاراوە؟ لەگەڵ کێ دەکرێت؟ ئایا لەگەڵ بنەماڵەی نجێفی یان بە شێوەیەکی دیکە؟ دیارە بەم رێکەوتنە کۆتایی بە سوننەی مالیکی دێت لە عێراق، سوننەش داوای هەرێمێکی تایبەت بەخۆیان دەکەن، بەڵام ئایا لەسەر یەك هەرێم رێکدەکەون، یان بەپێی پارێزگاکانیان هەرێم دادەمەزرێنن؟ ئەگەر سوننەی عێراق سەرەتا گوێیان لە ئامۆژگاریی بارزانی بگرتایە، بەو گێرەشێوێنی و وێرانکاری و پەرش و بڵاوییە نەدەگەیشتن، کاتێ

■

**حزبی دەعوە نوێنەرایەتیی ئیسلامی سیاسیی شیعە دەکات، لە دامەزراندنیەوە کاری بۆ پرسە ئایینی و مەزهەبییەکان و تەنانەت بنیادنانی نیشتمان و پرەنسیبەکانی دیموکراسی و فرەیی و دەوڵەتی مەدەنی دەکرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەو حزبە بوو بە حزبێکی ستەمکاری ئایینی و ئایدیۆلۆژی**

■

**مالیکی لە یەک کاتدا پەنای بۆ دوو شێواز برد، شێوازی تۆقاندن و تیرۆر بۆ ئەوانەی دژی پرۆژە ئیسلامییە مەزهەبییەکەی دەوەستانەوە، ئەوەش وای کرد زۆر لە سوننەکان عێراق جێ بهێڵن، شێوازی دووەم بریتی بوو لە کڕینی خەڵک و بەدیهێنانی داخوازییەکانیان، بۆیە زۆر لە سەرانی سوننە پەنایان بۆ مالیکی برد و پۆستیان لە دەوڵەت وەرگرت**

■

**رێکخراوی داعش بەرەو ئاوابوونە نەک لەناوچوون، شاری موسڵیش رزگار دەکرێت، بەڵام کێشەی سەرەکیی ئەوەیە کە شیعە لە گۆڕەپانی شەڕدا سەرکەوتن، کەچی لە راستیدا دۆڕان، چونکە بە گیانێکی نیشتمانپەروەریی شەڕی داعشیان نەکرد، بەڵکو بە گیانی تایفەگەری و مەزهەبییەوە شەڕەکەیان کردووە**



**خەمیس خەنجەر ئەو کەسایەتییە بەهێزەیە کە بەخۆی دێتە نێو سیاسەتەوە، شیعەکانیش پێیان وایە چاکترە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، دیارە رزگارکردنی شاری فەلوجەش بەو ئاسانییە، هەر وەک هەندێ شرۆڤەکاران پێیان وایە رێکەوتنی سیاسی بووە لەنێوان خەنجەرو شیعە**

پێی گوتن بیر لە گەڕانەوەی رابردوو مەکەنەوەو حزبی بەعس رۆیشت و ناگەڕێتەوە، بەشداریی پرۆسەی سیاسی بکەن و بیر لە ئایندەی سوننە بکەنەوە لە عێراق، دواتر دەتوانن هەرێمێکی سوننە بۆ خۆتان دامەزرێنن، بەڵام ئەم ئامۆژگارییەیان رەتکردەوە، لەناو خۆیاندا دووبەرەکییان نایەوەو فیدراڵییەتیان بە پیلانێکی زایۆنیزم بۆ دابەشکردنی عێراق لەقەڵەم دەدا، ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە سەختە، سوننەکان گەیشتنە ئەو راستییە و پەشیمان بوونەوە کە گوێیان بە ئامۆژگارییەکەی سەرۆك بارزانی نەداوە، رەنگە فیدراڵییەت بۆ سوننەی عێراق گونجاو بێت، بەڵام بۆ کورد نەگونجاوە چونکە تاقیمان کردەوەو شکستی هێنا، بۆیە پێویستە بیر لە ئەلتەرناتیڤی دیکە بکرێتەوە وەك confederation یان سەربەخۆیی کە مافی گەلە لە دیاریکردنی چارەنووس self-determination، دیارە هۆکاری شکستی ئەو سیستەمەش بۆ سیاسەتی تایفەگەریی مالیکی دەگەڕێتەوە، کە بە هیچ شێوەیەك بڕوای بە دیموکراسی نەبووەو نییە، چونکە بەپێی پێکهاتەی ئاینی و ئایدیۆلۆژیی ئەوان لەگەڵ چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی ناکۆکە، ئەو دەوڵەتەی کە خومەینی لە چوارچێوەی ویلایەتی فەقیهـ دایمەزراند، بۆیە مالیکی زۆر دوژمنکارانە مامەڵەی لەگەڵ کوردستاندا کرد، بوودجەی لێ بڕی کە سەرپێچییە لە دەستوور، ئەمە وێڕای هەڕەشەی بەردەوامی بۆ هەرێم و پێکهێنانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە لە کەرکووك، ئەو لەبیری چوو کە کوردستان چی بۆ کرد، کاتێ لە دەست حزبی بەعس رای کردو پەنای بۆ ئێرە هێناو چ یارمەتییەکی پێشکەش کرا بەتایبەتیش لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە.

ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە سوننەی عێراق خۆیان ئایندەی خۆیان تێکداوە، چونکە لەسەرەتاوە زۆر بەهێز بەشداریی پڕۆسەی سیاسییان نەکرد، واتا دوای رووخانی بەعس، ئەوان نە بە فیدراڵییەت و نە بە هەرێمی سوننە قایل بوون، بۆیە شیعە توانیان عێراق بکەن بە دەوڵەتێکی ئاینی و مەزهەبی بەپێی مەرجەعیاتە ئاینییەکان، ئەو قەناعەتەش دروست بوو کە شیعە زۆرینەن لە عێراق و پێویستە تا کۆتایی هەر ئەوان حوکمڕانیی بکەن، هەر چەندە هەندێ ئەکادیمیست ئەم بیرۆکەیە رەت دەکەنەوە بەوەی کە شیعە زۆرینە بن، لەوانەش محەمەد جەواد عەلی سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی بەغدا کە پێی وایە سوننە زۆرینەن، بەڵام هیچ توێژینەوەیەکی وردی ئامار لەبەر دەست نییە دەربارەی رێژەی ئەو دوو پێکهاتەیە، کەچی لەوەتەی رووخانی رژێمی سەدام، زۆر لە هاووڵاتیانی سوننە عێراقیان بەجێهێشت، پێموایە شیعە پەندیان لە رژێمی سەدام وەرنەگرتووە، بەڵکو هەمان هەڵەیان دووبارەکردەوە، سەدام پەنای بۆ سیاسەتی بە بەعسیکردن دەبرد دەرحەق بە شیعە و عەرەباندنیش بەرامبەر بە کورد، ئێستا شیعە پەنایان بۆ سیاسەتی شیعەگەرایی دەرحەق بە سوننەو کورد بردووە، ئەم سیاسەتەش مەترسیدارە و رەنگە هۆکارێکی هەرەسهێنانی خێرایان بێت، بۆیە پێموایە چینی سیاسەتمەداری حوکمڕان لە عێراق بەو وێناکردنە و بیروبۆچوونە مەزهەبییانەیان وڵاتیان

**سوننەی عێراق خۆیان ئایندەی خۆیان تێکداوە، چونکە لە سەرەتاوە زۆر بەهێز بەشداریی پرۆسەی سیاسییان نەکرد، ئەوان نە بە فیدراڵییەت و نە بە هەرێمی سوننە قایل نەبوون، بۆیە شیعە توانییان عێراق بکەن بە دەوڵەتێکی ئایینی و مەزهەبی بەپێی مەرجەعیاتە ئایینییەکان**

**عێراق هەر دابەش دەبێت، چونکە نە سوننە قەناعەتی بەوە دێت کە شیعە پێشکەشی دەکات و نە شیعەش متمانەی بە سوننەیە و نە کوردیش بڕوای بە هەردووکیانە، ئەم وڵاتە تەنیا بە دەستبەرداربوون لەو بیروبۆچوونە مەزهەبییانە رزگاری دەبێت**



بەم ئاکامە خراپە گەیاند، بەڵام عێراق هەر دابەش دەبێت، چونکە نە سوننە قەناعەتی بەوە دێت کە شیعە پێشکەشی دەکات و نە شیعەش متمانەی بە سوننەیە و نە کوردیش بڕوای بە هەردووکیانە، ئەم وڵاتە تەنیا بە دەستبەرداربوون لەو بیروبۆچوونە مەزهەبییانە رزگاری دەبێت، هەروەها بە بانگەشەکردن بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسی و فرەیی، دوور لە دەستێوەردانی مەرجەعییە ئاینییەکان و میلیشیا تایفەگەرییەکان، ئێمەی کورد رازی نابین لە عێراقێکی لەم شێوەیەدا بژین، مەبەستم (کوردی مالیکی) نییە، ئەوانە هیچ بەهایەکیان لە کۆعەقڵی کوردستانیدا نییە، ئەگەر سوننە رازی بوون لەو عێراقەدا بمێننەوە، ئەوا یان دەبنە پاشکۆو هیچ رۆڵیان نابێت وەك سوننەی مالیکی، یان دەبنە خاوەن بڕیارێکی سەربەخۆ کە ئەمەش ئەستەمە، مەگەر مەبەستی سوننە مانەوە بێت لە عێراق لە پێناوی پەنابردن بۆ کودەتا بەسەر شیعەدا هەر وەك پیشەیان لە مێژووی عێراقدا هەر وا بووە، لەوانەیە ئەمەیان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چونکە کودەتا سەربازییەکان دەستکەوتیان دەبێت، بەتایبەتیش لەو هەلومەرجە تەمومژاوی و ئاڵۆزو سەختەدا، کە دەبینین چۆن گەلی عێراق لەو پەڕی بێزاریی و تووڕەییدایە لە هەمبەر ئەو تاقمە سیاسەتمەدارەی کە حوکمڕانیی وڵات دەکەن.

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**



دیپلۆماسیەتی فرەڕەهەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان هەم لەسەر ئاستی هەرێمی پێوەندییەکی فراوانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر هەبێت، هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی گەورەی جیهان پێوەندییەکی توندوتۆڵی هەبێت. کۆماری رووسیای فیدراڵ یەکێکە لەو دەوڵەتە گەورانەی کە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، لە ماوەی رابردووش شاندێکی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی مۆسکۆی کرد و لەلایەن حکومەتی رووسیاوە وەك شاندی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێشوازی کرا و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی شاندی کوردستان و حکومەتی رووسیا ئاڵای کوردستان هاوشانی ئاڵای رووسیای فیدراڵ دانرابوو. بۆ قسەکردن لە سەر وردەکاری ئەم سەردانە و بارودۆخی ئێستای کوردستان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ زیرەك کەمال چاودێر و سیاسەتمەدار ئەنجامدا و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

### **زیرەک کەمال** چاودێر و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# رووسیا وەک شاندی وڵاتێکی سەربەخۆ پێشوازی لە شاندی هەرێمی کوردستان کرد

*** لەم ماوەیەدا شاندێکی حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران سەردانی رووسیای کرد، دیارە لە سەر ئەم سەردانەش لەناو میدیای کوردستاندا هەندێك قسە و قسەلۆك دروستکرا، بەوەی ئەمە شاندێکی حکوومی نەبووە و لە کۆبوونەوەکان ئاڵای کوردستان دانەنراوە، ئایا تۆ کە لەگەڵ شاندەکە بووی، ئامانجی ئەم سەردانەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی بووە و ئەو قسەو قسەلۆکانەش تاچەند راستن؟**

- سەردانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی رێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ وڵاتی رووسیا، زۆر گرنگ و بایەخدار بوو، من ئەو سەردانە بە وەرچەرخان و رووداوێکی گرنگی سیاسی و ئابووری لە پێوەندی سیاسی و دیپلۆماسییەکانی نێوان کوردستان و رووسیای دەزانم، هیواخوازی ئەوە بووم و چاوەڕوانی ئەوەش بووم، کەوا لە میدیا و ناوەندە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان توێژینەوە و قسەیەکی زۆری لە بارەوە بکرێت و مافی خۆی پێ بدرێت، بەڵام بەداخەوە ئەوە نەکرا، هەڵبەت ئەو شاندە کە منیش شانازی ئەوەم پێ بڕا لەگەڵیدا بووم، هەر لەگەڵ گەیشتنمان بۆ فڕۆکەخانەی (سان بترسبۆرگ) مەراسیمی پێشوازی لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی رووسیا بە جۆرێك رێکخرابوو، هەستت دەکرد، ئەوە پێشوزایکردنە لە سەرۆك و شاندی دەوڵەتێك نەك هەرێمێك، تەنانەت ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەلایەن حکومەتی رووسیا تەرخان کرابوون، بۆ گواستنەوەی شاندی کوردستان، هەموویان ئاڵای کوردستانیان لە شێوەی ئاڕم لەسەر جامی خۆیان دابوو بە زمانی رووسیش لە سەر ئاڵاکە نووسرابوو وڵاتی کوردستان. هەروەها لەوێش لەکاتی ئەنجامدانی سەرجەم کۆبوونەوە فەرمییەکان ئاڵای کوردستان شان بە شانی ئاڵای وڵاتی رووسیا دانرابوو.

*** لەم سەردانەدا وێڕای بەشداریکردنتان لە مونتەدا ئابوورییەکە، شاندی حکومەتی کوردستان چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیران و پەرلەمانی رووسیا کردووە، ئایا شاندەکە چەند کۆبوونەوەی لەگەڵ ناوەندەکانی دەوڵەتی رووسیا کردووە و لەو کۆبوونەوانە باسی چی کراوە؟**

- هەڵبەت سەردانی شاندی کوردستان بۆ رووسیا لە فۆرمە گشتییەکەدا بانگهێشتکردن و بەشداربوونی بوو لە کۆنفرانسی ئابووریی نێودەوڵەتی کە رووسیا رێکیخستبوو، بەڵام کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان شاندی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوە و سەرۆکی ئەنجومەنی فیدراڵی واتا پەرلەمانی رووسیا و گاز پرۆم و چەندین دیدار و کۆبوونەوەی دیکە قورسایی سیاسی و رەهەندی کەلتووری و دیپلۆماسییەتی نێودەوڵەتیشی بەو سەردانە بەخشی. کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی شاندی کوردستان لە هەموو ئەو دیدار و کۆبوونەوانەدا راشکاوانە و روون و ئاشکرا بە ناوەند و بەرپرسەکانی رووسیای گوت گەلی کوردستان بەچاوی رێز و حورمەت و قەدرەوە سەیری گەلی رووسیا و ئەو وڵاتە دەکات و پێشیانی گوت بۆ سەرکەوتنمان لە شەڕی داعش پێویستمان بە حکوومەتی رووسیا هەیە، ئەو داعشەی مەترسییە بۆ سەر رووسیا و کوردستان و هەموو دنیا. بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ئابورییەی کە لە رێگای نەخشەیەکی ورد و پیلانێکی بۆ داڕێژراو دووچاری کوردستان و گەلەکەی کراوە، پێویستمان بە هاوکاری و پاڵپشتی حکومەتی رووسیا هەیە، بۆ سەقامیگری سیاسی و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوەخۆی رووسیا و کوردستان، پێویستمان بە پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات هەیە لە هەموو رووییێکەوە، ئەوەشی گوت کەوا گەلی کوردستان گەلێك زیندووی وەفادارە بەرامبەر دۆستەکانی و هەموو ئەوانەی کە دەستی دۆستایەتی و هاوکاری بۆ درێژ دەکەن، گوتیشی ئێمە میللەتێکین لە وەتەی هەین لەناو ماڵی خۆمان و لە سەر زێد و خاك و نیشتمانی خۆمان زوڵممان لێ دەکرێت، دەستدرێژی دەکرێتە سەر خاك و ئاو و ماف و گیان و ژیانی گەلەکەمان، لە بەرامبەر ئەوەشدا شۆڕش و کاروانێکی گەورەی خەباتمان دروستکردووە، رووبەڕووی دوژمنەکانمان بووینەوە، قوربانییەکی گەورەمان داوەو دەتوانین بڵێین لەسەر ئەو رێگایەدا و لەپێناو مانەوەو هەروەها گەیشتنمان بە مافەکانمان زیاتر لە نیوەی گەلەکەمان لەدەست داوە. بەڵام هەرگیز شۆڕشەکانمان تێکەڵی کاری تیرۆریستی و ئەنجامدانی توندوتیژی نەبووە، لە شەڕ و داستانی رووبەڕووبوونەوەدا بە وردی رەچاوی مافی مرۆڤ و ئەو یاسا نێودەوڵەتییانەمان کردووە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەبارەت بە جەنگ داڕێژراون. دیارە سەرۆکی شاندەکە و ئەندامانی شاند، چەندین کۆبوونەوە و دیداریان لەگەڵ کەسایەتی سیاسی و رۆشنبیری و ناوەندە کەلتوورییەکان سازدا، لەوانە سەردانی ئەنیستیۆتی رۆژهەڵاتناسی و بەشی کوردی ئەو ئەنیستیۆتەیان کرد کە تیایدا چەندین

■

**حزبی شیوعی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دوو حزبی تێکۆشەر و خاوەن دیرۆکی پڕ لە خەبات و سەروەری ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و لە هەر زرووف و سەردەمێکیش بە یەکەوە کاریان کردبێت و پرۆژە و بەرنامەی هاوبەش لە نێوانیان هەبووبێت، بە سوود و قازانجی گەلەکەمان شکاوەتەوە**

■

**ئەو گەلەی ئەنفال و کیمیابارانی تێپەڕاند و سەدامی خستە ڕابردووی نەفرەت و لەناوچوو، سەرئەنجام هەر ئەو گەلە ڕووەو پێشەوە و ڕووەو بیناکردنی دەوڵەتی کوردستان هەنگاو دەهاوێژێت**

■

**ئەوانەی گومان دەخەنە سەر سەردانی شاندی کوردستان بۆ ڕووسیا و سەرجەم پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان، هەر ئەوانەش خواردنەوەی جامێک ژەهریان بەلاوە ئاسانترە لە قبووڵکردنی ڕای جیاواز و هیتلەر و سەدامیان خۆشتر دەوێت لەوانەی وەکو ئەوان بیر ناکەنەوە**

**چۆن حزبوڵای لوبنانی و حەماسی فەڵەستینی و داعش و قاعیدە..... بوونی سیاسی و ئامادەیی خۆیان لەسەر زەمینی واقیعدا لە شەڕ و ئەنجامدانی کاری توندوتیژی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری سیاسەتدا دەبیننەوە، ئاواش لە کوردستان تەوژمێکی سیاسی و میدیایی دروست بووە کە ڕۆژانە لەسەر دار و پەردووی داڕووخاندنی قەڵەمی جوان و ڕاستگۆ و ڕۆشنبیرە خاوەن هەڵوێستەکان خەریکی وێرانکردنی بەها جوان و مرۆییەکانن**

نووسەری ناوداری کورد لەوێدا خوێندوویانە و دواتر بڕوانامەی دکتۆرایان وەرگرتووە کە د. مارف خەزنەدار و د. جەمشید حەیدەری و چەندین ئەدیبی دیکەمان لەو دکتۆرانەن.

شیاوی گوتنە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی گەیشتنی شاندی کورد بۆ وڵاتی رووسیا چەندین پەرلەمانتار و ڕۆشنبیر و کەسایەتی دیاری کورد لە وڵاتانی کازاخستان و ئەرمەنستان و ئازەربایجان و چەندین دەڤەری جیاجیا هاتنە شوێنی حەوانەوەی شاندەکە و دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵ کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی شاندەکە ئەنجامدا. کەتیایدا لە چاوێکی پڕ لە ئەسرین و هەندێك جاریش بە شادییەکی زۆرەوە خۆشحاڵی خۆیان بۆ هاتن و دیداری کاک نێچیرڤان بارزانی نیشان دا، من خۆم لە پەراوێزی کۆبوونەوە و دیدارەکان چەندین کەسایەتی دیاری کوردی رووسیام بینی و بەو پەڕی شەوق و زەوق و هیوا و ئومێدەوە باسی ئەزموون و دەستکەوتەکانی باشووری کوردستانیان دەکرد و دەیانگوت داوا لە حکومەتی باشوری کوردستان دەکەین کە داوا لە حکومەتی رووسیا بکات کە ڕێگامان بدەن بۆ ئەوەی بێینە باشووری کوردستان و چەك بکەینە شانمان و شەڕی داعش بکەین و دەیانگوت: دڵنیابن بە هەزاران کوردی ئێرە ئامادەن بە دڵ و گیان و بە خوێنی خۆیان باشووری کوردستان لە هەر جۆرە مەترسی و هێرشێك بپارێزن.

*** خەریکە تەعبیرکردن لە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی لە ناو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، بە جنێودان و قسەی سووك تەعبیری لێدەکرێت. ئایا ئەم کەلتووری جنێودان و قسەی سووکە چۆن هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستانەوە و بۆ دەبێت جیاوازی بیر و بۆچوونی سیاسی ببێتە جنێودان و قسەی سووك؟**

- دیارە لەئێستادا بەشێکی بەرچاو لە حزبەکانی کوردستان کە لە پەرلەمانی کوردستان و ناوەندەکانی حوکمڕانی قورساییان هەیە و متمانەی جەماوەریان بەدەستهێناوە، خەریکە بە تەواوەتی ناسنامەی فیکری و سیاسی و ماهییەتی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆیان بزردەکەن و دەبنە ناوەندی کەسانی نابەرپرس و سادەگۆ و فەوزەوی، خەریکە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و مەبدەئە بنچینەییەکانی فیکری حزبایەتی بە تەواوەتی لە ژیانی حزبایەتیدا بزر دەبن و حزب دەبێتە دیوەخانی گەڕەلاوژە و هەمووان تیایدا بە دەنگی بەرز قسە دەکەن و کەسیش گوێ لەکەس ناگرێت، جاران جنێودان و زمانی زبر و توانج و تەشەر و شێواندنی ڕاستییەکان، هەوڵێکی تاکەکەسی و تاك ڕهەندی بوو، ئێستا بەداخەوە زمانی زبر و جنێودان و شکاندنی هەیبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەمزەکانی مێژووی ئێمە و گاڵتەکردن بە ئاڵای کوردستان و ئەی ڕەقیب و پێشمەرگە و دەوڵەتی کوردستان و سەربەخۆیی سەری هەڵداوە و کەناڵی ئاسمانی هەیە و خاوەنی لەشکرێك پەلامارەدەرە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**جاران جنێودان و زمانی زبر و توانج و تەشەر و شێواندنی ڕاستییەکان، هەوڵێکی تاکەکەسی و تاك ڕهەندی بوو، ئێستا بەداخەوە زمانی زبر و جنێودان و شکاندنی هەیبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەمزەکانی مێژووی ئێمە و گاڵتەکردن بە ئاڵای کوردستان و ئەی ڕەقیب و پێشمەرگە و دەوڵەتی کوردستان و سەربەخۆیی سەری هەڵداوە و کەناڵی ئاسمانی هەیە و خاوەنی لەشکرێك پەلامارەدەرە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

*** لە ئێستادا زۆر کەسی خاوەن هەڵوێست و سیاسی لە ترسی شەڕەجنێو ناتوانن بیروبۆچوونی خۆیان ئازادانە بنووسن، زۆر لە ڕۆشنبیران کە دژی ئەم فەوزایەن لە تاوی جنێودان و قسەی سووك خۆیان بێدەنگ کردووە، ئایا کاتێك جنێودان و قسەی سووك دەکرێتە ئامرازێك بۆ ترساندنی خەڵك، ئایا ئەمە جۆرێك لە ئیرهابی فیکری نییە؟**

- ڕەخنە وەکو میتۆدێکی زانستی سەر بە کایەکانی مەعریفەی تازەگەری و مۆدێرنەیە و بگرە یەکێکە لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی تازەگەری، بەڵام بەداخەوە ئەو چەمکەش وەکو هەموو چەمکەکانی عەلمانیەت، پلورالیزم، دیموکراسیەت دووچاری شێواندن و خراپ بەکارهێنان کرایەوە، سیاسەتی شێواندن و لە گرێژنەبردنی ڕەخنە، بۆتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر مەبدەئی دیموکراسیەت و دیالۆگ و کەلتووری بەیەکەوە ژیان، ئەو سیاسەتە مەترسی و ئاسەوارە سلبییەکانی شۆڕبۆتەوە بۆ ناو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و وای لێهاتووە ئەوەی جێنو نەدات و هەڕەشە نەکات و زمانی زبر بەکار نەهێنێت و توانج و تەشەر نەهاوێژێت، نە گوێی لێ دەگیرێت و نە قسە و نووسین و هەڵوێستەکانی بە جددی وەردەگیرێت، لەو ڕووەشەوە کەناڵە ئاسمانییەکان ڕۆڵێکی خراپ و یەکجار سلبییان هەیە، چونکە جگە لەوەی پابەند نابن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت و ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەوانی، لەهەمان کاتدا ئەو کەناڵانە سانسۆڕیان خستۆتە سەر کەسانی ڕاستگۆ و ڕۆشنگەر و دیموکراسیخوازەکان و سەر شانۆی خۆیان کردۆتە شوێنی جیلتبازی و شەتە چات و جنێودان و قسەی نازانستی و نامەعریفی و بێ مەنتیق و ناقوولایی، دڵنیام لەوەی ئەوەی نەتوانێت بە ڕوونی و زمانێکی پاراو هەڵوێست و بووچوونەکانی دەربڕێت، کۆیلەی زمانە، ئەوەی نەتوانێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەوەی تر و قبووڵکردنی ڕای جیاواز دیالۆگ بکات و لە ڕێگای سڕینەوەی بەرامبەر و ئەویتر و تێکشاندنی

کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەسانی جیاواز لە خۆی قەناعەتی فیکری و سیاسی خۆی بە سەر بەرامبەردا بسەپێنێت، ئەوا لە ناخەوە بەچکە هیتلەر و دیکتاتۆرێکی بچکۆلانەی بێدەسەڵاتە و ئەگەر رۆژێك حوکمڕانی و جڵەوی دەسەڵاتی بکەوێتە دەست، دڵنیام لەوەی تەڕ و وشك بە یەکەوە دەسووتێنێت و ئەو پرۆژە و بەرنامەی کە فاشی و دیکتاتۆرەکان لە مێژوودا لە پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی دژی گەلی کورد پیادەیان کرد، تەواوی دەکەن، دڵنیام سەرەنجام و لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەوانەی گرەو لە سەر دەنگی گڕ و زمانی زبر و قسەی بریندارکار و رۆشێنەر دەکەن، پێیان وایە ئێستا و ئایندە دەبنەوە ئەوا خەیاڵیان خاوە و دەبنە پەرەمووچی دەم رەشەبا و گرەوی مێژوویی و راستییەکان ئەوانە دەیبەنەوە کە مرۆڤ وەکو گەورەترین سەرمایە و دیموکراتیەت و مەدەنیەت وەکو بەرزترین و پێشکەوتووترین کایەی مۆدێرنە بۆ رێکخستنی ژیانی سیاسی و ئیداری دەبینن. هەڵبەت لە ئێستاشدا سەدان نوسەر و و ڕۆشنبیر و خەڵکانی خاوەن هەڵوێست هەن، کە بە ئاراستەی بەرگریکردن لە ماف و بەرژەوەندییەکانی گەل و ڕاستی و دیموکراسیەت بیردەکەنەوە و لە ترسی مەفرەزە و دەستوەشێنەکانی فەیس بوك و شەبەنجونەکانی ڕاگەیاندن ناوێرن هەڵوێستی خۆیان نیشان بدەن و خۆیان لە کونجێکی تاریك و فەرامۆشیدا گرمۆڵە کردووە. کەم نین ئەو ڕۆشەنبیر و قەڵەمە کاریگەر و جددییانەی لە سەر نووسینی و هەڵوێستەکانیان کراون بە سیخوڕی هەر چوار کەنار و هەموو دنیا، خەڵکێی یەکجار زۆر دەناسم دەڵێن لە کاتی شەڕی ناوەخۆ بوار و دەرفەتی قسەکردن و دەربڕینی بیروڕا زۆر لە ئێستادا ئاسانتر بوو. بەداخەوە وەکو چۆن حزبوڵای لوبنانی و حەماسی فەڵەستینی و داعش و قاعیدە.... بوونی سیاسی و ئامادەیی خۆیان لەسەر زەمینی واقیعدا لە شەڕ و ئەنجامدانی کاری توندوتیژی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری سیاسەتدا دەبیننەوە، ئاواش لە کوردستان تەوژمێکی سیاسی و میدیایی دروست بووە کە ڕۆژانە لەسەر دار و پەردووی داڕووخاندنی قەڵەمی جوان و ڕاستگۆ و ڕۆشنبیرە خاوەن هەڵوێستەکان خەریکی وێرانکردنی بەها جوان و مرۆییەکانن. زۆر جارلای خۆم بیر دەکەمەوە چییە ئەو شەڕانگێزی و جنێوفرۆشی و دەنگی گڕ و زبر و ویژدان مردووەی کە ڕۆژانە بە وێنەی مەنجەنیق بە سەر کەسانی دیموکراسیەت و خەمخۆری گەل و نیشتماندا دەبارێت. بۆچی ئەوەندە ڕقیان لە یەکترییە و ڕۆژانە بە وێنەی خێڵە دواکەوتووەکانی دورگەی ئەمازۆن بەربوونەتە گیانی یەکتری و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤە جوانەکانی لەت و پەت دەکەن؟ ئایا بەڕاستی میللەتێك لە مێژوودا هەڵبجەی خنکێنرابێت، یەك لەسەر سێ ئەنفال و رەشەکوژ کرابێت. چۆن دەبێت ئاوا لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی و میدیاکانەوە بەربینە گیانی یەکتری؟ دیارە هەموو ئەوانەی گومان دەخەنە سەر سەردانی شاندی کوردستان بۆ ڕووسیا و سەرجەم پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان، هەر ئەوانەش خواردنەوەی جامێك ژەهریان بەلاوە ئاسانترە لە قبووڵکردنی ڕای جیاواز و هیتلەر و سەدامیان خۆشتر دەوێت لەوانەی وەکو ئەوان بیر ناکەنەوە. بەهەر حاڵ دەبێت بە هیواوە بژین و دڵنیام ئەو گەلەی ئەنفال و کیمیابارانی تێپەڕاند و سەدامی خستە ڕابردووی نەفرەت و لەناوچوو، سەرئەنجام هەر ئەو گەلە ڕووەو پێشەوە و ڕووەو بیناکردنی دەوڵەتی کوردستان هەنگاو دەهاوێژت.


*** بەو سیفەتەی یەکێکی لە کادرانی حزبی شیوعی کوردستانی، ئاشکرایە حزبی شیوعی و پارتی لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە زۆر لێکجیاوازن، بەڵام زمانی سیاسیی نێوانیان نەگۆڕا بۆ قسەی سووك و جنێو، ئایا چۆن سەیری ئەم حاڵەتە دەکەیت؟**

- پێوەندییەکانی نێوان حزبی شیوعی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەشی قۆناغە مێژووییەکاندا پێوەندییەکی توندوتۆڵ و پتەو بووە، بە یەکەوە ژیانی ئاشتییانە و کار و پرۆژەی هاوبەش رایەڵە و هێڵە گشتییەکانی نێوانیان بوو، هەردوولا دوو حزبی تێکۆشەر و خاوەن دیرۆکی پڕ لە خەبات و سەروەری ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بوون، لە هەر زرووف و سەردەمێکیش بەیەکەوە کاریان کردبێت و پرۆژە و بەرنامەی هاوبەش لە نێوانیان هەبووبێت، بە سوود و قازانجی گەلەکەمان شکاوەتەوە و بووەتە مایەی بەدەستهێنانی دەستکەوتی گرنگ. حزبی شیوعی کوردستان بەردەوام رەچاوی ئەو وتەیەی شەهیدی سەرکردە هاوڕێ (فەهد)ی دامەزرێنەری حزبەکەی کردووە کە رووی لە هاوڕێکانی کردووە و گوتوویەتی: «ڕێکخستنی حزبەکەتان بەهێز بکەن، ڕێکخستنی بزووتنەوەی نیشتمانی بەهێز بکەن.» هەڵبەت ئەوەش مانای ئەوە نییە لە نێوان هەردوو حزب بەرزی و نزمی و ساردی نەبووە، چونکە ئەمە سرووشتی حزبایەتی خۆی بووە، ئێمە بە چاوی ڕێز و حورمەت سەیری پارتی و سەرجەم حزبە خەباتگێڕەکان دەکەین.

**لە پەراوێزی کۆبوونەوە و دیدارەکان چەندین کەسایەتی دیاری کوردی رووسیام بینی و بەو پەڕی شەوق و زەوق و هیوا و ئومێدەوە باسی ئەزموون و دەستکەوتەکانی باشووری کوردستانیان دەکرد و دەیانگوت داوا لە حکومەتی باشوری کوردستان دەکەین کە داوا لە حکومەتی رووسیا بکات کە ڕێگامان بدەن بۆ ئەوەی بێینە باشووری کوردستان و چەک بکەینە شانمان و شەڕی داعش بکەین و دەیانگوت: دڵنیابن بە هەزاران کوردی ئێرە ئامادەن بە دڵ و گیان و بە خوێنی خۆیان باشووری کوردستان لە هەر جۆرە مەترسی و هێرشێک بپارێزن**

**کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان شاندی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوە و سەرۆکی ئەنجومەنی فیدراڵی واتا پەرلەمانی رووسیا و گاز پرۆم و چەندین دیدار و کۆبوونەوەی دیکە قورسایی سیاسی و رەهەندی کەلتووری و دیپلۆماسییەتی نێودەوڵەتیشی بەو سەردانە بەخشی**

# چارەنڤیسێ مللەتێ کورد و ریفراندۆم



د. زوزان سادق سەعید بەرواری

بۆ گولان نووسیەتی

د قوناغێن مێژوویێ دا مللەتێ کورد توشی هەمی جۆرێن ستەمکاری و نەخوەشی و دەردەسەریان بوویە بتایبەت ژ لایێ وان وەلاتێن هەڤپشیکا ئاخێ دگەل هەی مینا عێراق، ئیران، تورکیا، سوریا کو ئەڤ هەڤپشکیە ژی واقیع حالی رێکەفتننامـا سایکس پیکو بو کو ئاخا کوردستانێ دناڤبەرا ڤان وەلاتاندا هاتیی دابەشکرن و ئەڤرۆ بوویە دەردەسەری بۆ مللەتێ کورد؛چونکی خوە پاراستن و خوە قورتالکرن ژ هەر دراوسیکی ژ وان وەلاتان قوربانیدان پێدڤیت و ئەڤ قوربانیدانە یا بێ بها و بێ بەرامبەر نینە، لەوما ژی خوەراگرییا مللەتێ کورد بەرامبەر باروڤا هەر هێزەکا نەیار دزڤریتە هەبوونا وێ ئیرادا بهێز ئەوا دناڤ چەرگ و دلێ مرۆڤێ کورددا هەی کو ئەو ژی وەکی هەر نەتەوەکا دیتر ل جیهانی کو زمان و ئاخ و وارگەهێ خوە یێ هەی ببیتە وەلاتەکێ سەربەخو.

پشتی سەرهلدانێ و ئازادبوونا کوردستانێ قوناغەکا ڤەگوهاستنێ بوویە بۆ ژیانا مللەتێ کورد، چونکی پشتی دەربەدەری و کیمیا بارانکرنێ ئومێدەکا دیتر یا ژیانێ بۆ ڤەزڤری ڤە و ئەڤ چەندەژی دزڤریتە رولێ وان پێشمەرگە و سەرکردین هێز و پارت و لایەنێن کورد یێن وی دەمی و سەروەرێ وان جەنابێ سەروك (مسعود بارزانی) کو رۆلەکێ کاریگەر و ئەکتیڤ هەبوویە ژ بو قورتالکرنا مللەتێ کورد ژبن ستەما رژێما بەعس و ڤەزڤراندنا ئاخا کوردستانێ بۆ ناڤ باوەشا چەرکێ کورد. کەواتە ئەڤ قوناغا نویکرنێ د ژیانا مللەتێ کوردا دەستپێکا سەربەخوییێ بو، لێ هەبوونا هەڤرکیا دناڤ مالا کوردیدا ئاراستا دەولەتبوونێ هاتە گهورین پێخەمەت پاراستنا بەرژەوەندێین تایبەت یێن هندەك حزب و لایەنان و ئەڤە ژی دەلیڤەیەك بوو مللەتێ کورد ژ دەستدای، چونکی پتری هەر وەختەکی نێزیکی ئارمانجی ببو و ئەڤا «مەلا مستەفایێ بارزانی»ی د رێرەوا دیروکێ دا کری هەمی بو گەهشتن ب وێ ئارمانجێ بوو.

ل ٢٠٠٣ کەتن و ژ ناڤچوونا رژێما بەعس و گهورینا سستەمێ سیاسی ل عێراقێ ب گشتی ئەزمونەکا دیتر بوو کو مللەتێ کورد بو خوە ب دەلیڤە دیتبا کو سەربەخوییا خوە راگەهاندبا، و هەر ئەڤ فاکتەرەبوو مللەتێ کورد ب بریارەکا ئێکگرتی بەشداریێ د ئازادکرنا عێراقێ دا بکەت، و ل ٢٠٠٥ ئێکەم جار ریفراندوم ل هەرێمێ هاتە ئەنجامدان بو دەستنیشانکرنا چارەنڤیسێ مللەتێ کورد دگەل عێراق و سستەم و سەرکردێن نوی یێن عێراقی- کو دسەردەمێ سەدامی دا زوربەیا ڤان پارت و کەسانێن سیاسی یێن نوکە ل عێراقێ ئوپوزسیسون بوون و کەسێن داخازرکی بوون دادگەها بەعس دا- ئەنجامێن وێ ریفراندومێ بو هندێ بوویە کو کورد بزانن خەلك و مللەت دگەل ژێکڤەبوونا سیاسی و ئابوری یە ژ عێراقێ یان نە؟ و ئەنجام ژی پتر یا مللەتی دگەل سەربەخوییێ بوون، بەلێ دیارە کو هەر چەند بارزانی بابەتێ سەربەخوییێ د

وورژێنیت هندەك ژ وان حزبێت پاراستنا بەرژەوەندیێن خوە چ یێن تاککەسی بون یان یێ گشتی یێن حزبێ بن دبنە رێگر بەرامبەر ڤێ پروسێ و نەڤێن چ جارا مللەت بگەهیتە ئارمانجا دووماهیێ چونکی وی دەمێ دێ بەرژەوەندیێن وان تەسکبن. پشتی برینا بوجا هەرێمێ ژ لایێ مالکی و ب پالدانا هندەك ژ وان لایەنێن هەردەم بەرژەوەندیێن خوە یێن تایبەت ل سەر بەرژەوەندیێن گشتی یێن مللەتی سەپاندی، بانگەوازەکا دیتر ژ دەف عێراقێ بو کوردا کو سەربەخویا خوە رابگەهینن و خوە ژ عێراقێ جودابکەن.

لەوما ژی و پشتی هاتنا رێکخراوا تیرورستییا داعش بو ناڤ ئاخا عێراقێ و هەولادان بو هاتن دناڤ هەرێمێ دا و تێکدانا ئاسایشا نەتەوەییا هەرێمێ کو ئەڤە ژی ئێك ژ وان سیناریویابوویە ئەوێن ئەڤرۆ ل روژهەتا ناڤین دهێتە برێڤەبرن، کو ژبلی هەبوونا مەرەما ئێخستنا دووبەرەکیێ ل سەرانسەری جیهانێ دناڤبەرا موسلمان و کرستیانا و خودان پەرتوکێن دیتر یێن پیروز ژ لایەکێ دیتر ڤە ئەڤ یاریە ئاراستەکا گهورینا توبوگرافیا جیهانێ بو دابەشکرنەکا دیتر و کێشانا هندەك هێلێن دیتر یێن سنورا و هاتنە هەبوونا هندەك دەولەتێن نوو بو سەرژمێرییا وەلاتێن جیهانێ کو ئێك ژ وان نەتەوا ئەوێن دێ زێدەبن دەولەتا کوردی یە، ئەڤجا ژ لایەکی ڤە داعش ئەو سنورێ سایکس پیکوی دانای نوکە ل سەر خەریتا گویا زەمین نەهێلایە و گهورییە ب تایبەت دسنورێ ئاخا عێراق و سوریێ دا چونکی ئەو جهێن سایکس پیکوی ژ ئاخا کوردستانێ ئێخستی دسنورێ ئاخا عێراقێ دا شنگال و موویسل و دەشتا موویسل ب خوەڤە دگرت کو ب ماددێ (١٤٠) دهێتە ناڤکرن و ئەڤە عێراق هەوەشیایی تاکو نوکە کورد و نوێنەرێن کوردا ل ئەنجومەنێ نوێنەران ل عێراقێ د هەولێن جیبەجێکرنا ڤی مادەیدانە، بەلێ ب مخابنی ڤە تاکو نوکە نەهاتیە جێبەجێکرن.

نوکە و پشتی ئازادکرنا شنگالێ ژ دەستێ داعش و ژبو ڤەگەریانا وێ بو ناڤ باوەشا ئاخا کوردستانێ پێدڤیە کو هەمی لایەنێن کوردی ل سەر ڤێ چەندێ د شەرێ ئامادەباشییێدابن، هەرچەندە جەنابێ سەروکی بریارا ریفراندۆمێ یا دا و مللەت و گەلێ کوردستانێ و دوستێن جیهانێ یێن ئاگەهداری ڤێ کەیسێ کرین، بەلێ دیارە هندەك ژ وان نەحەزین کورد ئەوێن نەڤێن ئەزمونا کوردی بگەهیتە ئارمانجێ ڤێ گوتن و بریارا سەروکی ب دوریشم دادن؛ ژبەرکو هەرچەند جارەکێ دابێشا سەربەخوییێ و ریفراندوم و راگەهاندنا دەولەتا کوردی و جێبەجێبوونا خەونا هزارها پێشمەرگە و شەهید و کەس و کار و گەلێ کورد هاتیە هەبوونی هندەك ئاستەنگ ژ دەڤ هندەك کەسێن کورد ب خوە پەیدابووینە لەورا ئەگەر کرمێ دارێ ژ دارێ نەبیت دار ناڤرێیت.

وەکو مافەکی مللەتێ کورد و ژبەر وێ خەباتا چەندەها سالایە و ژبو بەرزراکرنا ئالایێ کوردستانێ دڤێت گەل بریارا خوە بدەت ئانکو هەر مرۆڤەك ل کوردستانێ خودان بریارە کەس نوێنەرێ کەسێ نینە، چونکی پێدڤیاتییێن هەبوونا دەولەتێ ل دەڤ مللەتێ کورد هەنە. و ناخازم هندەك ژ وان کەس و لایەنێن هەلوەشینەر ب هزرێن خوە یێن ئاژاوەگیر کارتێکرنێ ل سەر بریارا مللەتی بکەت چونکە ئەڤە دەلیڤەیەکا زێرینە بو جارا چەندێ یە بۆ مللەتێ کورد دهێت و بلا کەس ب بەهانەییا قەیران و نەبوونا موچەی مورالا گەلێ کورد نەشکێنیت چونکی چ ئێك ژ ڤان وەلاتێن زلهێز ب روژەکێ نەبووینە ئەڤ گەورە وەلاتە، بەلکو وان ژی چەندین نەخوەشی و قەیران و سکەشتنێن ئابووری و بێپلانی و نەبوونا سستەمەکێ سەرکەفتی بوراندینە تاکو گەهشتینە ڤێ قوناغا نوکە ئەو تێدا دژین. سەربەخویا ئابووری و هەبوونا ژێرخانەکا بهێز و سەرخانەکا سستەمکری ژ ستونێن سەرەکینە بۆ راگەهانا دەولەتی و ئەڤ چەندە ژی پشتی برینا بوچا هەرێمێ بریارەکا داپوشیبو ژعێراقی گەهشتی مللەتێ کورد.

لەوما بانگەوازیا سەروك بارزانی بو هەمی چین و تەخێن مللەتی بو هەمی هێز و لایەنێن سیاسی ژ بو بەشداریکرنا د ریفراندومێ دا هاتیە ژ لایەکی کو چ لایەك هەڤدژی ڤێ چەندی نەراوەستن و بەرژەوەندێن خوە سەر بەرژەوەندێن مللەتێ کورد بێخن و ژ لایەکێ دیتر ڤە دەلیڤەیەکە و دبیت بو جارەکا دی هەلنەکەڤیت ڤە کو دەولەتا کوردی ئەو خەونا هزاران کەسان خوینا خوە بو کریە قوربان بجە بهێت ئەڤجا ئێك رێز و ئێك هەلویستیا هێز و لایەنێن کورد ئەڤرۆ پتری هەو وەختەك پێدڤی ب ئێکگرتنێ و ئێك بریاریێ یە ژبو کو سەروك بارزانی مرادا گەلەك ژ وان سەرکردێن د قوناغێن مێژوویێ دا ئالایێ کوردستانێ تەسلیم کری کو ئەگەر روژەك و بو سەعەتەکێ بیت دڤێت پروژێ دەولەتبوونێ سەربگریت.

**هەر چەند بارزانی بابەتێ سەربەخویێ د وورژێنیت هندەک ژ وان حزبێت پاراستنا بەرژەوەندیێن خوە چ یێن تاککەسی بون یان یێ گشتی یێن حزبێ بن دبنە رێگر بەرامبەر ڤێ پروسێ و نەڤێن چ جارا مللەت بگەهیتە ئارمانجا دووماهیێ چونکی وی دەمێ دێ بەرژەوەندیێن وان تەسکبن**

**ژبو بەرزراکرنا ئالایێ کوردستانێ دڤێت گەل بریارا خوە بدەت ئانکو هەر مرۆڤەک ل کوردستانێ خودان بریارە کەس نوێنەرێ کەسێ نینە، چونکی پێدڤیاتیێن هەبوونا دەولەتێ ل دەڤ مللەتێ کورد هەنە**

# خوێی سرووشتی (زێڕی سپی) لە کوردستان



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

## خوێ و جۆرەکانی:

خوێ، یان کلۆریدی سۆدیۆم کانەکەی هالیتە، بریتییە لە بەردەخوێی خۆراك پێکهاتەکەی (NACL)ـە، لە شێوەی پارستە، یان دەنکۆڵە، یان بەشێوەی کریستالی شەش پاڵوو بوونی هەیە. خوێ بێ رەنگە، یان لە شێوەی رەنگی سپی، یان زەرد، یان سووری کاڵ بەپێی ئەو گەردانەی تێیدایە دەردەکەوێت. پلەی پتەویی خوێ ٢,٥ و کێشی کوالیتی ٢,٤-ە و بریقەی وەك شووشەیە و زۆر بە ئاسانی لە ئاودا دەتوێتەوە، خوێ نزیکەی ٩٧,٥١٪ کلۆریدی سۆدیۆمی تێدایە ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە مەگنیسیۆم وکالسیۆم و پۆتاسیۆم فلۆرید و برۆم.

دوو جۆری سەرەکیی خوێ هەیە، بەردەخوێ کە لە چینەکانی توێکڵی زەویدا هەیە، خوێی ئاوی دەریاکان، بەردەخوێ رێژەیەکی زۆر کەمی مەگنیسیۆمی تێدایە، پاکیی بەردەخوێ نزیکەی ٩٩,٨ ٪-ە و لە خوێی سۆدیۆم پێکدرێت، بەڵام خوێی دەریا رێژەیەکی بەرزی مەگنیسیۆمی تێدایە کە لە کاتی تامکردندا تاڵە، بۆیە بەردەخوێ گرنگترو باشتر و گرانترە لە خوێی دەریا لە رووی ئابووری و خۆراك و پزیشکییەوە.

## گرنگیی خوێ:

خوێ بۆ خۆراکی بوونەوەری زیندوو زۆر پێویستە لەوانەش مرۆڤ، هەروەها بابەتی سەرەتاییە لە زۆربەی پیشەسازییە کیمیاوی و خۆراکی و دەرمانییەکان، خوێ لە زۆربەی پیشەسازییەکاندا بوونی هەیە، گرنگترینیان پیشەسازیی کاربۆناتی سۆدیۆم، سۆدا، کلۆر و کەرەستەی بۆیاخ و پیستەخۆشکردن و هەڵکۆڵین بۆ پیترۆڵ و پترۆکیمیاویات و ئەلەمنیۆم و پیشەسازیی رۆن و سابوون و شووشەو کریستال و پاراستنی گۆشت و ماسی و تاد.

## پێویستیی مرۆڤ بە خوێ:

تێکڕایی ساڵانەی بەکاربردنی خوێ لەلایەن تاکەوە نزیکەی ٣ کیلۆگرامە، بۆیە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە ٥ ملیۆن کەسە ساڵانە پێویستییان بە ١٥هەزار تەن خوێیە، جگە لەو بوارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن، بەڵام توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی خوێ لە کوردستان لە ١١٠٠ تەن تێپەڕناکات.

## هەلومەرجە جیۆلۆجییەکانی پەیدابوونی خوێ:

خوێی کانزایی بە زەبری کردارەکانی نیشتەیی بوون و بەبلووربوون و بەپێی پلەی توانەوەی رێژەیی دروست دەبێت دوای ئەوەی توانەوەکەی دەگاتە پلەی تێربوون بە هەڵم، دوو سەرچاوەی خوێ هەن( نیشتەبوون بە رێگا ئاسییەکانی بەبەردبوون، توانـاوەی خوێـاو کە بریتییە لە شیبوونەوەی ئاوی دەریا و دەریاچەکان و ئاوی ژێرزەوی و کانیاوەکان) وەك خوێدانی خولیین لە ناحیەی سەنگاوو یەکێکی دیکە لە گوندی پیران) هەروەها بیری سرووشتی و دەستکرد، گرنگترین سەرچاوەکانیش کە زۆر باون ئاوی دەریاو ئۆقیانووسەکانە، خوێی سرووشتی هاوشانی گەچ و ئەنهدریت و کلۆریدات دەردەکەوێت.

زۆربەی کانەکانی دەرهێنانی خوێ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەستن بە مێژووی پەیدابوون وپەرەسەندن و لەناوچوونی( دەریای تەیسیس)کە مێژووی سەرهەڵدانی بۆ نزیکەی ٢١٠ ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەستووریی نیشتەنیی دەریایی کە

شوێنەوارەکەی لە دەریای تەیسیس دەردەکەوێت ٤-٦ کیلۆمەترە و لەنێوان ئەو چینە بەردە نیشتەنییانەش دووبارەبوونەوەی چینە بەردەکانی خوێیە، کە هەندێکیان بە زیاتر لە ٣٠٠٠ مەتر دەکەونە ژێر رووی زەوییەوە، هەندێکی دیکەیان کە تازەترن بۆ سەردەمی مایۆسییەکان دەگەڕێتەوە کە پێش نزیکەی ١٥ ملیۆن ساڵ نیشتوون، ئەو چینانەش سەرچاوە سەرەکییەکانی کانە خوێیەکان پێکدەهێنن لە سووریا (کانی دێرزور، ترکس، پێدەشتی کەربەلا). پێشتر خوێ لە زێڕ گرانتر بووە، خوێ بەر لە شۆڕشی پیشەسازی بە زێڕی سپی دەناسرا.

**● بەکارهێنانی کۆنی خوێ:**

١- بەر لە هەزاران ساڵ خوێ لەلایەن( گریك و رۆمانەکان و جوولەکەو لە سرووتی ئایینیدا بەکار هێنراوە، فەرعۆنییەکان لە میسر بۆ پاراستنی مۆمیاکانیان لەناو زیخە خوێیەکانی دەریا بەر لە ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین بەکاریان هێناوە.

٢- دروستکردنی دراو لە خوێ لە وڵاتی چین، هەروەها پەپکی خوێیان وەك دراو لەجیاتی پارەی ئێستای فەرمی بەکارهێناوە، مووچەو کرێیان بە پەپکی خوێ وەك دراوی کانزایی خەرج دەکرد.

٣- خوێ بە زێڕ دەگۆڕدرایەوە، خوێ لە رابردوودا لە زێڕ گرانتر بووە، نرخی یەك ئۆقیە خوێ لە نرخی ئۆقیەیەك زێڕ گرانتر بووە.

٤- سەپاندنی باجی خوێ لە زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێن لەوانەش باجی خوێ لە فەرەنسا، باجی خوێ یەکێك بووە لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا.

**● خوێ دوای شۆڕشی پیشەسازی**

شۆڕشی پیشەسازی بووە هۆی زیادکردنی داخوازی لەسەر خوێ، ئەمەش کاریگەریی هەبوو بۆ ئەوەی کە خوێ بە بڕێکی زۆر لە دەریاو ئۆقیانووسەکان دەربهێنرێت، بەمەش نرخی خوێ دابەزی و بوو بە خۆراك و دەرمان و کاری پیشەسازی، کە دواتر خوێ راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە پیشەسازیی جۆراوجۆر بەکارهات (١- لە پیشەسازیی سۆدا و سابون، پاڵاوتنی زەیت، رستن و چنین، ٢- پیشەسازیی کلۆر بۆ پاککردنەوەی ئاو و لە هەندێ بەرهەمە کیمیاوییەکان. ٣- پیشەسازیی کاغەز، شووشە، گۆزەکاریی. ٤- پیستەخۆشکردن، هەڵکەندنی بیر،پاراستنی گۆشت)

لەئێستادا خوێ لە ٦٢ دەوڵەتی جیهان دەردەهێنرێت،( ئەمریکا، کەنەدا، ئەڵمانیا، هیندستان، ئوستراليا، مەکسیك، فەرەنسا، بەرازیل،، هۆڵەندا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، چیلی، جەزائیر، ئێران، سووریا، تورکیا، میسر، کوێت، عێراق، مەغریب، تونس، ئوردن ..تاد)

لە ساڵی ٢٠٠٢ تێکڕایی ساڵانەی بەرهەمی خوێ لە جیهاندا بە نزیکەی ٢١٠ ملیۆن تەن خەمڵێنراوەو نرخی یەك تەنی خوێ بە نزیکەی ٧٥ دۆلار هەژمارکراوە.

خوێ لە دەریاو ئۆقیانووسەکان هەیە، هەر لیترێکی ئاوی دەریا نزیکەی ٣٥ گرام خوێی تێدایە، خوێ بە چڕیی لە دەریا داخراوەکاندا دەردەکەوێت وەك( دەریای ورمێ ١٧٠ گرام لەهەر لیترێك ئاودا و لە دەریای مردوو ٣٧٠ گرام لە هەر لیترێکدا، هەروەها رووی خوێوای لە بۆلیفیا بە گەورەترینی جیهانی دادەنرێت، رووبەڕەکەی ٤٠٠٠ کیلۆمەتر دووجایە، کە وەك ئاوێنە دەردەکەوێت و نیوەی یەدەگی جیهانی لە ماددەی لیسیۆمی تێدایە).

ئەو خوێیەی کە لە دەریاکاندا هەیە هەموو کیشوەرەکانی جیهان دادەپۆشێت و ئەستووریی خوێی دەریا بە نزیکەی ٥٠٠ پێ(نزیکەی ١٤٣ مەتر) مەزەندە دەکرێت لە ئەستووریی خوێ لەسەر وشکایی، جێی باسە شوێنەواری چەندین دەریاچەی کۆنی خوێ دیارە کە وشك بوونە و چینە خوێیەکانیان بەسەرەوە دیارە، هەروەها شوێنەواری هەندێ حەوزی ئاوی سوێر لە پاشماوەکانی دەریای تەیسیس کە لە سەردەمی مایۆسییەکان نیشتووە، (کانەکانی خوێ لە چینەکانی سەردەمی مایۆسییەکان، کانی خوێ لە تەرکەس لە سووریا)، نیشتەنییە تازەکان (کانەخوێی فاو و سەماوە کە رووبەرەکەی ٢٠ کیلۆمەتر دووجایە، ١٠چین خوێ لەخۆدەگرێت و ئەستوورییەکەی ٥-٧ مەترە)، کانە خوێیەکانی دەشتاییەکانی نێوان کەربەلاو نەجەف کە کۆگایەکی ئاوی سوێری ژێرزەویی لەخۆدەگرێت، قووڵایی بیرەکانی ئاوی سوێر بە زیاتر لە ٢٠٠ مەتر مەزەندە دەکرێت.

**● ناوچەکانی خوێ لە هەرێمی کوردستان**

گەلی کوردستان هەر لە دێرزەمانەوە سوودی لە سامانە سرووشتییەکانی سەررووی زەوی یان نزیکی ئەو وەرگرتووە، هەندێ شوێنی بەرهەمهێنانی خوێی سرووشتی لە هەرێمی کوردستاندا هەن( بە درێژایی پشتێنەی ناوچەی نێوان نێروە لە قەزای ئامێدی لە رۆژئاواوە (خوێی کاری) تا دەگاتە ناوچەی بارزان (خوێی پیران)، کانەخوێی خوێلین لە شارەدێی

**دوو جۆری سەرەکیی خوێ هەیە، بەردەخوێ کە لە چینەکانی توێکڵی زەویدا هەیە، خوێی ئاوی دەریاکان، بەردەخوێ رێژەیەکی زۆر کەمی مەگنیسیۆمی تێدایە و لە خوێی سۆدیۆم پێکدێت، بەڵام خوێی دەریا رێژەیەکی بەرزی مەگنیسیۆمی تێدایە کە لە کاتی تامکردندا تاڵە**

**خوێ بۆ خۆراکی بوونەوەری زیندوو زۆر پێویستە لەوانەش مرۆڤ، هەروەها بابەتی سەرەتاییە لە زۆربەی پیشەسازییە کیمیاوی و خۆراکی و دەرمانییەکان، خوێ لە زۆربەی پیشەسازییەکاندا بوونی هەیە**

**هەندێ شوێنی بەرهەمهێنانی خوێی سرووشتی لە هەرێمی کوردستاندا هەن (بە درێژایی پشتێنەی ناوچەی نێوان نێروە لە قەزای ئامێدی لە رۆژئاواوە (خوێی کاری) تا دەگاتە ناوچەی بارزان (خوێی پیران)**

سەنگاو و کانە خوێیەکانی قەزای خورماتوو و لە ناوچەی گەرمیان و زۆر سەرچاوەی دیکەی خوێ.

● **بەرهەمهێنانی خوێی سرووشتی لە کوردستان**

خوێی سرووشتی لە هەندێ شوێنی کوردستان دەردەهێنرێت، ئەمەش نموونەی هەندێ لەو شوێنانەیە:

١- خوێی سرووشتی لە خوێگەی خوێلین لە گوندی (خوێلە)ی بناری چیای (ئاش داغ)ی باشووری شارەدێی سەنگاو، ئەم خوێیە لەلایەن کۆمپانیای بەڵێندەرایەتیی کەرتی تایبەت بە کرێی ساڵانە لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت و ساڵانە بە بەهای ٢٠ ملیۆن دینار، ئەم خوێیە لە رێی راکێشانی خوێاوەکە بەرهەم دێت لە بیرێکەوە کە قووڵاییەکەی ٥ مەترە، چڕیی سوێرییەکەی ٢٢٠ گرام دەبێت لەهەر لیترێکدا، ئەو خوێیە دەگوازرێتەوە بۆ ٨٥ حەوزی قوڕین، رووبەری هەر حەوزێکیش ٦ مەتر دووجایە.

٢- ئاوی حەوزەکان بە هۆی گەرمیی خۆرەوە دەبێتە هەڵم و خوێیەکەش لە بنەوەی حەوزەکاندا دەمێنێتەوە، توانای بەرهەمی ساڵانە نزیکەی ١٠٠٠ تەنە، بەرهەمهێنانیش بۆ ماوەی ٦ مانگە کە لە مانگی ئایارەوە دەست پێدەکات تاکو تشرینی یەکەم بەردەوام دەبێت، گەرمیی خۆریش تاکە سەرچاوەی بەهەڵمبوونی ئاوەکەیە لەناو حەوزەکانی خوێدا.

نرخی فرۆشتنی هەر تەنێکی خوێ لە نێوان ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ هەزار دینارە، بۆیە داهاتی ساڵانەی بەرهەمهێنانی ١٠٠٠ تەن و فرۆشتنی بەو نرخەی سەرەوە دەگاتە ٢٠٠-٢٥٠ ملیۆن دینار.

دەتوانرێت پرۆژەی خوێگەی خوێلین پەرەی پێبدرێت ئەویش بە لێدانی ١٥ بیری دیکە، هەروەها بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، ئەو کاتە لە جیاتی ٦ مانگ بەدرێژایی ساڵێك بەرهەمی

**ئاوی حەوزەکان بە هۆی گەرمیی خۆرەوە دەبێتە هەڵم و خوێیەکەش لە بنەوەی حەوزەکاندا دەمێنێتەوە، توانای بەرهەمی ساڵانە نزیکەی ١٠٠٠ تەنە، بەرهەمهێنانیش لە مانگی ئایارەوە دەست پێدەکات تاکو تشرینی یەکەم بەردەوام دەبێت**



دەبێت، واتا دەکرێ زیاتر لە ١٥ هەزار تەنی خوێی پاکی سرووشتی بەرهەم بهێنرێت کە هەموو پێداویستیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دابین دەکات.

٢- خوێی سرووشتی لە گوندی پیرانی دەڤەری بارزان بەرهەم دەهێنرێت، ئەویش بە راکێشانی خوێاوەکە لە بیرێکەوە کە قووڵایی دەگاتە ٧ مەتر (رێژەی سوێریی٤٠٠ گرامە لە هەر لیترێکدا) خوێاوەکە دەکوڵێنرێت تا ئاوەکە دەبێتە هەڵم و خوێیەکەش لە بنەوەی دەفرەکاندا دەمێنێتەوە، هەروەها ٤٠ کیلۆگرام لە هەر ١٠٠ لیتر خوێاو بەرهەم دەهێنرێت، کەواتە نزیکەی ٢٠٠ کیلۆگرام لە کوڵاندنی نزیکەی ٥٠٠ لیتری خوێاو دەست دەکەوێت.

تێکڕایی بەرهەمی خوێی سرووشتی بەو رێگایەی ئێستا رۆژانە بە نزیکەی ٢٠٠ کیلۆگرام مەزەندە دەکرێت، ئەو خوێیەی کە لە بەکارهێنانی ٥٠٠ لیتر خوێاو بەرهەم دێت، واتا تێکڕای بەرهەمی مانگانەی خوێ نزیکەی ٧,٢ تەنە و ساڵانەش دەگاتە ٨٦,٤ تەن.

٣- کانە خوێیەکان لە خورماتوو و ناوچەی گەرمیان کە بڕێکی زۆری خوێ بەرهەم دەهێنن و لەو بوارانەی سەرەوەدا بەکار دەهێنرێن.

**● چارەسەرو پێشنیار**

١- داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پیشەسازییە ناوخۆییەکان دەکەین کە بایەخ بە پڕۆژەکانی دەرهێنانی خوێی سرووشتی بدەن، نەخاسمە لە پەرەپێدانی پڕۆژەی خوێگەی خوێلین لە شارەدێی سەنگاو و بیکەنە سەرچاوەیەکی سەرەکیی کە بەشی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمەش بە بەکارهێنانی رێگای تازەی تەکنەلۆژی لە پیشەسازیی خوێی سرووشتی ئەنجام دەدرێت، بەم شێوەیەش بەرهەم بە بڕێکی بەسوودی ئابووری و بە رێگایەکی ئاسان و خێراو کەم ئەرك دێتەدی، ئەمە وێڕای ئەوەی باشترین خزمەتیشە کە حکومەتی هەرێم پێشکەشی هاووڵاتیانی خۆی دەکات.

٢- گرنگیدان بە پەرەپێدان و چاککردنی دەرهێنانی خوێی سرووشتی بریتییە لە هەنگاوێکی گرنگی کارکردن بۆ پەرەپێدانی رۆڵی خوێ لە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکاندا، هەروەها بەهێزکردنی بنەماکانی بنیاتنانی دەوڵەت، سەرباری هەمەجۆرکردنی لقەکانی ئابووری و کارکردن، لەکاتێکدا کە حکومەتی هەرێم رووبەڕووی قەیرانی دارایی بۆتەوە.

---

*** راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**

**دەتوانرێت پڕۆژەی خوێگەی خوێلین پەرەی پێبدرێت ئەویش بە لێدانی ١٥ بیری دیکە، ئەو کاتە لە جیاتی شەش مانگ بە درێژایی ساڵێک بەرهەمی دەبێت، واتا هەموو پێداویستیی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دابین دەکات**

